# زەرتەشت



عەبدوڵا قەرەداغی (مەلا عەلی)

APEC

## سوپاس و پێزانین!

زۆر سوپاسی بەڕێزان دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، دکتۆر حسەینی خەلیقی، کاک ڕەفیق سابیر و ئارام عەلی دەکەم بۆ یارمەتیان لە ڕێگەی تێبینی زمان، پیشاندنی سەرچاوە و پاکژکردنەوەی کتێبەکەوە.

وێنەی بەرگەکە لە سیەکانی ئەم سەدەیەدا زەرتەشتییەکانی هیندستان پێشکەشی یەکێک لە نەوەکانی (میر بەدرخان)یان کردووە و ئێمەش بە سوپاس و پێزانینەوە لە ئەرشیفی بەڕێز(لوتفی باکسی)ەوە وەرمان گرتووە.

# زەرتەشت

نوسین و ئامادەکردنی
عەبدوڵا قەرەداغی (مەلا عەلی)

سوید - ١٩٩٧

APEC

Wesan no: 108

# Zerdeşt

Çapi yekem: Stockholm 1997

Nusin u amadekirdini: Abdullah Qeredaxi

APEC-Förlag

Navnişana xwestinê
Box: 3318, S-163 03 Spånga/Sweden
Tel:+46 8 761 81 18 * Fax:+46 8 761 24 90

ISBN: 91-89014-08-1

---

**زەرتەشت**

نوسین و ئامادەکردن : عەبدوڵا قەرەداغی (مەلا عەلی)
تایپ و مونتاژ: **مـــژدە**
تیراژ: ٥٠٠
چاپی یەکەم ١٩٩٧- ستۆکهۆڵم .

**APEC**

## چەند دێڕێک ....

نووسینی : پرۆفیسۆر دوکتۆر عیزەدین مستەفا رەسووڵ

دەبێژن ئەو پزیشکانەی خەریکی نەشتەرگەرین دەستیان ناچێتە کەس و کاری نزیکی خۆیان، لەبەر ئەوە عەمەلیاتی ئەوان بەکەسێکیتر دەسپێرن.

کاتێک کاکە مەلا عەلی ئەم کتێبەی خۆی لە بارەی زەردەشتەوە # دامێ ئەو ڕاستیەم هاتەوەبیر با بەراوردی ئەم دوو حاڵەش زۆر لە یەکتر نزیک نەبن.

لە ڕاستیدا ئەوەتی کاک مەلا عەلی لە ژیانی دەیان ساڵی شەڕی پێشمەرگەیی ئازایانە و دڵسۆزانەی خۆی دوورکەوتۆتەوە و لە دوور وڵات دەژی، یەکێکە لەو کەسانەی خۆشبەختانە کاتی خۆی بە فیڕۆ نەداوە و ئەو هەستە دەروونی و ئارەزووەی لە کۆندا بەرەو مێژوو دەیجوڵاند لە لای ئەو بوو بە بەشی سەرەکیی پەرۆشی. بە خوێندنەوەی سەرچاوەی نوێ، بەلەبیرنەچوونەوە (نەڵێم لەبەرکردن)ی زۆر ڕووداو ژمارەی مێژوویی، ئینجا بە دەربڕینی ئەو گردەوەبووەی خوێندنەوە و لە بیرنەچوونەوە لە ڕێی نووسینەوە.

کتێبێکی بەنرخ لە بارەی ڕاگوێزانی کوردەوە. ئینجا جۆرە هەست و سۆزێک بەرامبەر بە لایەنی ئەفسانەیی و ڕاستەقینەی شەخسیەتی زەردەشت و ئاین و بیروڕا و کتێبی پیرۆزی ئەو، پاڵی پێوە ناوە کە گەلێک سەرچاوە، بەتایبەتی بە فارسی کە لە وڵاتی ئێمەدا، تەنانەت لای شارەزایانیش نەناسراون و نەبینراون بخوێنێتەوە و بە کوردی کتێبێکی نوێ و فراوانی لێ دروست بکات.

ڕاستە نوسەرێک دەڵێت : ئەگەر لە سیانزە کتێب تۆ کتێبی چواردەهەم دروست بکەیت هیچت نەکردووە. کاک مەلا عەلی هەر ئەو ڕێگەیەی گرتووەو زۆر کەم ڕای خۆی دەربڕیووە. بەڵام ئەو ڕاستیەی بەسەردا نایەتە دی، چونکە ئەم بەکوردی نووسیویەتی و سەرچاوەکانی

---

# ڕەنگە هەر بە عەرەبی خوێندنەن و خویندنەوە ناوی (زەرتوشت)ی لای ئێمە کردبێت بەزەردەشت، یاگونجان بێت لەگەڵ ناوی شاری (سەردەشت)دا. لەبەرئەوە هەرئەو ناوە بەکاردێنم.

کوردی نین و زۆربەی زانیاریەکانی بۆ خوێنەری کورد تازەن، تەنانەت بۆ ئەو کەسانەش کە بەم باسەوە خەریکبوون.

ئەمەش وەک زۆر لایەنیتر لە زانست و مێژوو و زمانی کوردیدا هەر دەبێتەبنەماو سەرچاوەیەکی گرنگ و هێشتا زۆر بابەت و لێکۆڵینەوە لە بارەی زەردەشت و ئاین و کتێبەکەیەوە ماوە کە لێرەدا دەستی بۆ نەبراوە. بۆ نمونە : کاک مەلا عەلی بە پێی ئایدیولۆژیەتی خۆی لە جێگەی ئاینی زەردەشت نەکۆڵیوەتەوە، کەلام وایە ئاینی گواستنەوەیە لە شوانکارێتی و مەڕ و ماڵات بەخێوکردنەوە بەرەو کشتوکاڵ، یا بڵێین ئاینی لە ژیانی کۆچەرییەوە بەرەو نیشتەجێ بوون و دێهات و شارۆچکە بنیادنان چوونە.

ڕەنگە لە زۆر ڕووەوە بەراوردی شەخسیەتی زەردەشت لەگەڵ ئیبراهیمی خەلیل (د.خ.) بکرێت :

(مەسەلەی ئاگر و سوتاندن و مەنجەنیق، شکاندنی بتان، ڕووکردنە ئەستێرە و ڕۆژ بۆ پەرستنیان و پاشان ڕووکردنە خودایەکی تاک و تەنیا #).

ئاینی پیرۆزی ئیسلام دانی بە ئیبراهیمدا هێناوە و خۆی بە بەردەوامی(دینی حەنیف)ی ئەو پێغەمبەرە دەزانێت. لە قورئانی پیرۆزدا باسی (صحف ابراهیم و موسیٰ) واتە کتێبەکەی ئیبراهیم و مووسا کراوە، ئەوە کتێبی مووسا تەوراتە، ئەی دەبێت کتێبی ئیبراهیم چی بێت. ئایا جێگەی زەردەشت لەناو ئەو ١٥٤ هەزار پێغەمبەرەدا نابێتەوە کە زۆر لە موسڵمانان باوەڕیان بە بونیان هەیە و تەنیا ناوی ٢٥ لەو پێغەمبەرانە لە قورئانی پیرۆزدا نی یە ##.

هەروەها بەراوردی زمانی ئاڤێستا لەگەڵ زمانی کوردیی ئێستادا زۆر کەمی لەسەر نوسراوە. ئەو چەند ناوو تێکستەی کاک مەلا عەلی لە ئاڤێستاوە وەریگرتوون کەرەسەیەکی باش

---

# من لام وایە ئاینی زەردەشت و یەزیدیش هەر بەرەو وەحدانیەت و باوەڕ بە خوای تاک و تەنیا دەچن، چونکە پلەی ئاهورامەزدا و ئەهریمەن زۆر جیاوازن لای هەردوو ئاین.

## بۆ ڕاستی ووتن ، بۆ لەقسەلۆکی کورد ووتەنی (ووشکە سۆفی) نی یە ئەم قسانە بدەمە پاڵ باوکم لە باسێکدا لە بارەی ئیبراهیمی خەلیلەوە کە بە داخەوە لە شتە وونبوەکانێتی.

و نوێی بەراوردن. خۆزگە زمانەوانێک ئەو ئەرکەی بە باشی و کۆنکرێتی دەگرتە ئەستۆ # .

ژیانی زەردەشت زۆر شتی لە بارەوە ووتراوە. هەرچی بۆ پێغەمبەران ووتراوە لە ژیانی ئەویشدا ووتراوە وەک : هەتیوی یا بە بێکەسی یا دوور لە باوک و دایکەوە بەخێوکردن. دوورکەوتنەوە لە زێد و مەڵبەندی ژیان و لەدایکبوونی خۆی (هیجرەت) ، شوانێتی و تەنیایی لە باوەشی سروشتدا. نیشانەی پێغەمبەری بە شان یا گەردنی یەوە ##.

بێگومان ئەمانە هەموو چەند باسێکن بۆ پرۆژەی لەسەرنووسین و هیچ مەرج نی یە کە ئەمە ئەرکی کاک مەلا عەلی بێت. چونکە ئەو ئەرکی خۆی لە هەل و مەرجی خۆیدا بینیوە و ئەوەی زیاتر بە لای ئەوەوە مەبەس بووە لەم کتێبە بەنرخەدا پێشکەش بە خوێنەری کوردی کردووە. هەر ئێمە نین و هەر باسی ئەم زەردەشتەی ئێمە نی یەکە هێشتا هەر زۆریان لەسەر دەنووسرێت و شتی نوێ و بۆچوونی نوێ، بەپێی کات و شوێن و بیری نوێ هەیە کە لە بارەی پێغەمبەران و فەیلەسووفانەوە بووترێت .

پیرۆزبایی لە کاکە مەلا عەلی دەکەم و هیوام وایە بەرهەمەکە زوو چاپ بکرێت و تا دەگەڕێتەوە کوردستان کاتی خۆی بەم کارە بەنرخانەوە بباتە سەر.

هیواشم وایە_ منیش ئەرکی خۆم بەجێ هێنابێت، بەسەلامەتی لەژێر دەستم دەرچووبێت و لەهیچ لایەکەوە زیادەڕەویم نەکردبێت. پیرۆزبایی کوردی یە پتەوە ساکارەکەشی دەکەم.

بۆن ... ٧-١١-١٩٩٥

---

# محەمەد ئەمین زەکی و پاشان تۆفیق وەهبی کەمێک بەراوردیان کردووە و محەمەد ئەمین هەورامانیش وەرگێڕانی کتێبی زمانی ئاڤێستا - نوسینی سۆکۆلۆڤ دا (بەغدا ، ١٩٨٨) گەلێک بەراوردی بەنرخی کردووە بە پەراوێز.

# #لام وایە دەبێ ڕێز لە باوەڕی خەڵک بگیرێت و ڕێگە بە ڕووشانی هەستی کەس نەدرێت ، بەڵام خۆزگە سەربەستی ڕا بە موناقەشەی هێمنی هەموو ئاین و مەزهەبێک لەو سنوورەدا دەدرا یا وەک خانی فەرموویەتی : (بەحسێ ب جەد ل بکەن ل دینی)

## پێرست


### بەشی یەکەم

جێگای سەرەتای ئاریەکان و کۆچکردنیان

مێژوی کۆچکردن و ڕێگای جموجۆڵی ئاریەکان

ئاری بە واتای چییە.

ئاین و پەرستنی ئاری لەپێش دەرکەوتنی زەرتەشتدا

زمانی میللەتانی ئاری لە سەرەتای کۆچکردنیاندا

**ئەنجام**

**سەرچاوەکان**

### بەشی دووەم

میللەت و هۆزە سەرەتاییەکانی کوردستان

لولوی (یا لولو)

گوتی

کاسی (یا کاشی)

میتانی

سوبارتو

هوری

میدیا = ماد

سکایی ( یا ئاسکیتی)

**ئەنجام**

**سەرچاوەکان**

### بەشی سێیەم

جێگای لەدایکبونی زەرتەشت پێغەمبەر

**ئەنجام**

**سەرچاوەکان**
میژوی لەدایکبونی زەرتەشت
**ئەنجام**
**سەرچاوەکان**
ناوی زەرتەشت و ناوەکانی تری
**ئەنجام**
**سەرچاوەکان**
ئاین
بنەماڵەی زەرتەشت
منداڵی زەرتەشت
بونی زەرتەشت بە پێغەمبەر و کۆچکردنی
**ئەنجام**
**سەرچاوەکان**
**بەشی چوارەم**
نمونەیەک لە نوسینی (دێن دەبیری) ناوەرۆکی ئاڤێستا
ئاڤێستا
نوسینی ئارامی
نمونەی نوسینی پارتی لە نوسینەکانی ساسانیدا.
ئەلفوبێی ئاڤێستایی دەنگدار،
لاپەڕەی زێڕین بە نوسینی پارتی کۆن لەلایەن ئاریەکانەوە داڕێژراوە ـ مێخی
گاتاکان
بەشەکانی ئاڤێستا. پێنج بەشە یا پێنج پەڕتوکە
وردە ئاڤێستا
ناسینی ئاهورامەزدا
ئەردویسو ئاناهیت

بەهرام
چلۆنایەتی پەیوەندی ئاهورامەزدا لەگەڵ سپەندمینو و ئینجا سپەندان و ئیزەدان
ئەمشاسیندان
**سەرچاوەکان**
خواوەند ئاهورامەزدا ١٠١ ناوی هەیە
فروهەر
بەهەشت و دۆزەخ لە ئاینی زەرتەشتدا
سەردان و دیدەنی زەرتەشت بۆ بارەگای ئاهورامەزدا
چوار شتە پیرۆزەکەی زەرتەشتیەکان
ساڵ و مانگ و ڕۆژژمێری زەرتەشتیەکان
جەژن
کراس و پشتوێن نیشانەی ڕووی زەرتەشتیەکانە
نوێژکردن و مەرجەکانی نوێژکردن
زەرتەشت پرسیار لە ئاهورامەزدا دەکات
ئاهەنگکردن منداڵی تازەلەدایکبو و ناونانی
سپنتامینو ـ ئەنگرەمینو
پزیشکیی لە ئاینی زەرتەشتدا
ژنهێنان
سەگ لە ئاینی زەرتەشتدا
**ئەنجام**
**سەرچاوەکان**
**ئەو سەرچاوانەی بۆ نوسینی ئەم کتێبە بەکار هاتوون**

## جێگای سەرەتای ئارییەکان و کۆچکردنیان

هەرچەندە جیاوازیی ئاشکرا لە لێکۆڵینەوە و بیروڕای زانایاندا بەرچاودەکەوێت. بەڵام ئەوەی کە گرنگە هەموویان لە خاڵێکی سەرەکیدا یەکتردەگرنەوە.

ئێرانیەکان (١)کۆمەڵێکن لە بەشێکی ڕۆژهەڵات، نەژادیان هیندوئەوروپییە. ئەم نەژادەش ئەمڕۆ لە ئیسپانیا و پرتوگال، لە ئەوروپا، هەتا ئێران، ئەفغانستان، پاکستان و هیندستان لە ئاسیادا بڵاوبونەتەوە. کۆمەڵانی ڕۆژئاوا لە میللەتانی ئەوروپا دروستبون.

هەموو خەڵکانی ئەوروپا هیندوئەوروپی نین، لەوانە فینلەندە و مەجەڕ

دەستەی ڕۆژهەڵاتی کۆمەڵانی هیندوئەوروپایی بریتین لە هیندیەکان و ئێرانیەکان، بەمانە ئەڵێن هیندوئێرانی .

هەندێک لە زانایان باوەڕیان وایە هیندوئەوروپی لە بەشێکی دورگەی سکەندیناڤیاوە هاتوون. ئەویش لە ئەنجامی پەیدابونی سەرمایەکی زۆردا بەرەو ناوچە گەرمەکان کۆچیان کردووە و لە ئەوروپای ناوەند بڵاوبونەتەوە و پاشان بۆ جێگایانی تر کۆچیان کردووە.

هەندێکی کە لە زانایان مەڵبەندی سەرەتای هیندوئەوروپایی بە باکوری ئەڵمانیا و باشوری دانیمارک ، لە دەشتە فراوانەکانی بەشی ئەوروپا دەزانن. هەندێکی کە لە زانایان بە پێچەوانەی ئەوە، باوەڕیان وایە هیندوئەوروپاییەکان لە ئاسیا دابوون ، لە ناوچەی دەوروبەری تاجیکستانی ئێستا و خوارووی پامیر بە جێگای ئەوان دەزانن، باوەڕیان وایە لەوێوە کۆچیان کردووە و بەشێکیان بەرەو ئەوروپا و بەشێکیان بەرەو هیند ، ئێران، ئەفغانستان و ئاسیای بچوک ڕۆیشتون. لە ئەنجامی سەرماوسۆڵە و تەنگەبەری لەوەڕگا ، تیرەی هیندوئێرانی بەرەو جێگای گەرمتر کۆچیان کردووە، بەشێکیان لە خاکی ئێراندا ماونەتەوە و بەشەکەی کەیان بەرەو ناوچەی گەرمتر بۆ هیندستان و پاکستان ڕۆیشتون.

هەندێکی کە لە زانایان لەو باوەڕەدان ئاریەکان لە ڕۆژگاری کۆندا لە دەشتەکانی پامیر و جێگای تر ژیاون لە شەش هەزار ساڵ تا پێنج هەزار ساڵی پ. ز. لە جێگاکانی خۆیاندا هەڵکەنراون و بەرەو ئێران و هیندستان هاتوون لەگەڵ کۆنە دانیشتوانی ئەو جێگایانەی بۆی

هاتون ماونەتەوە. بێگومان لە ڕۆژانی ڕابوردودا ئاریەکان هەموو لە یەک خاکدا ژیاون، لە پێناوی دۆزینەوەی جێگای گەرمتر و لەوەڕگای باشتردا کۆچیان کردووە.

بنەڕەتی ئاری لە ئاڤێستادا بە ئیریە هاتووە، بە واتە پاک، پاکزاد، پاکنەژاد، لێهاتوو و نەجیب.

بنچینەی میللەتەکانی ئاری (٢)، ئەوانەی لە مێژوویەکی زۆر کۆنەوە کۆچیان کردووە هیندوئەوروپایی بوون، پێیان دەڵێن ئیندوجێرمان یان هیندوئەوروپایی، ئەوانەی بەرەو هیند و ئێران کۆچیان کردووە لە هیند لە ریک ویدا و لە ئێران لە ئاڤێستادا هاتووە.

لە ئاڤێستادا ئێریە و ئێرین بە واتا سەر بە ئاریا، لە نووسینی هەخامەنشییەکاندا ئێریا بە واتا ئێرانی.

ئاڤێستا خاکی بنەڕەتی ئاریا بە ئاریا و ئیجا، یان ئاران وژ ناوبردووە. زۆر لە مێژووناسەکان و زانایان نیشتمانی بنەڕەتی ئاریەکان لە باکوری ئەوروپاوە هەتا باشوری ڕوسیا دا دەنێن. بۆ نمونە :

پشکێنەر و بیرکەرەوەی ئەڵمانی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا، ماکس میولەر نیشتمانی ئاریەکان بە ئاسیای ناوەڕاست دادەنێت.

زانای ئینگلیزی ئیسحاق تیلۆر، کە هاوچەرخی میولەرە، جێگای نەژادی ئەوروپایی بە فینلەندە دەزانێت.

داربوا دو ژوبن ویلی فەرەنسایی و هەندێک لە زانایانی تر کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا ژیاون، جێگای ئەم میللەتانە لە دەوروبەری سەیحون و جەیحون، کە دوو ڕووبارن لە دەریاچەی ئۆراڵ بەیەک دەگەن لە ڕوسیای ڕۆژهەڵات ، ئێستا بە سیبریا و ئامودەریا ناودەبرێن.

فەیلەسوف و پشکێنەری بەناوبانگی ئینگلیزی، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا، هاکسلەر و هەروەها پشکێنەری هۆڵەندی، ویدین گرین، پانتایی نێوان ئۆراڵ و دەریاچەی باکور بە جێگای بنەڕەتی میللەتەکانی ئاری دادەنێن.

زانایانی ئەڵمانی: ئاتو شرود، هاین گلدرن ، بتماری پشکێنەر و پرۆفیسۆر هیرت ، هەروەها پشکێنەری بەناوبانگی ئینگلیزی کۆن ناسۆ و ڕۆژهەڵاتناسی بەناوبانگی ئینگلیزی

لۆمل، زانای بەناوبانگی ئینگلیزی پرۆفیسۆر مۆلتۆن، مێژوناسی ئینگلیزی ئالمستاد، ئاڤێستاناسی بەناوبانگی ئینگلیزی میلتەر، پرۆفیسۆری ئەڵمانی شدر، مێژووناسی بەناوبانگی ئینگلیز سێر پرسی سایکس، پرۆفیسۆری ئینگلیزی ئاسمیس، پشکێنەری بەناوبانگی ئەڵمانی پرۆفیسۆر وینکلەر... ئەمانە هەموو باشوری ڕوسیا بە نیشتمانی بنەڕەتی ئاری دادەنێن،

پشکێنەر و مێژووناسی ناسراوی ئەڵمانی ئەدوارد مایر و زانای هیندی کۆمار باکوری دەریای ڕەش و ناوچەی خوارووی ڤۆڵگا بە نیشتمانی بنەڕەتی ئاری دادەنێن.

فەیلەسوفی ئەڵمانی ئالتهیم و زانای سویدی ێنبێرگ باوەڕیان وایە کە باکوری ئەفغانستان و دەوروبەری دەریاچەی ئۆراڵ نیشتمانی میللەتانی ئارین.

زانای ئەڵمانی تیمە باکوری ئەوروپا بە نیشتمانی ئاری دەزانێت.

زانای ئینگلیزی بویس ڤۆڵگای باشور بە نیشتمانی ئاریەکان دادەنێت.

پشکێنەرە سۆڤێتیەکان باکور و ڕۆژهەڵاتی دەریای خەزەر و دەوروبەری دەریاچەی ئۆراڵ بە نیشتمانی بنەڕەتی میلەتەکانی ئاری دادەنێن.

## مێژوی کۆچکردن و ڕێگای جموجۆڵی ئاریەکان

سەبارەت بەمەش کۆمەڵێک بیروڕای جیاواز هەیە، کە گرنگترینیان بەم شێوەیەیە:
ئەدوارد مایر لە باکوری دەریای ڕەشەوە بۆ باشوری ڕۆژهەڵاتی ڕوسیا دادەنێت، و دەڵێت کە ئەم میللەتانە لە توران یان تورکستانی ئەمڕۆ جێگیربوون و لە ڕوباری سەیحون و جەیحون پەڕیونەتەوە. بەشێکیان بەرەو باشور و بەشێکی کەیان بەرەو باشوری ڕۆژهەڵات وبەشەکەی تریان بەرەو ڕۆژئاوا ڕۆیشتون.
پرۆفیسۆر وینکلر باوەڕی وایە لە ناوچەی قەفقاسەوە بەرەو ئازەربایجان و ئاسیای بچوک و پاشان بەرەو باشور کۆچیان کردووە. هەروەها گیمیراش هەمان ڕای هەیە.
پرۆفیسۆر میلز، پرۆفیسۆر شدر و ئیسمیس بەرزاییەکانی خەیبەر لە ئەفغانستان بەرەو باشور و خۆرئاوا دادەنێن.
دمرگان باوەڕی وایە کۆچکردنی ئاریەکان ، ئەو بەشەی بەرەو باکتریا ڕۆیشتون دوو هەزار و پێنج سەد ساڵ پ. ز. بووە، مادەکانیش لە سنوری دوو هەزار ساڵ پ. ز. بەرەو باکوری خۆرئاوای ئێران کۆچیان کردووە. کاسیەکان لە ساڵی ١٩٠٠ پ. ز. دا بووە.
ئالمستاد و کۆمار وادەدەنێن کە لە باشوری ڕوسیاوە بەرەو ئاسیای بچوک و خۆرئاوای ئێران بووە.
بۆلس لە قۆڵگای باشوریەوە بەرەو کازاخستان و لە وێشەوە بەرەو باشور دادەنێت.
ویدن گرن کۆچی ئاریەکانی ڕۆژهەڵات لە ناوچەی خوارەزمەوە بەرەو باشور و باشوری ڕۆژهەڵات دادەنێت، کە ئاری هیندی لەم کۆمەڵەن. بەشێکی کەیان لە قەفقازەوە بەرەو باشور کۆچیان کردووە کە پارس و مادەکانن. ئالتهایمیش هەروا دەڵێت.
بەشی زۆر لە زانا ڕۆژهەڵاتناسەکان کۆچکردنی ئەم میللەتانە بەرەو باشور لە سنوری ساڵەکانی ٢٠٠٠ تا ١٥٠٠ ساڵ پ. ز. دادەنێن.
گیمیرا، گلارن، بیسمار، مۆرگان، هێرت، مۆلتۆن، وینکلر، ئالمستد، (گونترا یپسن)ی ئەڵمانی و پرۆفیسۆری سویدی زودربلوم مێژووی ئەم کۆچکردنانە بە ساڵی ٢٠٠٠ تا ١٨٠٠ ی

پ. ز. دادەنێن.

بویس سەرەتای کۆچکردنی ئاری بە سێ هەزار ساڵی پ. ز. دادەنێت.

پشکێنەری بەناوبانگی ئەڵمانی، پرۆفیسۆر هربرت کوهن باوەڕی وایە ڕیشەی خەڵکی هیندوئەوروپی لە کاتی میللەتەکانی سەردەمی پارینە سەنگیدا بوبێت. لەم ڕووەوە دەبێت ئەو کۆچکردنانە زۆر کۆنتربن لە ساڵەکانی دوو هەزاری پ. ز.

هەندێکی کە لە زانایان پێنج تا چوار هەزار ساڵی پ. ز. دائەنێن.

لە ساڵی ١٨٨٧ی ز. دا لە میسر (٣) لە ناوچەی ئالارمانە هەندێک سواڵەتی گڵی دۆزراوەتەوە، نامەی فیرعەونەکانی میسرە، وەک ئامنوفیسی سێیەم و ئامنوفیسی چوارەم (ئەخناتون ١٤٠٢-١٣٤٧ پ. ز.) بووە، بۆ پادشاکانی وڵاتی ڕێژهەڵات نوسراوە، لەوانە کۆمەڵێک نامەیە بۆ پادشاکانی میتانی لە ئاسیای بچوکدا. هەندێک لەو نامانە شێوەی ئاری بووە.

هەروەها لە ساڵی ١٩٠٦ی ز. لە ناوچەی بوغازکۆی لە تورکیا، کەلە کۆندا پایتەختی وڵاتی هیتی بووە بە ناوی تیریا، پرۆفیسۆر وینکلر هەندێک شتی لەوانە دۆزیوەتەوە پەیوەندی بە پادشاکانی هیتییەوە بووە. ئەوەش بڕیارنامەیەک بووە لە نێوان پادشای هیتی بە ناوی (شوپی لولی یوما)و پادشای میتانی بە ناوی (ماتی وارزا) کوڕی (تورشی راتا) کە بریتی بووە لە سوێندخواردن بە خودای هردوو لا کە ڕیشەی ئاری بووە، وەک ( وارونا میترا، ناساتیا و ئیندرا) کە گەورەترین خواکانی هەموو میللەتەکانی هیندوئەوروپی یا ئاری هەموی بووە.

ناوی خودای ئەو پادشایانە دیسان میترا، ئاشی، ئیل، ئارونا، ئیندرا، ناشا، ئایتا و ئانا بووە. ئەم پەیماننامەیە ساڵی ١٣٥٠ پ. ز. بووە.

لە ساڵی ١٩٢٥- ١٩٣١ لە یورکان تەپەی تورکیا هەندێک شتی تر بەدەستکەوت، لە شارێکی کۆنی میتانی بە ناوی نوزی ئەگەڕێتەوە بۆ سەدەی پانزەی پ. ز..

وینکلر باوەڕی وایە میلەتەکانی ئاری پێش ساڵی ١٥٠٠ پ. ز. هاتونەتە ئاسیای بچووکەوە، لە ئەرمەنستانی شورەوی تیرەکانی ئاری تا سەدەی چواردەی پ. ز. جیابوونەتەوە. ئەبێت لەو ناوچانەوە کۆچیان کردبێت بۆ خاکی میتانی، لە ناوچەی ئارارات ئەو میللەتانەی فەرمانڕەوا بوون، بەناوی ئورارتو لەو ئاریانەن. هەروەها ئەرمەنیش لەو وشەیەوە دروستبوە.

به گفتەی ئاریە کۆنەکانی کە لە ئێراندا (٤) بون بە هۆی سەرما و بەستەڵۆکەوە کۆچیانکردووە و هاتونەتە سەغدا و مەرۆ، کە بە زمانی یۆنانی سەغدیانا و مرژیانایە. یەکەم جاری هاتنیان بۆ بوخارا بووە. دووەم جار بۆ مەرۆی ئێستا بەهۆی کولە و دوژمنایەتی نێوان خۆیاندا وازیان لە سەغدا هێناوە و بەرەو باغدی ، کە پاشان ناوبراوە بە بەڵخ، هاتوون. لە بەڵخیشەوە بەرەو نیسایا، ئەو جێگەیە کە ئێستا بە نەیشاپۆر ناودەبرێت. لە قۆناغەکانی کەدا هەر لەو کۆچکردنانەدا بەرەو هرویۆ (یا هەرات) و ویکرتا (کابل) بووە، لەوێدا بوونەتە دوو بەش: ئارهویتی ( ئاراچوسیە) و هیچومنت ( هیلمند) و هەتا هیند و پەنجاب لە بەشی رۆژهەڵاتەوە، و ئوروا (توسی) و هرکانا ( گرگان) و راگا (رەی) و روناگیلان، میللەتی ماد لە باشوری رووسیاوە بە کۆچکردن هاتونەتە ئێران، لەبەر ئەوەی دەوڵەتی ئورارتۆ یان ئەرارات بەهێز بووە نەیانتوانیوە بەرەو لای ئەوان برۆن و لە بەشی رۆژئاوای ئێراندا جێگیربوون. پارسەکان، کە ئەمانیش ئاری بوون، لە بیابانەکانی بەشی باکوری خۆراسانەوە هاتونەتە رۆژهەڵاتی ئێران لە بەشی کرمانەوە پەریونەتەوە نزیک زەند رود. دیارە ئەو جێگە لەو کاتانەدا لە ژێر چاودێری مادەکاندا بووە. لە بەشی باشوری رۆژهەڵاتەوە بەرەو هیندوکش و بۆ پەنجاب رۆیشتون و ئەو جێگایانەیان خستۆتە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە.

هەنری فیلڵدی ئەمریکی دەڵێت (٥): مرۆڤ لە سەردەمی بالئولیتیک؛ واتە بەردی کۆن لە دۆڵەکانی باشوری ئێران بەرەو باکوری رۆژئاوا کۆچیان کردووە و لە تەنگەبەرەکانی سولەیمانی و رەواندز گەیشتونەتە سەر خاکی کوردستان. ئەو شتە دروستکراوانەی لە لایەن ئەو مرۆڤانەوە، کەناسراوبون بە موستری # لە ئەشکەوتەکانی نزیک سولەیمانی دۆزراونەتەوە، هەروەها دەغلوودان ، کە زانایان پێی دەڵێن ئامر و بە بنەرەتی گەنمی دادەنێن، ئەمەش لە دەوری کرند دۆزراوەتەوە.

زانای فەرەنسی د. کنتۆ دەڵێت: لە دەوری هەزارەی چوارەمی پ. ز. یەکەم شەپۆلی کۆچکردنێکی زۆر بۆ سەر خاکی رۆژئاوای ئێران هاتووە، زانایان ئەوانە ناودەبەن بە ئازیانیک

---

# موستری: چینێکە لە مرۆڤی دەوری بەردی کۆن، هەموو شتیان لە بەردی چەخماخ بووە، تەنها لایەکی بەردەکەیان تاشیوە

یا ئاسیایی، ئەمانەش پێشتر لە باشوری ڕووسیا یا سیبریا دا بوون. لە هەزارەی سێیەمی پ. ز. کـۆچکردنێکی کـە لە خـاکی سـەرووی ئاسـیـای نـاوەندیەوە هاتن، هیندوئەوروپایی ئەم شەپۆلەش هەر بەو شـەپۆلانەی مـیللەتەکـانی پێشـتـر دادەنرێن، کـە لە کـێـوەکـانی زاگـرۆس نیشتەجێبوون. ئەمانەی هاتوون لەگەڵ ئەوانەی پێشتردا بۆتە شەڕ و هەرایان و پاشان بونەتە یەک.

ڕای زانایان وایە کـە دوو کـۆچکردن لە یەک خـاڵی نـاوەندی ڕوویداوە. یەکـەمـیـان بەرەو ڕۆژئاوا چونەتە خـاکی ئەوروپاوە. ئەم شـەپۆلەش لە بەشی باشـوری بەڵکانی لەگـەڵ یۆنـاندا گرتەوە. هەندێک لە زانایان دەڵێن هاتنی مـیلەتانی هیندوئەوروپی لە ئاسـیـای بچـوکـەوە لە بەشی باکوری ڕۆژهەڵاتەوە هاتوون ؛ واتە لە دۆڵەکانی قەفقازەوە کە کورترین ڕێگایە لە نێوان ئاسیای بچوک و وڵاتی بنەڕەتی ئەواندا.

لە هەزارەی دووەمی پ. ز. مـادەکان و فارسەکان هاتونەتە ناو خاکی ئێرانەوە، ئەبێت پێش لەوان هیندوئەورووپی هاتبن. لە زمـانی کـاسـیـەکـانـدا شـێـوەی هیندوئەورووپی ئەبینرێت، بە تایبەتی لە ناوی خودا و پادشاکانیاندا ، هەروەها لە زمـانی خەڵکی میـتانیشدا شێوەی زمانی هیندوئەورووپی زۆرە.

دکتۆر محەمەد جواد مەشکور (٦) دەڵێت : لە هەزارەی دووەمی پ. ز. دا دوو دەسـتـە لە مـیلەتانی هیندوئەورووپی لە دەشـتـەکـانی خـواروی ڕووسـیـاوە هاتونەتە سـەر خـاکی ئێـران ، بەشێـک لەوانە لە دەریای ڕەشەوە بەرەو بەڵکان و بسـفـۆڕ لە ئاسـیـای بچـوک نیشـتـەجێـبون. بەشی ڕۆژهەڵات کـە بە هیندوئێـرانی ناوبراون، لە تـەنیـشـت ڕۆژهەڵاتی دەریای خـەزەرەوە جـوڵاون. بەشـێکیـان لە قـەفـقـازەوە پەڕیونەتەوە هەتا ڕوباری فـورات ڕۆیشـتـون لەگـەڵ هورییەکاندا تێکەڵبوون و فەرمانڕەوایی میتانیان دروستکردووە.

لە سەدەی ویدای ئاریدا ئێرانی و هیندی پێکەوە بوون و یان سەرەتای لەیەکجیابوونەوەیان بووە، ئەم سـەدەیە بە ناوی پەرتوکی ویدا ناودەبرێت، کـە کـۆنتـرین پەرتوکی ئارییـەکـانە و ناودەبرێت بە سەدەی ویدایی. ئەم پەرتوکە کراوە بە چوار بەشەوە:

١- ڕیگ ودا ؛ ٢- یە جور ودا؛
٣- سا ما ودا؛ ٤- ئاسروان ودا

ریگ ودا کۆنترین بەشی ودایە، ١٠١٧ پارچە هۆنراوە(١٠.٥٠٠)بەیتە، هەر بەیتێک لە هەشت تا دوانزە دێڕە.

لە ریگ ودا دا جێگای بنەڕەتی ئاری دەستنیشانکردووە، پێی وتراوە ئاریا ورتە، هەر وەک ئێران و ئیجە کە لە ئاڤێستادا وا هاتووە.

بە پێی سرودی ودا لە رووی جوگرافییەوە وا بەدەردەکەوێت ئاریەکان لە سەرەتاوە لەم جێگایانەدا ژیابن :

ڕوباری ( کوبها ) لە نزیک کابول بووە، لە لایەکی کەدا نێوی ( کراموا ) هاتووە. ڕەنگە هەر کەرەمڕودی ئەفغانستان بێت، ڕوباری گوماتی لەگەڵ ڕوباری گومڵ لە ئەفغانستانی خوارووددا بێت. ڕوباری سوتی و ڕوباری ڕاسا، ڕوباری تریشتانا و ڕوباری سپتە سند لە ئاڤێستادا بە هپتە هئندو؛ بە واتە حەوت ڕوبار یا حەوت ئاو، لەوانە دوو ئاوی وشکبووە و پەنجابی ئێستا لەوەوە ماوە. ناوی پێنج ڕوبار یان پەنجاب لە سرودەکانی ودا هاتووە.

خاکی بنەڕەتی ئاری لە ئاڤێستادا بە ئائریانا و ئجا (ئێران و یچ ) هاتووە.

زانایان پێشتر ئەم جێگایانەیان بە ڕۆژهەڵاتی ئێران یان خوارەزمی کۆن داناوە. لە ساڵی ١٤٠٠ پ. ز. بەرەو ڕۆژئاوای ئێران کۆچیانکردووە. بە پێی نوسینی ئاڤێستا چونەتە سەغد، مەرۆ، بەلخ، هەرات ، کابول و هتد... بەرەو خواروی خۆراسان و بەشی دەماوەند و ڕەی چوون و لەگەڵ ئەوانەی کە پێشتر لەو جێگایانەدا بوون بە شەڕ هاتوون و وردە وردە جێگیربوون.

لەو کۆچکردنانەدا بە شێکیان بەرەو ئاسیای ناوەندی و ڕۆخی باکوری دەریای خەزەر ڕۆیشتون.

ناوی ئێران (٧) لە ئاریا یان ئیریاوە هاتووە ، بە واتا باشیی ، بەوەفا.

لە خاکی ئێراندا ئەمانە بوون بە سێ بەشەوە. بەشێکیان بەرەو هیندستان ڕۆیشتون. بەشێکیان بۆ سەر خاکی ئێران، کە ناسراون بە ئێرانی. بەشەکەی تریان لە ئاسیای ناوەڕاست دانیشتون ، و پێیان وتون ئێرانی کۆن و ناویان بەسکای بە ناوبانگبووە. یۆنانیەکان پێیان وتون ئاسکیت.

بەشی ئێران بونەتە چەند بەشێک ، وەک تیرە یا عەشیرەت، ئەوانەش وەکو ماد، پارتی،

باختەر، سەغدی، ئارانی و ئالانی. ئەمانە هەموو خزمی یەکن و لە یەک ڕەگەزن، کە ئارییە.
بەشی هیندوئێرانی لە بەشی هیندوئەوروپاییەو پێش دوو هەزار ساڵ پ. ز. هاتونەتە ئێران. هەندێک لە مێژوناسان بە زیاتری دادەنێن . ئەمانەش بە یەکجار کۆچیان نەکردووە، بەڵکو بەجیا و نێوانیشیان زۆرە.
هەندێک لە زانایان باوەڕیان وایە ئاری ئێرانی و هیندی ماوەیەک لە سەغد و باختەر بەیەکەوە بون و پاشان هیندی لەلای هندوکەش لە دۆڵی پەنجابەوە سەرەو خواربوونەتەوە.
ئاری ئێرانی لە ئەفغانستان ، سیستان، خۆراسان و گرگان تا نزیکی ئەلبورز و ڕەی لەو ناوەدا بوون.
ئاری سکای لە ئاسیای ناوەڕاستدا بوون بە کۆچەریەوە خەریکبوون، ژیانیان لەسەر مەڕومالاتات بووە. پاشان بەرەو خوار هاتووە و لەگەڵ ئەو ئاریانەی لە ڕەگەزی خۆیان بوون لەجێگای خۆیاندا بە شەڕهاتوون و داگیریان کردووە و لەگەڵ ئیلامیەکانیشدا بەشەڕهاتوون.

**ئاری بەواتای چییە**

ئاری وشەیەکە (٨) بەستراوە بە ئای و ی ، ئار وشەیەکی کۆنە؛ بە واتا ئاگر. لە دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا بەم شێوەیە ناوی ئاگر دەبەن: ئایر، ئاور، ئاهر، ئاهیر، ئاترۆ و ئاگر. ئاری کە یای لە دواوەیە بە مانای ئاگری و ئاگرپەرست، کە کۆکەی دەبێتە ئاریان؛ بە واتا ئاگرپەرستان.
هەندێک ئاریان بە ڕۆژهەلاتیەکان لێکداوەتەوە، لە وانە فەرەنسیەکان. لە زمانی ئاڤێستا و سانسکریتیدا بە واتا (نەجیب) و کردەوەباش ، ئاریاورت بە واتا جێگای(ئەشراف) و (نەجیب) دێت. لەسەر ئەم قسانە شت زۆرە کە زۆرتر مانای یەکەم ئەگرێتەوە.
ئاری لە ڕووی ئاینەوە (٩) بە واتا پەرستن، قوربانی دێت. بە پێی گفتەی گەلانی کۆن بە واتە (شەریف) و (نەجیب) و گەورە و خانەدان و دەسەلاتدار دێت. ئاریا ورتە بە واتا جێگا و ڕۆشنایی ئاری. لە ریگ ودا وا ئەڵێت.
ئاریا لە ئاڤێستادا (١٠)بە واتە (نەجیب)، پاک، (شەریف) و ئازاد. ئاریەکان لە ڕۆژگاری کۆندا لە دەشتەکانی پامیر و جێگای تردا ژیاون. لە شەش تا پێنج هەزار ساڵی پ. ز.بەرەو

ئێران و هیندستان کۆچیانکردووه . بنەڕەتی ئەم واژەیە لە ئاڤێستادا بە ئیریە هاتوە؛ بە واتا پاک یا پاکنەژاد.

## ئاین و پەرستنی ئارییەکان پێش ئاینی زەرتەشتی

میلەتانی ڕیزە چیاکانی زاگرۆس (١١)، کە توخمێکی کۆن و گرنگی پرۆسەی دروستبوونی میلەتی کوردن، نەک هەر پەیوەندی بەهێزیان بە کولتور و شارستانیەتی نێوان (دووزێ) وە هەبووە، بەڵکو لە دامەزراندن و پەرەپێدانی ئەو کولتور و شارستانیەشدا دەوریان بینیوە.

گۆتی ، پاشان کاسیەکان فەرمانڕەوایی نێوان دووڕوباریان کردووە. هۆریەکانیش لە دەوروبەری ساڵی ١٥٠٠ پ. ز. دا دەوڵەتی میتانیان دامەزراند، کە ڕووبەرێکی فراوانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دەگرتەخۆ.

خوای کاسیەکان وەکو (هاربە) و (شێخۆ) دوو خواوەندی گەورە و خۆشەویستیان بوون؛ ساخ ( یان شوریاش) خواوەندی ڕۆژ؛ بوریاش (ئوبریاش) خواوەندی ڕەهێڵە و شەستەباران؛ ئیمیریا خواوەندی پشتیوانی بنەماڵەی پاشاکان.

لە سەرەتای هەزارەی یەکەمی پ. ز. گووتی و لۆلۆییەکان لە ناوچەی زاموا، هەر یەکە دەوڵەتێکی بچوکی دامەزراندبوو. ئەم دوو میللەتە دواتر یەکیان گرت و دەوڵەتێکی بایەخداریان لەم شوێنە دامەزراند بە ناوی دەوڵەتیماننا، کە پایتەختەکەی دەکەوتە خوارووی دەریاچەی (ورمێ)وە.

لە سەدەی هەشتەمی پ. ز. دا دەوڵەتی ماننا گەیشتە ئاستێکی وا کە زۆرانبازی لەگەڵ ئیمپراتۆری ئاشوری و ئورارتۆ دا دەکرد.

دوایش ماننا لە ڕوی کولتوری و شارستانیی و ئابوریەوە بوو بە کۆڵەکەی ئیمپراتۆری میدیا.

مادەکان بەشێک بوون لە شاڵاوی خێڵە زمانئێرانیەکان، لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتنە ناوچەکانی ناوەڕاست و ڕۆژئاوای ئێران، لە سەدەی شەشەمی پ. ز. دا بوون بە خاوەنی ئیمپراتۆرییەکی گەورە و بەهێز بە ناوی میدیا، کە لەو ڕۆژگارەدا بوو بە مەڵبەندێکی گرنگی کولتوری و فەرهەنگی ناوچەکە.

### ئاینی مادەکان:

تۆفیق وەهبی ناوی چەند خواوەندێکی هێناوەتەوە کە لەو ڕۆژگارەدا پەرستویانن و پیرۆز

بووه ؛ له وانه به ناوی بابه ئاسمان، یان بابه یاوس، که خواوەندی ئاسمان و چاکه وخێر بووه. ئەوەش به ڕای نووسەر دەکات هەمان دیاوس پیتەری هیندەکان. دێو یان دەئیڤەکان ئەمانه خواوەندی هێز و دیاردەکانی سروشت بوون ؛ هی چاکه و هی خراپەیان له ناودا بوون. ئەهورەکان( ئەسورەی هیندی ) ئەو خواوەنده گەورانه بوون، که داکۆکیان له ڕەوشتی چاکه ئەکرد.

له ناوچەکەدا پەرستنی گیانی باووباپیرانیش باوبووه. هەروەها شەرابی هوما دەپەرسترا، که له درەختی هەوسا ( سەومای هیندی ) شاخاویەوه دروستدەکرا.

لای ئێرانی و مادەکان له سەرەتادا پەرستنی چەند خواوەندێکی جۆراوجۆر هەبووەو باوبووه. لەدواتردا یەکێک له خواوەندەکان بەرزتر بووه. جێگا و بایەخی زیاتر وەرگرتووه و بووه به خواوەندی سەرەکی له هەموویشیان زیاتر ( میترا ) خواوەندی خۆر و ڕووناکی ئەم ڕۆڵەی بینی، نەک هەر له ئێران، بەڵکو به ئاسیای بچوکدا تا ڕۆما بڵاوببووەوه.

میترا نەبوو به تاکه خوا، بەڵکو خواوەندی تریشی لەگەڵدا هەبوو. پەیدابوونی میترا و دەوری مەزنی بایەخێکی زۆری مێژوویی له ئاینه کۆنەکاندا هەبوو. قۆناغی میترا بوو به هەنگاوێکی گرنگ له پەرینەوەی مرۆڤایەتیدا بۆ پەرستنی خوای تاکوتەنیا.

له لایەکی تردا (١٢) دەربارەی میترا یان تیشکپەرستن ئەڵێت:

پێشتر ئاریەکان تیشکیان پەرستووه. له ئاڤێستادا تیشک گەورەترین ئێزدانه. له نوسینی هەخامەنشیەکاندا ئەم ناوه به نوسین و به دەنگ له ئاڤێستادا به میثرا هاتووه. له سانسکریتیدا به میثرا و له پەهلەویدا به میترا و له پارسی ئەمڕۆدا به مهر هاتووه. کۆنترین بەڵگەنامەیەکی نوسین ناوی ئەم خودا کۆنەی ئاری تیا نوسرابێت، تابلۆیەکی قوڕینه ، که ئەگەڕێتەوه بۆ ١٤٠٠ساڵ پ. ز. و له ساڵی ١٩٠٧ ز. دا له کاباتوکیا له شارەکانی ئاسیای بچوک له بوغازکۆی دۆزراوەتەوه، له تابلۆیەکیاندا پەیمانێک له نێوان هیت و میتانیدا یارمەتیان له دوو خودای گەورەی هیندوئێرانی کردووه، که ناویان تیشک و ئارونا بووه. له تەنیشت ناوی ئەو دوو خودایەوه ناوی دوو خودای کۆنی هیندوئێرانی ( ئیندار و نسات ) هاتووه.

میترا به واته هاوڕێ، هاودەم، یەکدڵ و دۆست، ئادیتەکان کوڕی ئادیتن و له و حەوت

خودایانەن کە لە ئاسماندا ئەژین. لە سەروو ئەوانیشەوە وارونایە، کە بەڕێوەبەری شەش خودایە و ئادیتی ناوە. میترا لەوەوە ئارامی گرتووە، لە پەڕتوکەکانی هیند یا میترا لە شێوەی خودای خۆردا کەمتر خۆی ئەنوێنێت، بەڵکو خوای تیشک و دۆست و ڕوناکی، ڕۆشنایی و سەرچاوەی خۆرە.

لە ناو هیندیەکاندا سووری یان سویتری حەوتەمین ئادیتە، ئارۆنا خودای ئاسمان و هەموو شتە، میترا خوای ڕۆشنایی و ڕووناکیە، بریکاری ڕۆژە. میترا و ئارۆنا لە خودا کۆنەکانی هیندیەکانن، میترا خودا ئاو و دەریاکانە.

وشەی ئاین لە ئاڤێستادا(١٣) بە دئنا Deina هاتووە، ئەوەش تواناو ناسینی باشە و خراپەیە کە لە مرۆڤدا هەیە.

ئاین : ڕێگا و ڕەوشتی چاکتر ژیان و ڕزگاربوونە ، ئەوانەش بە دەستورەکانی پێغەمبەرەکان دیاریکراوە.

هەندێک ئەڵێن ئاین کۆمەڵێک قانونی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری دایانناوە، ئەو کۆمەڵەی کە وا دەڵێن لایان وایە ئەو دەستورانەی کە پێغەمەرەکان هێناویانە بە پێشتری دائەنێن لەو قانونانەی کە خەڵکانی کە هێناویان.

زۆر لر زانایان پێیان وایە ئەو بۆچونەی سەرەوە هەمووکات وا نیە. هەموو دەستورەکانی ئاین لە سەرووی دەستور و یاسای کۆمەڵایەتییەوە نییە، بەڵکو ئەو دەستور و یاسایە لە سەروترو لە هەرکات و کۆمەڵێکدا بەڕێوچووبێت و باش بێت ، کە شایانی باوەڕپێکردن و بەڕێوەبردن بێت. (سەرچاوەی یاساکانی ئاینیش یاسا کۆمەڵایەتیەکانە).

لە سەرەتاوە لە ناو ئاریەکاندا پێشەوا و ڕابەری ئاینی نەبووە. هەموو شتێک بە هۆی سەرۆکی خێزانەوە بووە، وردە وردە کەسانێک پەیدابوون بە ناوی کرپان یان کرپن؛ ئەمانە خواناسییان فێری خەڵکی ئەکرد. کرپانەکان کەم کەم هێز و تواناییان پەیداکرد و بە ناوی پێشکەش و قوربانی بۆ خواکان بەهێز و توانا دەبوون.

ئاینی ئاریەکان (١٤) مهرپەرستی (میترائیسم) موهر فریشتەی ڕاستی و لێهاتوویی دژی خراپەیە، خووڕەوشتی فریشتەی موهر: ڕاستی گەورەی، سەرکەوتن، بە باوەڕی ئێرانیەکان موهر یان میترا یەکێکە لە یەزدان و یارمەتی ئاهورامەزدا ئەدات و لەگەڵ ئەهریمەندا

شەڕئەکات. یۆنانیەکان موهرپەرستنیان لە ئێرانیەکانەوە گەیاندە هەموو جیهان . هەتا سەدەی چوارەمی پ. ز. یش لە یۆنان و ڕۆم هەبوو.

میترا : خوای گەورە و یەکێک لە خواکانی ئێرانیە. هیندوئەورووپیەکان لە جێگای بنەڕەتی خۆیاندا هێناویانە و پەرستویانە . لەم خودایەوە کۆنترین پەرتوکێکی پیرۆزی هیندی بە ناوی ڕیگ ودا # لە ئاڤێستادا بە شێوەی میترا ناوبراوە. وشەی میترا لە ئێران لە سەدەی یەکەمی زاییندا گۆڕا بە مهر و بە شێوەی خوای خۆر دەرکەوت.

میتراپەرستی : باوەڕکردن بە جادوگەری و ڕۆح و ڕۆژی زیندوبونەوە و لە ناوچونی جیهان بووە.

پەرستگاکان:

پێشتر لە ئەشکەوتەکانی کوردستانی باشووردا ، کە پەیوەندیان بە میتراپەرستنەوە هەبووە. ئەو ئەشکەوتانە، بێگومان جێگای فێربوون و زانین بووە. کۆمەڵی میترا بە لای زۆرەوە بۆتە ڕێ و ڕەسمی مەزهەبی ، واتە خەڵوەکێشان. لە بەرد تاوێریان ئەتاشی وەک ئەشکەوت لە نزیک کانی یان ئاوی ڕۆیشتوو بۆ ئەو مەبەستە.

میران بە کوردی بە واتە میهران، کە لە میتراوە وەرگیراوە . وشەی میتر لە سەرەتای سەدەی یەکەمی زاینی بە دواوە بە (میهر) بە کاردەهێنرا. میتر ناوی خوای خۆر و پارێزگار و پشتیوانی پەیمان و دۆستایەتی بووە، مهران لە کاتی ساسانیەکانەوە هەبووە تا ئێستاش ئێرانی و ئەرمەنی بەکاری دەهێنن. لە کوردیشدا بە گەورە پیاوەکان وتراوە میر و میران.

لە لایەکی کەدا(١٥) هاتووە: خوای میهرا (میثرا) . کە ڕوناکی سەر لە بەیانی و سەرچاوەی ژین و زانیاری و پەیمان بووە. هەندێک واتەی خۆی لە مێشکی کورددا هێشتۆتەوە کە لە ناونانی میرزا میهرزاد دا ڕەنگدەداتەوە ، کە ئەمەش بە واتای ڕۆشنبیر و هوشیاری زانیار دەبەخشێت. هەروەها (جوان میهر) بە واتە خۆشەویستی خوای میهر ماوەتەوە،

---

.# ڕیگ ودا: یەکێک لە پەرتوکە ئاینیەکانی هیندی( برهمائی ) یە ،کە بە زمانی سانسکریت هاوزمانی ئاڤێستا ، بە یەکێک لە دیالێکتەکانی زمانی کوردی کۆن نوسراوە. ئاڤێستا : دانش

میهرەجان = میهرگانی کۆندا ماوەتەوە، لە زمانی کوردیدا شێوە کۆنەکەی لە ناوچووە و بە ڕێگای زمانی عەرەبییەوە شێوەی میهرەجان بەکاردێت. ئەم ناوە لە نازناوی هیندیدا بە (میهراجا) و لە کوردیدا بە (میهر = میر) دەربەگەکان بۆ خۆیان بەکاریان هێناوە. ئەم ناوەش لەمانەوە هاتووە: ئەوانەی لە پەرستگەی (میهرا) دا سەرپەرشتی دینیان ئەکرد، پاشان گۆڕا بۆ چینێکی کۆمەڵایەتی ئابوری نازناوی ( میهر میهران = میری میران ) وەکو سەرۆکی هەرە گەورەی خێڵایەتی مایەوە. عەرەبییەکەی ( امیر الامراء) یە.

لە کتێبی ( سیر تمدن در ایران با ستان ، ل ٢٤)(١٦) دا دەڵێت :

ئاریەکان یەکەم جار بە تایبەتی مهر ( میترا بە سانسکریتی ) و لە ئاڤێستادا بە مێثر پەرستویانە و زۆر خودایانی جۆراوجۆری کەش هەر یەکەی ڕویەکی لە هێزی کردگاریدا بووە، لە کردگاریدا لە هەمووی گرنگتر ڕۆشنایی و باران بووە، سەرەڕای ئەوەش دوو بەش بوون ؛ باش و خراپە ( خێر و شەڕ ) هەمیشە ئەم دووانە لە دژی یەک لە شەڕدابوون. هێزی چاکە و باشە مایەی کامەرانی و خۆشی، هێزی شەڕ بەدبەختی بۆ خەڵک هێناوە. ڕووی باشە: ڕۆژ، وەرزی خۆشی و بەربڵاو، لەشساغی و جوانی و ڕاستی. ڕووی شەڕ: شەو، زستان، وشک ساڵی و نەبونی دەغڵودان، نەخۆشی ، کاری خراپە و درۆکردن....هتد.

دکتۆر محەمەد موعین نووسیویەتی کە کۆنترین و بەرزترین خودای ڕەگەزی ئاری ئاسمانی روون بووە. ناوی ئاسمان لە زمانی سانسکریت و لە ڕیگ ودا کە کۆنترین پەڕتوکی سانسکریتە، سەرەتا بە (دیائوه Dyauh≠† ) بووە و پاشان بووە بە واران Waran ، ئینجا بە وارۆنا Warwana ، خۆریان بە چاوی ئارونا و بروسکەش بە کوڕی ئەو داناوە.

دکتۆر محەمەد جەواد مە شکوور دەڵێت: گرنگترین خودای ئاری ، کە پەرستویانە لە سەدەی ودائیدا ئەمانە بوون:

١- ئیندرا Indra خوای چەشنی بروسکە؛

٢- وارونا Warana خوای چەشن، ئاسمانی پڕ لە ئەستێرە؛

٣- ئاگنی Agni خوای چەشنی ئاگر؛

٤- سوما†£ Suma بریتی بووە لە خواردنەوەیەک کە لە گیایەکی شاخی دەردەهێنرا و لەگەڵ شیر و هەنگویندا تێکەڵ کراوە. ئەمەیان وا داناوە کە خواردنەوەی خواکانە.

ئەنجامی ئەو شتانەی باسکرا بە پێی باوەڕی مێژووناسان و پشکێنەرەکان وەک کریستنسن، گیرشمن و زۆری تر کە بەم شێوەیە ئەڵێن:

١- کردگارپەرستی و باوەڕکردن بە خواکانی جۆراوجۆر.

٢- باوەڕکردن بە خواکانی شەڕ دژی خواکانی چاکە.

واتە باوەڕکردن بە دووهێزی چاکە و خراپە.

لە ئاڤێستادا (١٧) سەبارەت بە میهر وا هاتووە:

ئاهورامەزدا بە سپیتمان زەرتەشتی ووت: ئەی سپیتمان !

مهر فریشتەی ڕۆشنایی و پاسەوانی ڕاستی و پەیمانە.

پەیمانشکێنی لەگەڵ درۆزنیشدا نەکەیت، هەروەک چۆن لەگەڵ مرۆڤی سەرڕاستدا نایکەیت. چونکە هەردووکی پەیمانە.

ستایشی مهر دەکەم کە خاوەنی دەشتی فراوانە. لە سەر خاکی ئاریدا خاوەنی ژنانی جوان و بەختەوەر و ئارامی پێ بەخشیوە؛ ئەو بۆ یاریدەی ئێمە هاتووە، بۆ ئاسانکردنی ئیشی ئێمە و دەستگیرۆیی ئێمەیە؛ ئەو بۆ سەرکەوتنی ئێمە هاتووە، بۆ دادپەروەریی ئێمە هاتووە؛ ئەو بەهێزە و لە هەموو جێگایەکدا سەرکەوتووە، هەرگیز فریو نادرێت، لە سەرانسەری جیهاندا جێگای ستایشە؛ ئەو ئێزەدی خاوەن توانایە؛ ئەو لە هەموو دروستکەران بە تواناترە. مهر ستایش دەکەم. ئەو ئاگاداری گفتەی ڕاستە، هەمیشە پاسەوانە. ئەو یەکەم ئێزدە...( ١٩٦ بەندی ١٣ )... ئەوە سەرکەوتن بە مرۆڤ دەدات و پاکئاینە ڕاستەکان سەردەخات، دژی پەیمانشکێنە، دژی درۆیە.

---

# سوما :گیایەکی شاخییە ، شیری تێدایە ، لقەکانی نەرمە لە فەرهەنگی پزیشکیدا پێی دەوترێت هوم المجوس .

## زمانی میللەتە ئاریەکان لە سەرەتای کۆچکردنیاندا

دکـتـۆر عـەلی تورابی (١٨) لە پەرتوکی (مـێـژووی ئاینەکـان)دا ئەڵێت: پێش ئەوەی هیندوئێـرانی لەیەکـتـر جیـابـبنەوە و لە کـاتێکدا کـە هێـشـتـا هەر پێکەوە بوون، بە زمـانێک ئەدوان، کە دایکی زمانی ئاڤێستایە؛ بە واتە ئێرانی کۆن زمانی سانسکریتی بووە.

هەروەها دیاکـۆنۆف (١٩) ئەڵێت : ناکـرێت بە هیـچ جـۆرێک زمـانی سـانسکریت بکرێتـە بنچینەی زمانە هیندوئەورووپیەکان.

دەربارەی ئەو هۆزانەی (٢٠) کە بە شێوە زمانێکی ئاریایی دوواون و لە رۆژهەڵاتی ئاسیای بچوکدا (کوردستان و ئەرمەنستان) نیشتەجێبوون و بەرێی قەفقازدا هاتوون، بیروباوەرێکە لە کەسانی ترەوە وەرگیراوە. بەڵام ئەو پشکنینانە و دواچونەوەی پاشماوەکانی ئەو هۆزانە، کە لەم هەرێمەدا دۆزراونەتەوە، ئەم تیۆریەی پتەوکردووە...هتد.

بزوتنەوەی ئەو کۆمەڵە هۆزانە، کە بە چەند شێوە زمانێکی نزیک لە یەک دواون و ئەمڕۆ بە هیندوئەورووپی دەناسرێن، لە ناوچە دەشتییەکانی خوارووی ڕووسیاوە، نێوان دەریاچەی ئەراڵ و ڕوباری دانوبدا، لە کـۆتایی هەزارەی سـێـیـەمی پ. ز. بەرەو خـوار شـۆڕبوونەتەوە و گەیشتونەتە وڵاتی بەڵکان چ لە چیاکانی قەفقازیان بڕیبێت و گەیشتبنە چیاکانی زاگرۆس و وڵاتی کوردەواری .

بە پێی هەندێک پشکنین (٢١)، لە هەزارەی چوارەم و سێیـەمی پ. ز. دا لە هەندێک جـێگای ئـاسـیـای ناوەندی فـەرهەنگ و پێـشکەوتن هەبووە. بە پێی ئەو پشکنینانە، ژیانی کـۆمـەڵایەتی ، ئابوری و فـەرهەنگ کـۆنـترین دانیـشـتـوانی ئاسـیـای ناوەندی دەرکـەوتووە. نەیانتـوانیـوە بچـوکـترین زانینێک بزانن سەبارەت زمـانی کـۆنی ئەو خەڵکەی ئەوێ. زانایانی جیهـان سەبارەت مرۆڤی ئاسیای ناوەندی، هەتا هەزارەی سێیەم و دووەمی پ. ز. بۆ زانینی زمانی ئەو کاتە هیچ جۆرە زانین و ئاگاداریـیەکیان بە دەستەوە نییە .

## ئەنجامی بەشی یەکەم

( سەبارەت بە مێژووی کۆچی ئاری و ئاینیان)

سەبارەت بە جێگای بنەڕەتی ئاری - بە پێی بیروڕای زۆربەی زانایان و پشکێنەران دەبێت بەشی باشوری ڕووسیا بێت و دەوروبەری سەیحون و جەیحون تا ئۆراڵ. پێشتر ئاو و هەوای لەبار و بۆ لەوەڕگا گونجاو بووە. کۆمەڵگای ئەو سەردەمانە بەشی زۆریان بە بەخێوکردنی گاگەل و ئەسپ و ئاژەڵداریەوە خەریک بوون. پێویستیان بە جێگای لەوەڕخۆرییەوە بووە، ئەو جێگایانەیان ورده ورده بەرەو گۆڕینی ئاو و هەوا و ساردیەوە ڕۆیشتووە، بۆیە بۆ دۆزینەوەی لەوەڕ کەوتونەتە کۆچکردن بە دوای یەکدا.

بە باوەڕی من ئەو کۆچکردنانە لە چوار هەزارەی پ. ز. ەوە دەستی پێکردووە، چونکە هەندێک لەو میللەتانەی لە کوردستانی ئێستادا بوون، بە پێی مێژووی نێوان دووڕووبار و پشکێنەرەکان لە سێ هەزار ساڵەی پ. ز. لەو ناوەدابوون. ئەمانەش بەشی زۆریان لەو کۆچکەرانە بوون. ئەمانەش بەشی زۆریان لەو کۆچکەرانە بوون کە پێشتر هاتوون ، وەک : گۆتی، لۆلۆ ، کاسیەکان و ...هتد. بەڵگەش بۆ ئەوە نەخشەکەی بانی ئینینۆ لە زەهاوە، کە لە ناوەڕاستی هەزارەی سێیەمی پ. ز. دا، فەرمانڕەوای لۆلۆیەکان بوو.

پەیکەری نەرامسین لە دەربەند گاوری قەرەداغ ، کە بەشەڕ هاتۆتە سەر لۆلۆیەکان لە دەوروبەری ساڵی ٢٣٠٠ پ. ز. دا. لەم شەڕ و هەرایانەدا گۆتیەکانیش بەشداربوون و لە نێوان ساڵانی ٢٢٣٠ - ٢١١٠ پ. ز. دا فەرمانڕەوایی نێوان دووڕووباریان کردووە.

دوای ئەوان کاسیەکان ماوەی پێنج سەدەیەک ، لە نێوان ١٧٦٠ - ١١٧٠ پ. ز. فەرمانڕەوا بوون.

زۆربەی زۆری زانایان ئەم میللەتانە بە خزمی یەک و یەک نەژادیان دائەنێن، وەکو گوتی ، لۆلۆ ، کاسی و میتانیەکان ...هتد. ئەمانەش بە بەشی کۆچکردنی یەکەمیان دائەنێن . هەر میللەتێک لەو کۆچکردنانەدا هاتونەتە سەر جێگای دانیشتوانی پێشتر ، دووچاری شەڕ و هەرا بوون . ئەگەر شکابێتن ئەوا بە لایەکی کەدا ڕۆیشتوون ، ئەگەر سەرکەوتوو بوبن، ئەوا ماونەتەوە و لەگەڵ ئەوانەی پێشتردا، بە پێی ڕۆژگار بونەتە یەک.

مەبەستی سەرەکیمان لەم ڕوونکردنەوانەدا پەرستن و ئاینی ئەوانەیە ، بە پێی بەراوردی زانایان و مێژووناسان ئاریەکان پێش کۆچکردن و لە کاتی کۆچکردندا ئەمانەیان پەرستووە، کردگار:

ئاسمان ، خۆر ، بروسکە ، باران ، پەرستنی گیانی باووباپیران ، تیشک ، سوم (هوم) و مهرپەرستی (میترائیسم) .

باوەڕکردن بە خوای جۆراوجۆر ، وەک : خوای چاکە و خوای خراپە.

وردە وردە و لە دواییدا میترا بووە بە خواوەندی خۆر و ڕووناکی؛ خوای گەورەی هەموو خواکان. بەپێی ڕۆژگار لەم قۆناغەوە میتراپەرستن پەرپەوە بۆ پەرستنی خوایەکی تاکوتەنیا. بۆیە لە ئاڤێستادا زۆر بە ستایش و گەورەییەوە باسی مهر = میترا دەکات و زیاتر لە بیست پەڕە ی لەسەر نوسراوە.

لێرەدا بۆمان دەرئەکەوێت تا هەزارەی یەکەمی پ. ز. ئەو ئاینانە و هەندێک ئاینی کە لە ناوچەی کوردستان و میلەتەکانی کەی دەوروبەریان لەو کۆچکەرانە ئەوانە بوون کە باسمان کردن.

واتە ئاینی زەرتەشت نە هاتۆتە کایەوە ، هەرچەندە دوا بە دوای ئەمانە ئەو تیرە و میللەتانە لە ناوچەی کوردستاندا جێنشین بوون ، باسی لێ دەکەین ، بە تایبەتی دەربارەی پەرستنیان. مەبەست لەو ئاین و پەرستنانەیە تا پەیدابوونی ئاینی پیرۆزی زەرتەشت.

سەبارەت بە شیکردنەوەی وشەی ئاری ، زۆربەی زۆری زانایان بە (نەجیب) و (ئەشراف) و لێهاتووی دادەنێن . بە ڕای من شیکردنەوەکەی مەردۆخی ڕاستترە ، کە ئەڵێت لە ئاگرەوە هاتووە. ناوی ئێرانیش هەر لە ئاریەوە هاتووە . ئەوانەی پێشتر ، بە ڕای من هەر بۆچون و گریمانە .

**پەراوێز و سەرچاوەکان**

١- ا صل و نسب و دینهای ایرانیان باستان. تالیف عبدالعظیم رضائی . تاریخ انتشار ، زمستان ١٣٦٨ ل١

٢- مزدیسنا و حکومت جلال الدینی اشتیبانی . چاپ سوم . تاریخ انتشار تابستان ١٣٦٧ . ل٢٢، ٢٤ و ل٢٩

٣- تاریخ ایران، تالیف ژنرال سر پرسی سایکس. ترجمه سید محمد تقی فخرداعی گیلانی جلد ١. چاپ سوم ، دنیای کتاب تاریخ ینتشار ١٣٦٦ ، ل١٢٧ و ل١٢٨

٤- رشید یاسمی، کرد و پیوستگی نژادی و تاریخ او. موسسه انتشارات امیر کبیر، تهران ١٣٦٣. ل ٢١ ، هەمان سەرچاوە ل ٢٢.

٥- تاریخ اقوام و پادشاهان باستان ایران پیش از اسلام . تالیف دکتور محمد جواد مشکور، استاد دانشگاه تهران. ل ٤٣ ، هەمان سەرچاوە ل ٥٨

٦- حسن پیرنیا ، مشیر الدوله . تاریخ باستان ایران جلد اول ، ل١٥٣ و ١٦٣

٧- کرد و کردستان و توابع . ایه الله مردوخی چاپ دوم ، جلد ١ ، ل ١٣

٨-تاریخ اقوام و پادشاهان باستان ایران پیش از اسلام . ل ٦٥

٩- اصل و نسب و دینهای ایرانیان باستان . ل ٣٥

١٠- ڕەوشی ئاینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا . ڕەشاد میران چاپی یەکەم ستۆکهۆڵم، پایزی ١٩٩٣

١١- اصل و نسب و دینهای ایرانیان باستان . ل ٨١ و ٨٢

١٢- بدانیم و سر بلند باشیم مژدەای از اموزشهای دین زرتشت ـ نوشته : دکتور منوچهر منوچهرپور اسفندماه ١٣٥٧ . ل٩

١٣- بررسی از تاریخ ادیان کردان ـ نوسینی پرۆفیسۆر تۆفیق وەهبی چاپ اول ٣٠-٨-٣٦١ مترجم جمال الدین حسین ـ ل ٤ ، هەمان سەرچاوە ل ٢٤

هەمان سەرچاوە ل٩٠

١٤- لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری د. جەمال ڕەشید.

ل ۱۳۱
١٥- ایران از زرتشت تا قیام های ایران، رضا اصفهانی . چاپ اول ، سال ١٣٦٦ ل٢٤
١٦- اویستا : نامئەمینوسی ایین زرتشت ، نگارش جلیل دوستخوا، از گزارش استاد ابراهیم پورداود ، چاپ ششم ١٣٦٦ ، ل ١٩٣، هەمان سەرچاوە ل ١٩٤ ، هەمان سەرچاوە ل ١٩٦، هەمان سەرچاوە ل ١٩٧
١٧- ایران از زرتشت تا قیام های ایران، ل٢٦.
١٨- میدیا ـ ئی . م. دیاکونوف ، برهان قانع لە فارسیەوە گۆڕیویەتیە سەر کوردی . چاپ یەکەم ١٩٧٨ . ل٢١٩
١٩- لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی.... ل١٠٠ و ل ١٠٨
٢٠- مقدمە فقە اللغە ایرانی ای. م . ارانسکی . ترجمە کریم کشاورز

## میللەت و تیرە سەرەتاییە کۆنەکان لەکوردستاندا :

لۆلۆیی ، گۆتی، کاسی، منائی (مانائی)، نایری و مادا.

زانایان (١)، هەرچەندە بیروڕای جیاوازیان هەیە، بەڵام زۆریان باوەڕیان وایە ئەمانە هەموویان ئارین. هەندێک باسی زاگرۆس و، قەفقازی و ئازیانیک پێش مێژوو ، پێش دەرکەوتنی ئاریەکان دەکەن. گوایە ئاریەکان لە یەکێک لە خاڵەکانی ئاسیاوە کۆچیان بۆ کێوەکانی زاگرۆس کردووە . بەمانە دەوترێت قەفقازی یا ئازیانیک یان تیرە زاگرۆسیەکان. لەلایەن میللەتانەوە هەریەکەی بە جۆرێک ناوی هاتووە، بۆ نمونە ئاشوریەکان بە مادیان وتووە ئامادە؛ بە کاسیەکان ـ کاشو و کوش ....هتد. ئەم تیرانەش کە هەریەکە بەناوی جیا جیاوە بوون ، هەموویان دەچنەوە سەر یەک نەژاد.

**لۆلۆیی:**

لۆلۆیی یا لۆلۆ بە باپیرەگەورەی لوڕ دەژمێردرێن . ئەمانە میللەتێک بوون لە زەهاو ، کرماشان ، شارەزور و سلێمانی نیشتەجێبوون. کۆنترین بەڵگەنامەی ئەم میللەتە ، نوسینی نەرامسین لە سنوری ساڵی ٢٥٠٠ پ. ز. دا نوسراوە. بەڵگەی دووەم ئانوبانینی، کە لە ناوچەی زەهاو و کرماشان پادشای لۆلۆیەکان بووە. پادشا بەرامبەر بە خوای ئیشتار وەستاوە، کە ئەو ئەمی بە سەر دوژمنەکانیدا سەرخستووە. لە باتیر، کە ناوی کۆنی زەهاو بووە، لەو جێگەیەدا وێنە و نوسینی ئانوبانینی لێ هەڵکەنراوە.

لە نوسینێکی قوڕدا ناوی ئیما شکوش هاتووە، کە پادشای لۆلۆ بووە کە لە سەردەمی سەرجۆنی ئەکەدیدا بووە. پادشا دەڵێت: ئەوەی ئەم وێنەیە بسڕێتەوە نەفرەتی ئانو، ئانوتوم، بل، بلێت، ڕامان، ئیشتار، سین و شمشی لێ بێت و گرفتار بێت و نەوەی نەمێنێت.

لو لە زمانی سۆمەریدا (٢) بە واتە مرۆڤ یا ئادەمیزاد و لولو بە واتە خەڵکی دێت.

وشەی لو لە زمانی سۆمەریدا (٣) کە واتەی مرۆڤ، ئادەبیزاد دەگەیەنێت، لە کاتی دوپاتکردنەوەیدا لۆلۆ واتای خەڵک دەبەخشێت، کە وشەی (نەم) دەچێتە سەری لۆلۆ ئەوسا واتەیەکی گوزارەیی، کە مرۆڤایەتییە، دەگەیەنێت. ئەمەش نیشانەیە بۆ خووڕەوشت و

هەڵسوکەوتی مرۆڤ. ئەم ناوە لە ڕووی بەکارهاتنیەوە پەرەی سەند، تا گەیشتە ئەو ناوەرۆکەی کە ئادەمیزادی دڕندە بگەیەنێت....هتد. بۆیە ئەمانە ناوی (لۆلۆ + ب) ، کە داڕشتنێکی ئیلامیە بۆ کۆ ، یا لە شێوەی لولو + بوم لەگەڵ نیشانەی ناسیاری ئەکەدی دایناون - ئەم ناوەش ئەو ناوچە فراوانە دەگرێتەوە کە دەکەوێتە نێوان دەشتی کەرکوک تا گۆمی ورمێ و هەتا سنوری وڵاتی حەلوان = زەهاو لە باشووردا.

لەگەڵ ئەوەشدا ئۆرارتۆکان لەم ناوە مەبەستیان نامۆ و بێگانە یان دوژمن بووە.

لۆلۆبیەکان بەشێکی زۆریان لە کێو وشاخەکانی بەشی سەرووی دیالە (٤) تا دەریاچەی ورمێ و لەولاترەوە بەرەو سەرووی ڕۆژئاوا گرتبوو. ئەم ناوانە وانیشاندەدەن لۆلۆیەکان لە ڕووی نەژادەوە لە هۆزەکانی هۆریانی - ئۆرارتۆیی نەبوون، بەڵکو بە پێی بیروڕای زۆربەی شارەزایان لەگەڵ ئیلامیەکاندا تێکەڵ و نزیکبوون.

نوسینەکەی نەرامسین ئەوە دەگەیەنێت لۆلۆیەکان لە نیوەی دووەمی ساڵی هەزارەی سێیەمی پ. ز. دا دەوڵەتێک بوون. هەروەها لە نوسراوەی ئانوبانني قسەی لەبارەی دەوڵەتێکەوە تیایە...هتد.

لۆلۆ یان لۆلۆبوم لە ناوچەی شارەزور و زەهاو دا بوون (٥).هاتنیان نەزانراوە ، لەگەڵ میللەتی گۆتی تێکەڵبوون. حکومەتی لۆلۆ سنوری لە سلێمانی ئێستا ، هۆرێن و شێخان ،شێخان و ناوچەی زەهاو = هالمان دابووە.میللەتی لۆلۆ لەگەڵ بەشێکی گۆتیدا فەرمانڕەواییەکی سەربەخۆ بووە، سێنتەرەکەیشی بە گوێرەی هەندێک مێژووناس وەکو زمیری و پرۆفیسۆر سپایزەر ، ئەراکدی بووە. ئەم فەرمانڕەواییە کەم کەم تا دەوری سەلمانسەری سێیەم قەراڵی ئاشوور دەوامی کردووە و لە ساڵی ٨٢٨ پ. ز. لە لایەن ئاشووریەکانەوە کۆتایی پێ هێنراوە.

بە پێی پشکنینی د. سپایزەر (٦)دەڵێت : ئەو چوار بەشە تایفەیەی کە لە ناوچەی زاگرۆسدا بوون، بە واتە کوردی بەشی ئارارات، لۆلۆ، گۆتی، کاسۆ و سۆبار بوون. ئەمانە هەر یەکەی خاوەنی زمانێکی تایبەت بووە، بەڵام لە یەکەوە نزیکبوون.

لە سەرەتای هەزارەی یەکەمی پ. ز. دا مانناَ لەو سەردەمەدا (٧) دەوڵەتێکی بچوکی لۆلۆیی و گۆتیەکان بوو، جیابوو لە یەکێتی هۆزەکانی کە ئەویش لە سەدەی نۆیەمی پ. ز. لە

ناوچەی خواروی ڕۆژئاوادا پەیدا ببوو ( یەکێتی هۆزەکانی ماد) یان پێ دەووتن. کیشوەری مانا لە دوایبدا لە ڕووی فەرهەنگ ، شارستانیەت و ئابووریەوە کۆڵەکەی ئیمپراتۆری مادیان لە سەدەی شەشەمی پ. ز. دا دامەزراند.

**گۆتی :**

چوارەمین کۆمەڵی هۆزەکانی ئەم ناوچەیە گۆتیەکانن (٨)، کە لە ڕۆژهەڵاتی لۆلۆبیەکاندا دەژیان. ناوی گۆتی لە نوسینەکاندا لە هەزارەی سێیەم و دووەمی پ. ز. دا بووە. بە کۆمەڵێکی هاونەژادیان دەووت کە لە ئازەربایجانی ئێران و کوردستاندا ژیابن. لە هەزارەی یەکەمی پ. ز. هەموو ئۆرارتۆیەکان و خەڵکی مانا و ماد پێیان دەوتن (کوتی) – لە سەدەی بیست وسێی پ. ز. دا سەرانسەری نێوان دوورووبار تا کێوەکانی زاگرۆس و ئەرمەنستان و کێوەکانی تۆرپس لە ئاسیای بچوک لە ژێر دەسەڵاتیاندا بووە. دوای نەمانی نەرامسین لە لاپەڕەکانی مێژوودا هاتووە ئیلام و ڕەنگ بێت بەشێک لە سوریەش دیسان سەر بەو قولەمرەوە بووبێت.

زمانی گۆتی زمانێکی سەربەخۆ و خاوەن ڕێزمان بووە، ڕەنگە لەگەڵ زمانی کۆمەڵە ئیلامیەکاندا (ئیلامی ، کاسی ، لۆلۆبی و ڕەنگ بێت کاسپیەکانیش) لە سەرانسەری ناوچەی زاگرۆس پەیوەندی بوو بێت.

هێرشی گۆتی بۆ سەر نێوان دوورووبار (٩)، یەکەم هێرشێکە لە مێژووی ئاسیای خۆرئاوای کۆن باسکراوە، فەرمانڕەواییان لە نێوان دوورووباردا ١٢٤ ساڵی خایاندووە.

ئاراپها (کەرکوکی ئێستا) پایتەختی گۆتیەکان بووە . پاش ئەوەی شاری سیپاری نزیک بابلیان گرت، پەیکەری ئانونیتیان ، کە خوایان بووە ، هێناوەتە شاری ئاراپها.

گۆتی نەژادیان لە ئازیانیکە، کە سەرەتای شەپۆلی یەکەم کۆچکردنە لە ناوەندی ئاسیاوە. لە مۆزەخانەی لۆڤەر پارچە بەردێک هەیە، کە بۆ سەرەتای زنجیرەی بابل، بۆ دوو هەزار ساڵی پ. ز. دەگەڕێتەوە. لە پشتی بەردەکە نوسینێک هەیە باسی وڵاتی ئاراپها دەکات، کە بەشێک بووە لە وڵاتی گۆتی و لە سەر سنوری ڕۆژهەڵات بووە، پاش ١٢٥ ساڵ کۆتایی بە فەرمانڕەواییان لە نێوان دوورووبار هات و گەڕانەوە بۆ ناو کێوەکانی خۆیان. وردە وردە دەوڵەتی گۆتی کەم بۆوە و مەلیکی تیرە و تایفە پەیدا بوو. خواکانیان، بە پێی ئەوەی لە

نوسینێکدا بە زمانی ئەکەدی هاتووە، خوای گوتیوم، ئیشتار و سین بووە.

لە لایەکی کەدا باسی گۆتی (١٠) وا هاتووە : گۆتیەکان شەست ساڵ فەرمانڕەوای نێوان دووڕووباریان کردووە. لێکۆڵەرەوەکان دان بەوەدا دەنێن کە بزووتنەوەی گۆتیەکان هەر نەبێت لە سەرەتای دەست پێکردنیاندا سیمای دژی کۆیلەداری هەبووە....هتد.

کاتێک نێوان دووڕووبار پێشکەوتویان گرت، هەموو یاسای دەوڵەتی و کۆمەڵایەتی ئەوێیان پاراست.

لە کۆتایی ساڵی سێ هەزارەی پ. ز. دا (١١) گۆتیەکان لە ناوچەی سۆمەر و ئەکەدکشانەوە و هاتنە ئاراپخا و بتەکەی سۆمەریشیان هێنا، کە ناوی ننجرسو = ننکرسو بوو. ئاراپخا ناوبانگی دەرکرد کە پارچەیەکە لە وڵاتی گۆتیۆم ،کە میدیا و ئەکباتنا و ڕاگا و کوردستان و دۆڵ و بەرزاییەکانی قزل ئۆزون بوو ـ تەنیا مانتیانی = ماتینا ، کە وڵاتی میتانی لە سەر نەبوو.

**کاسی یان کاشی :**

کاسی لە فەرمانڕەوایی کوڕەکەی حامورابیدا ـ بۆتە فەرمانڕەوای بابل و ٥٧٦ ساڵی خایاندوە. درێژترین فەرمانڕەوا بوون. لە ساڵی ١١٧١ پ. ز. فەرمانڕەوایەتیان لە دەست چووە و گەڕاونەتەوە زاگرۆس (لوڕستانی ئێستا) (١٢) ئیسترابوون باسی ئەمانەی لە ناوچەکان و دەربەندەکانی خەزەری ژوور تارانەوە کردووە. ناوی شاری قەزوێن و دەریای خەزەر لە کات و ناوی ئەمانەوە ناونراوە.

سەرزنجیرەی پادشایان بۆ ئەو هێرشە و گرتنی بابل (١٣)گانداش = غاندیش بووە. کاسیەکان لە نێوان دووڕووباردا خەڵکیان فێری ئەسپسواریی کردووە. پاش لەناوچوونی فەرمانڕەواییان گەڕانەوە لوڕستان و کوردستان. کاسیەکان زۆر بایەخیان بە خۆیان داوە، لە ڕێگەی ژنوژنخوازییەوە تێکەڵ بە ڕەگەزی تر نەبوون.

خوای گەورەی ئەوان کاشو ، دوو خوای کە بە ناوی شوریاش و ماروتاش بووە. زۆر شەڕکەر و ئازا و لێهاتوو بوون.

جێگای سەرەتایی کاسیەکان (١٤) ڕوون نیە. پاشماوەیان لە باکووری ئیلامدا هەیە. زمانی کاسیەکان لە زنجیرەی زمانی قەفقازیە، پەیوەندیان لەگەڵ تیرەی هیندوئەورووپیدا هەبووە. لەو

کاتەدا کە لە باکوری جزیرەدا بوون لە ئاسیای بچوک، هەندێک لە ناوی خواکانی بابلیان بەکارهێناوە.

ناوی خواکانی خۆیان بەرامبەر ناوی خواکانی بابل :

شیپاک ـ مەردۆکی بابلییە

ساه ـ شمشی بابلیە

هوذا ـ ئاداری بابلیە

هاربی ـ (ئەنیل) ی بابلیە

ناوی خوای خوایان شمش بووە، ناوێکی کەش هەبووە بە زمانی قەفقازی. ئەسپیان پەرستووە، ئەمەش نیشانەی پەیوەندیانە بە میللەتانی هیندوئەوروپییەوە، ئەوانیش هەروا ئەسپیان پەرستووە.

سوریاش خودای کاسیەکان بووە، کە هەمان خوای سوریایە ، کە خودای هیندی بووە. خودای خۆر ـ یۆنانیەکان پێیان ووتوە هلیۆس، لە فارسیدا هۆر، ماروتاش هەمان مارۆتی هیندیە.

میللەتی کاسی لە زۆر تیرەی جۆراوجۆر پێکهاتبوو، لە کۆندا لە سەرکردەی ئەمان لە ناسراوەکانی هیندوئەوروپی بووە.

لە نوسینێکی کاسیەکاندا دەڵێت: ویلایەتی گۆتی، پادان، ئالمان = ناوچەی زەهاو لەژێر دەسەلاتی ئەواندا بووە،

کاسیەکان لە ساڵی ١١٧١ پ. ز. دا فەرمانڕەواییان بە دەستی پادشای ناسراوی ئیلام ، کتیر ناحونتە کۆتایی هاتووە، و بابلی گرتووە.

لە سەرچاوە نوسراوەکاندا دەربارەی ئەمانە دەدوێن (١٥)، کە لەو کاتانەدا گرنگترین و بەهێزترین هۆزی کوێستاننشینی، لە سێ هەزارەی پ. ز.دا لەناوچەی زاگرۆسدا ژیاون و ئاژەڵدارییان کردووە. زمانەکەیان لە زمانی ئیلامیەوە زۆر نزیک بووە. زۆر لەوە دەچێت پاشماوەی هۆزەکانی لوڕی ئێستا پاشماوەی ئەوان بێت. هەندێک لە کاسیەکان لە چواریەکی دووەمی پ. ز. لە کێوەکانەوە هاتونەتە دەراوی ڕووباری دیالە و بە ناوی کادۆنیاشەوە ناوبراون. کاسی و گۆتی لە ڕووی زمانەوە تا ڕادەیەک لە یەکترەوە نزیک بوون. ئەو شوێنەوارە

کۆنانەی بە هینی لوڕستان ناوبراوە، هینی هۆزە کوێستانیەکانی کاسییە، هەروەها لە ناوچەی هەرسیندا بوون. هەندێک پەیکەر خوداکانیان دۆزراونەتەوە، وەک پەیکەری خوای کاشو، خودای شیمال، خوای کوێستاننشینەکانە کە ناوەکەی تری شیبارۆیە. شۆمۆکان ، یان شومو خوای ئاگری ژێر زەوی بووە. پشتیوانی زنجیرەی پادشایان هاربە. شێخۆ لە خودا زۆر گەورەکان و خۆشەویستەکان بووە. خوای ڕۆژ بە ساغیان شوریاش ناوبراوە، خواکانی کاسی و خواکانی ئیلامەکان بەرامبەرن.

**میتانی :**

لە هەزارەی دووەمی پ. ز. دا (١٦) ناوی میتانی وەک نیشانەی چەمکی ڕامیاری دەوڵەتێک دەرکەوت، کە لە ناو کەڵچەری خەڵکێکدا پەیدابوون ، کە بە هۆری ناودارابوون. وڵاتەکەی خۆیان لە کوردستانی ئەمڕۆدا فراوانکرد. باکوری سوریایان داگیرکرد. یەکەم پادشایان پارتارنا بووە، کە بەپێی قسەی جۆرج ڕوو لە دەوروبەری ساڵی ١٤٨٠ پ. ز. دا ژیاوە

ناوی پانزە پادشایان هاتووە. یەکەم لە کۆتایی سەدەی شانزەیەمی پ. ز. هەتا دەوروبەری ساڵی ١٢٧٠ پ. ز.. شاوشتار(ساوساداشتار) دەنگوباسی تۆمارکراوی ساڵی ١٤٨٠ پ. ز. خۆی بە گەورەی کۆشک و تەلاری ئاشوریان داناوە.

ژن و ژنخواستن لە ناو خێزانی پاشایانی میسر و میتانیدا لە سەردەمی تحومسی چوارەم و ئامونحوتبی سێیەم و ئامونحوتبی چوارەم(ئەخناتون) دا بووە.

میتانی بە ئیمپراتۆریەت ناوی دەرکرد و لە نێوان ساڵانی ١٥٠٠ تا ١٣٦٠ پ. ز. دا سنورەکەی لە باشووردا هەتا دەشتەکانی کەرکوک (ئاراپخای کۆن) گەیشتووە؛ لە ڕۆژهەڵات تا بەرزاییەکانی کێوەکانی زاگرۆس، لە ڕۆژئاوادا هەتا دەریای سپی ناوەڕاست بووە. ناوجەرگەشی لە ناوچەی خاپور بووە. پایتەختەکەی واشوکانی وای بۆ دەچن لەم هەرێمەدا بووبێت.

زمانی میتانی زمانێکی کۆنە و لە زمانەکانی هیندوئەورووپییە و بەتایبەتی فۆنفلۆژی و ڕێزمانی خۆی هەیە. ئەم دوو زمانە هەندێک تایبەتی خۆیان لەناو زمانی کوردی ئەمڕۆدا بەجێهێشتووە.

ولاتی سوبارتو (١٧) ئەم جێگایانە بووە: ئاراپخا، ناوار و پاراخش. دوای زەمانی حامورابی ئەم ناوچانە ناونران بە هۆری.

سوبارتو، شوبریا بە زمانی ئاشوری بە واتە باکور، بە تایبەتی بە ناوچەی دیاربەکریان وتووە. پاشان بۆتە کێلەشکێن. هەمان ناو سوبارتوم واتە وولاتی ژوورووو.

ناوی هۆری و میتانی لە پێش دوو هەزار سالی پ. ز. دا هەبووە. دامەزرێنەری ولاتی میتانی ساوشتار بووە.

**هوری:**

لە بنەڕەتدا لە قەفقازەوە هاتوون(١٨)و لە ولاتی ئەنادۆل، سوریا، بەرزاییەکانی نێوان دووڕووبار و ڕۆژهەلاتی ولاتی ئاشور بلاوبونەتەوە و دەولەتێکی بەهێزیان، بە ناوی میتانی دروستکرد، کە هەموو ناوچەکانی نێوان گۆمی وان تا ناوەڕاستی ڕووباری فورات لە شاخەکانی زاگرۆسەوە تا ڕۆخی سوریا و بە ولاتی ئاشوریشەوە کەوتە ژێر دەسەلاتەوە.

میتانی بوونە دوو بەش. یەکەمیان لە ناوچەی گۆمی وان؛ دووەمیشیان مایەوە لەسەر ولاتی ئاشور و بەشێک لە سوریا. پاشا میتانیەکان ولاتەکەیان تەسک بووە وە و بوو بە ولاتێکی بچووک لە بەرزاییەکانی سەرووی نێوان دووڕووبار. لە نوسینە مێخیەکاندا بە ناوی خاتە گلبات هاتووە. پاشان ئاشووریەکان لە سالانی ١٣٦٥-١٣٣٠ پ. ز. ئەوانیان خستە ژێر دەسەلاتی خۆیانەوە.

مامۆستا ئەمین زەکی دەلێت: (محرری تاریخی بابلستان سیر کینغ (١٩) ئەم قەومە بە قۆلێکی کاسی دادەنێت و ئەلێت لە عرقی ئاری یە، بەلام ئیضاحاتی" ئەقوامی مەزوپوتامیا" نەوعێکی ترە و ئەلێت شعبەیەکی قەومی سوبارو = سوبارتۆیە.

کاغەزێکی توشراتای قەرالیان کەشف کراوە، کە بە زمانی میتانی نوسراوە و ٦٠٠ دێڕە. مستشرق بورک ئەلێ زمانی ئەو کاغەزە لە عەناصری زمانی(قەوقازی)یە. ولاتی میتانی بە عنوانی سوباری مەشهور بووە. لە مەنتیقەی کەرکوک دا چەند هەزار بەلگەنامەیەک دەرحەق بە سوباری و( میتانی) کەشف کراوە.

ناوی ولاتەکەیان هانی گالبات بووە. میسر پێی وتوون: ناهاری. لە تەوراتا بە( ئارام ـ ئاهارەم) ناوبراون.

سیر سدنی سمیت ئەڵێ : بەشی غەربی دیجلە (سوباری) بە ناوی هوریەوە ناسراوە. لە دەوری حکومەتی ئاسوریدا ئەم ناوی(سوباری) بە تدریج وون بوو لە جێگەی ئەو ناوی نایری هاتە مەیدان.)

ناوی خواکانیان هیندوئێرانیە (٢٠)، وەکو ئەندرا، ئارونە، میترا و خودایەکی کەیان بە ناوی ناساتیا وە. ئەم وڵاتە تا سەدەی چواردیەمی پ. ز. مابوو. لە هەندێک نوسینی کەدا ناوی خواکانیان وا هاتووە:

ئیندرا، وارونا، میترا، ناساتیا، ئاشی، ئیل، ئارونا، ناشا، ئاتیا و ئانا.

## میدیا (ماد):

هەر وەکو سەرزەمینێکی مێژوویی(٢١) و بە مانای فراونی ئەم وشەیە لە سەردەمی کۆندا، ئەو خاکەی لە لای ژوورووەوە بەرەو ڕووباری ئاراس و لووتکەکانی ئەلبورز (خواروی دەریای خەزەر) و لە ڕۆژهەڵاتەوە دەشتە شورەکاتەکانی دەشتی کوێر، لە ڕۆژئاوا و خوارەوە بە زنجیرە چیاکانی زاگرۆسەوە بەندە. بەم سنورە چەرخەدراوە وتراوە خاکی ماد.

خاکی ناوبراو لە ڕووی جوگرافیەوە ، هەروەها مێژوویشەوە دەکرێت بە سێ بەشەوە:

بەشی یەکەم، بەشی ڕۆژئاوایە (مادی ئاتروپاتین)، ئەم ناوچانە دەکەوێتە ناوچەکانی ئازەربایجان و کوردستانی ئێرانەوە.

بەشی دووەم، مادی بچوکە؛ بەشی سێیەم پارتاکنا.

ئاینی مادەکان: ئاین کاریگەرێکی گەورەی لە ئایدۆلۆژیەت و بیروباوەڕی ڕۆژهەڵاتی کۆندا هەبووە. مێژووی ماد دەکێت بە دوو بەشەوە: یەکەمین ، بەر لە سەدەی حەوتەم. ئەوی تریان لە سەرەتای ئەو سەدەیە بە دواوە. سەرچاوە ئاشورییەکان پێش هەزارەی یەکەمی پ. ز. باسی خواکانیماننا و هینی تر دەکەن. ئەو وێنانەی بتەکان بە هۆی پارچە مفرغ و زیونیە(لوڕستان) یەکانەوە، ئەوانەی لەسەر پارچە جۆربەجۆرەکان لە زێویە لە ماننا دۆزراوەتەوە، وانیشاندەدەن کە ئەو سەرچاونە ، کە یاسای ڕۆژئاوی مادی کۆن، زووتر لەگەڵ ئاینی هۆریەکان و تا ڕادەیەک ئاشورییەکان جۆربوون.

پێشتر میللەتەکان ڕێزیان لە سەگ گرتووە ، کە پاشان ئاڤێستا بایەخی پێ داوە، ئەمەش لە ناو هۆزەکانی ئالبانی دا باوبووە، هەروەها دارەتەرم دانان لە بەردەم باڵندەکاندا لە دواییدا بوو بە یاسایەک لە یاساکانی زەرتەشت.

ئەو نوسراوە و پەیکەرە ئاینیانەی کە لە پاشماوەی ماننا و لوڕستانەوە بەجێماون ، بە شێوەی گشتی هیچ جۆرە پەیوەندیەکی بە یاسای ئاهورامەزدا و ئامۆژگاریەکانی زەرتەشتەوە نییە.

ئاینی لۆلۆ ، گۆتی و کاسیەکان ، هەروەک خوو مابوونەوە. بێگومان لە سەدەی نۆیەم و هەشتەمی پ. ز. دا، لە ناو هەندێک لە دانیشتوانی ماددا باویان هەر هەبووە.

سەرزەمینی ماد لە سەدەکانی حەوتەم و شەشەمی پ. ز. دا سەرچاوەیەک بووە، کە هوشیاری ئاینی و فەلسەفەی لێوە بڵاوەکردووە و بۆتە بنکەی پێشکەوتنی فەرهەنگی و

ئاینی.لە هەزارەی یەکەمی پ. ز. دا خەت و نوسین لە سەرزەمینی مادا هەبووە. ماننایەکان خۆیان خەت و نوسینیان هەبووە، لەوانەیە لە ئۆرارتۆیەکانیان وەرگرتبێت. گومانی بۆ دەچێت کە جۆرێک بووە لە نوسینە بزماریەکان. لە سەدەی حەوتەمی پ. ز. دا مادەکان خەت و نوسینیان هەبووە. هەمان خەت و نوسینە ، کە ئەمڕۆ بە خەتی کۆنی پارسی یان (خەتی هەخامەنشی ـ ڕیزی یەکەم ) ی دادەنێن. لە ڕاستیدا ئەمە ڕەگەزی مادییە. خەتی بزماری(پارسی کۆن) لە سەردەمی کۆرشی دووەم و ناوەڕاستی سەدەی شەشەمی پ. ز. زۆر باوبووە.

خەتی بزماری پارسی کۆن لەگەڵ خەتی بزماری بابلی و ئیلامی جیاوازییەکی زۆریان هەبووە. ڕەنگە لەگەڵ خەتە بزمارییەکانی تری ئاسیای نزیکدا یەک سەرچاوەیان بووبێت. ئەمانە وا نیشانئەدەن پارسەکان خەتی بزماریان لە مادەکانەوە وەرگرتووە.

### تیرە سکاییەکان ، یا ئاسکیتیەکان:

کۆمەڵێکی کە لە تیرەکانی ئێرانیزمان (٢٢) لە سەرەتای هەزارەی یەکەمی پ. ز. دا لە سنوری جێگا دوورەکان پەرتوبڵاو بووبوونەوە. ئەوانە سکاییەکان بوون، کە لە ناوچەی باکوری ئاسیای ناوەڕاست خۆیان نیشتەجێکردبوو.

سکاتیکرا خائودا = سکایە خووتیژەکان.

سکاهئومرە ورگا = لە دەوری مرغاب بوون

سکاتیائی پرسوگدم = لە سەر خاکی سەغد بوون

سکاتیایی پر دەریا= لە سەر دەریا بوون. ڕەنگە لە سەر دەریای ئۆراڵ بووبن.

بە قسەی هیرۆدۆت و تەورات تیرەکانی سکایی بەرەو ناوچەکانی نێوان دووڕووبار و سوریا و باشوری فەلەستین کۆچیان کردووە. پاشماوەی زمانی بنەڕەتی ئاسکیتی بە دەستەوە نییە و ئەمانەش ئارین.

لە نوسینی ئاشورییەکاندا (٢٣) سکای بە ئەشکەوازی هاتووە، لە تەوراتیشدا هەرو هاتووە. لە فەرمانڕەوایی پارتاتورا یان پرتۆتیس وڵاتی سکایی بەشێکی زۆری وڵاتەکە بووە . پاشان پێیان وتووە ئاترۆپاتین(ئازەربایجانم ئێستا بەو ناوەوە ناونراوە.) دۆستایەتی و

پەیوەندیان لەگەڵ مادەکاندا هەبووە.

شاری سەقز ، ناوی سکاییەکانە و لە ناوی ئەوانەوە هاتووە. لە باشوری دەریاچەی ورمێ ، لە ناوچەی مانایی، کە داگیریان کردبوو، لە و جێگایانەدا جێگیربوون و سەقزیان کردە پایتەختی خۆیان.

سکاییەکان (٢٤) لە سەدەی هەشتەم و حەوتەمی پ. ز. دا لە ڕێگەی قەفقازەوە هاتونەتە ئاسیا. هەندێک لە زانایان باوەڕیان وایە ، سەدەیەک پێشتر، ەاتە لە سەدەی نۆیەمی پ. ز. دا لە بەشی ڕۆژهەڵاتی ئەڵتایدا بوون.

بۆ لەوەڕخۆری بەرەو سەرزەمینی خۆرئاوا کەوتونەتە کۆچکردن. لەو جێگایانەشدا لەگەڵ میللەتی کیمری (یان سیمری) ، کە ئەمانیش کۆچەر و گەڕۆک بوون ، دووچاری جەنگ و هەرا بوون ، و لەم شەڕانەدا تێکشکاون.

هەندێکی کە لە سکاییەکان لە ڕێگای گەردنەی دەربەندەوە دەستیان درێژکردبووە دەوروبەری دەریاچەی ورمێ. ئەم ڕووداوانە لە سەردەمی سارگۆنی پادشای ئاشور، لە ساڵی ٧٢٤ - ٧٠٥ پ. ز. دا بووە.

بە درێژایی سی ساڵی شوڕ و هەرا لە نێوان سکایی و کیمریدا بەردەوامبووە.

بەشێکی کەی سکایی لە گۆڕەپانی باشوری ڕووسیا مانەوە، کە بەناوی سیتی ڕۆیاڵ ناسراو بوون. ئەمانە خاوەنی سامان و دەسەڵاتێکی زۆر بوون و تا مەجەڕ و نەمسای ڕۆژهەڵات چووبوون. سکایەکان زۆر بایەخیان بە ئاین نەداوە؛ خواکانیان بریتی بووە لە خوای ئاگر، خوای زیندەوەر، زئوسی خوای ئاسمان، خوای زەوی، خوای خۆر، خوای مانگ، خوای ئاو و خوای کاتی شەڕ. لەناو ئەو میللەتەدا چینێک ، بە ناوی ئاینی (ڕۆحانی) نەبووە. بەڵام چینێک هەبووە لە جادووگەران و سیحربازان. زۆر ڕێزیان لە گۆڕی باووباپیرانیان و خزمانیان گرتووە،ماتەمینیشیان دادەنا ، ڕیشیان نەدەتاشی، شیوەنیان نەدەکرد، جلوبەرگی خۆیان دەدڕی. بە قسەی هیرودت پاش تێپەڕبوونی ساڵێک بە سەر مردنی سەرۆکی تیرەکەدا، پەنجا کەس لەوانەی پێشتر پارێزگاری ئەو سەرکردەیە بوون لەگەڵ پەنجا ئەسپدا دەکوشت و بە شێوەی بازنەیی بە چواردەوری گۆڕی سەرۆکەکەدا و هەر یەکەی لەگەڵ ئەسپەکەی خۆیدا، دەیانناشتن ، بەو نیازەی ئەمانە پارێزگاری گۆڕی سەرۆکەکەیان دەکەن. بە سکایەکانیان وتووە ماجوج.

## ئەنجام

### سەبارەت بەئەو شەش هۆزە یا میللەتانە

کوردستان، هەروەک خوزستان و نێوان دووڕووبار، یەکەمین کۆڕ و کۆمەڵی ئادەمیزادی تێدا نیشتەجێبووە. هەر لە سەرەتاوە ، لە چوارچێوەی سروشتی شاخ و دەشت و لوتکەی بەرز و پانتایی دۆڵی قوڵ و فراواندا، کە جێگای میللەتی کوردە، ژیواری خۆیان بڕیارداوە.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەرەتای مێژووی وڵاتی کوردانی ئەو کاتە لە ڕۆژهەڵات و باشوور، هەر وەکو ئێستا لەو جێگایانەدا بوون.

بە پێی ئەو پشکنینانەی کە دەرکەوتون، بە تایبەتی لە دێی چەرمووی نزیک چەمچەماڵ، لە هەزارەی شەشەمی پ. ز. دا کۆمەڵگای تێدا بووە، کە بە ئاژەڵداری و کشتوکاڵەوە خەریکبوون. گومانی تێدا نیە لە سەرەتای دروستبوونی کۆمەڵگاوە مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستاندا هەبووە.

ئەوانەی پێشتر ناویان نەزانراوە، وەک هۆز یان تیرە، دەبێت لە سەرەتای شەپۆلی یەکەمی کۆچی ئاریەکاندا هۆزێک یان زیاتر بەرەو ئەو ناوچانە هاتبن، کە بۆتە شەڕ و هەراو پێکدادانیان و پاش سەرکەوتنیان بە سەر ئەوانەی پێشوودا یەکیان گرتووە و بوونەتە یەک. ئەوانەی کە هاتوون ئارینەژاد بوون. ڕەنگە ئەو کۆچانەی یەکەمجار لە هەزارەی چوارەمی پ. ز. دا بووبێت.

لە سەرەتای هەزارەی سێیەمی پ. ز. وە ناوی دوو میللەت لە نوسیندا هاتووە، وەک لۆلۆ و گۆتی، ئەم دوو لایە یەک ڕەگەزیان هەبووە و سنوریان بەیەکەوە بووە و لە کوردستانی باشوور و خۆرهەڵات و باکوردا ژیاون. بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی بە دەستەوەیە ، ئەوەش لە ناوچەی زەهاو، بە پێی نەخشەی ئانوبانني، ئەمانە لە زەهاو و شارەزوور و سلێمانی ، ئاڵتون کۆپری و دەوروبەری کفریدا ژیاون. وێنەی ئانوبانني ، پادشای لۆلۆ لە کێوی پاتیر لە ناوچەی زەهاو هەیە، پادشا بە ئامادەی بەرامبەر بە خودای ئیشتار ، کە ئەو ئەمی بەسەر دوژمنەکانیدا سەرخستووە، پێیەکی لەسەر یەکێک لە دوژمنەکان داناوە کە لە سەر زەوی کەوتووە. خوداکە بە دەستێکی نیزەیەکی گرتووە و بە دەستەکەی تری پەتێکی پێیە، کە یەکێک لە دیلەکان ببەستێتەوە. لەسەر بەردەکە نوسینی مێخی نوسراوە. ئەم نوسینە کۆنترین نوسێنێکە کە ناوی

لۆلۆ ، لە کاتی فەرمانڕەوەیی زنجیرەی دووەمی پادشاکانی ئوردا دەبات.

ئانۆباننی لە نوسینەکەیدا دەڵێت: هەر کەسێک وێنەی ئەم بەردە بسڕێتەوە نەفرەتی ئانو و ئانوتوم ... هتدی لێ بێت و نەوەی نەمێنێت. ئەمە ئەوە ئەسەلمێنێت و بەڵگەی ئەوەیە کە لۆلۆکان ئەو خوایانەیان ناسیووە و پەرستووە.

لە سەرەتادا ووتمان لۆلۆکان باپیرەگەورەی لوڕی ئێستان و ئەو جێگایانەی ناوبراوە، لەژێر دەسەڵاتی ئەواندا بووە. بەڕێز ئەمین زەکی بەگ و ڕەشید یاسەمی لە کتێبەکانی خۆیاندا باسی ئەوەیان کردووە.

لە لایەن هەندێک زانا و مێژووناسانەوە کاسیەکان بە باپیرەگەورەی لوڕی ئێستا دادەنرێت.

ڕاستە ئەمانە پتر لە پێنج سەدە، لە ساڵی ١٧٦٠ پ. ز.تا ١١٧٠ پ. ز.،فەرمانڕەوایی نێوان دووڕووباریان کردووە و پاش لەدەستدانی فەرمانڕەوایەتییان بۆ لوڕستان گەڕاونەتەوە. لۆلۆ پێشتر لە لوڕستان و باشووری کوردستاندا بووە. بە پێی ئەو بەڵگانەی باسکرا، ئەوە سەلماندنە بۆ ئەوە، وەک نوسینەکەی ئانوبانی لە زەهاو و نوسینی پەیکەری نەرامسین لە دەربەند گاوری قەرەداغ. تا پێش ئەو کاتانە ناوی کاسی یان کاشییەکان نییە. ئەمانە لە دەوروبەری سەدەی نۆزدەیەمی پ. ز. دا لە دەوروبەری دەریای خەزەرەوە بەرەو سیروان تا ناوچەی لوڕستانیان گرتۆتەوە. دیارە بە شەڕ و هەرا سەرکەوتوو بوون و ماونەتەوە، لەگەڵ دانیشتوانی کۆندا لەو جێگایانە بونەتە یەک و زیاتر ناوی ئەمان لە ئارادا بووە و بونەتە فەرمانڕەوای نێوان دووڕووبار. ئەمانەش ، کە بە ڕەگەز ئارین، خوای تایبەتی خۆیان هەبووە. خوای گەورەیان کاشو ، شوریاش، ماروتاش، شیپاک، ساه، هوزا، هارپە، شیخو و شمش بووە. هەروەها ، لەتەک ئەمانەدا ئەسپیشیان پەرستووە...هتد.

گۆتی لە ساڵانی ٢٢٣٠ پ. ز. دا، بۆ ماوەی ١٢٥ ساڵێک فەرمانڕەوایی نێوان دووڕووباریان کردووە. پادشای بەناوبانگیان کودی بووە. فەرمانڕەواییان لە ئاراپها (کەرکوکی ئێستا بووە) و پایتەختیشیان هەبووە. لە ساڵی ٢١٠٥ پ. ز. دا فەرمانڕەواییان لە نێوان دووڕووبار ، لە لایەن زنجیرەی سێیەمی ئورەوە، کە دو زنجیرەی سۆمەرە لە مێژوودا لەسەر دەستی شلکی کوڕی ئورنمو کۆتاییان هات. ناوبراو لەگەڵ تیرە و میللەتەکانی ناوچەی زاگرۆسدا شەڕی کردووە. لە هەشتەمین ساڵی فەرمانڕەواییدا چۆتە سەر ویلایەتی (کازلو) لە

ڕۆژهەڵاتی دیجلە و لەوێ پەیکەری خوای (نوموشدا)ی هێناوە. لێرەدا مەبەست پەرستن و ناوی ئەو خودایەی ویلایەتی گازلوە کە پەرستویانە. خواکانیان بە ناوی ئیشتار و سینەوە بووە.

لە نوسینێکی مێخیدا، لە لایەن سەلمانسەری یەکەمەوە ساڵی ١٢٧٤-١٢٤٥ پ. ز. باسی ئەم تیرانە دەکات: خالدی، ئەراراتی، سوباری، نایری میتانی، موشکی و زۆری تر کە هەموو گۆتی بوون. میللەتی گۆتی کە لەئاسمانی ئەو سەدەیەدا وەک ئەستێرە دەدرەوشایەوە لەبەر زۆرییان و زۆر بە توانا و بەهێز بوون... هتد. لە کۆتاییدا دەڵێت : پاش شەڕکردن لەگەڵیاندا لە سنوری ئەراراتەوە تا کوموخی (= تەورعابدین) و پانتایی ئەم وڵاتە خوێنی گۆتیەکانم وەک ئاو ڕژاند.

مەبەست لێرەدا ئەو نوسینە بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە ئەو تیرە و هۆزانەی بەشی خۆرهەڵات و باکوری ئاشوریەکان بە ناوی گوتیەوە بوون.

میتانی: ئەمانە لە دەوروبەری دوو هەزارەی پ. ز. دا کەورونەتە کۆچکردن و فەرمانڕەواییان لە سەدەی شانزەوە تا ساڵی ١٢٧٠ پ. ز. بووبێت. پێشتر لەو جێگایانەدا خەڵکی تێدابووە و بە شەڕ و هەرا بوونەتە یەک.

بە هەموو، ئەوانەی پێشتر ناویان نەزانراوە، وتراوە میتانی یا سوباری، بە دوو سەد ساڵێک دوای لەناوچوونی فەرمانڕەوایەتیان. ئەوەتا سەلمانسەری یەکەم دەڵێت: میتانی و سوباری گۆتی بوون. ئەمانەش ئایین و پەرستنی تایبەتی خۆیان هەبووە.. خواکانیان بریتی بووە لە میترا، ئانورا، ئارونە و ناساتیا.

لێرەدا ڕوونبووەوە تا ساڵی ١٢٥٠ پ. ز. خواکانی ئەو ئیمپراتۆرییە گەورە ئەوانە بوون. ئەمانیش بە ڕەگەز ئارین و لە هیندوئەوروپییەوە نزیکن.

سکاییەکان لە مادەکانەوە نزیکبوون و یەک نەژاد بوون، لە ڕووی زمانیشەوە نزیکبوون. هاوکارییان لەگەڵ دەوڵەتی ماددا بۆ پەلاماردانی نەینەوا ، لە ساڵی ٦١٢ پ. ز. کرد و دەوڵەتی ئاشوریان لەناوبرد.

ئاین و پەرستنیان لە بەشی خۆیدا ڕوونکراوەتەوە. خوای ئاگر، زئوسی خوای ئاسمان، خوای خۆر، خوای مانگ و خوای ئاو. مەبەستی سەرەکیمان لە ڕوونکردنەوەی ئەم میللەت و هۆزانە

پەرستنیان و خواکانیان و ئاینەکانینە. لە سێ هەزارەی پ. ز. هەتا حەوت سەد ساڵی پ. ز.، کاتی فەرمانڕەوایەتی مادەکان، هەر هۆزێک بۆ خۆی یان چەند هۆز و میللەتێک بۆ خۆی ئاینی تایبەتیان هەبووە. بە شێوەی گشتی ڕوونە کە چی بوون و ناویان چی بووە.

ناوی خواکانی گۆتیەکان، لە کاتی فەرمانڕەواییاندا لە نێوان دووڕووبار و پاشان گەڕانەوەیان بۆ ئاراپها، ڕوونە. هێرش بۆ سەر ویلایەتی گازلو و هێنانی خواکەیان دیارە و ئەو ویلایەتەش پێش میتانیەکان بووە. خواکانی ئەوان لەگەڵ ئەماندا جیاوازن. کاسیەکان بە ڕوونی ناوی خواکانیان هاتووە.

مەبەست لەمەش ئەوە ئەگەیەنێت لە هەموو نێوان ئەو ماوەی مێژووانەدا لە و ناوچانەی پێشتر باسمان کرد، کە بە خاکی کوردستانی ئێستا دائەنرێت تا سەدەی حەوتەمی پ. ز. ناوی ئاورامەزدا و زەرتەشت نییە.

لە نوسینەکانی داریوشی یەکەم ـ ساڵی ٥٥٢ پ. ز.کە لە بێستوندایە، ناوی ئاهورامەزدا، وەک خودای یارمەتی و پاڵپشتی ئەو، زۆر هاتووە. لە هیچ نوسینێکدا ناوی زەرتەشت نەهاتووە. لە کاتی فەرمانڕەوایی مادەکان، لە ساڵی ٧٠١ پ. ز. تا ساڵی ٥٥٠ پ. ز. دا ناوی ئاهورامەزدا و زەرتەشت نییە.

تەنانەت لە نوسینەکانی سەردەمی فەرمانڕەوایی کۆرش و کوڕەکەی، کەمبوجیەدا کە میسری گرت، ناوی ئاهورامەزدا نیە. لە هەندێک پەیکەری پادشاکاندا ناوی فروهەر هاتووە بە وێنەشەوە کە لە ژوور سەریانەوە دروستکراوە.

بەڵگەیەکی کە مادەکان مردوویان خستۆتە ناو گۆڕەوە و پادشاکانیان لە گۆڕی بەردیدا شاردۆتەوە، وەک ئەوەی قیزقەپان، لە خوارووی سورداشدا، گوایە گۆڕی فرائورتی باوکی کیاکسارە و لە شەڕی نێوان مادو ئاشوریەکاندا کوژراوە.

هەروەها هەخامەنشییەکان پادشاکانیان لە گۆڕی بەردیندا شاردۆتەوە، وەک کۆرشی گەورە، دوای ئەو داریوش و نەوەکانی. هەتا ئێستاش ئەو گۆڕانە ماون لە نزیک تەختی جەمشید، لە شیراز.

ئەمەش بە پێچەوانەی ئاینی زەرتەشتە ـ ئەمان مردوویان لە جێگایەکی بەرز دادەنا، و باڵدار و گیانەوەری گۆشتخۆر گۆشتەکەیان دەخوارد. پاشان باران ئێسکەکەی دەشۆردەوە، با

و خۆر وشكی دەكردەوە، ئینجا دەیان خستە ناو گۆڕەوە. ئەمەش جیاوازییەكە، هەرچەندە هەندێک لە زانایان و پشكێنەران ئەڵێن: ئەوانە، واتە پادشاكان نەخراونەتە ناو گۆڕی خاكەوە و نابێت پیس بێت، بەڵكو خراونەتە ناو گۆڕی لەبەرد دروستكراو.

**پەراوێز و سەرچاوەکان**


١- رشيد ياسمى، كرد و پيوستگى نژادى و تاريخ او. موسسه انتشارات امير كبير، تهران ١٣٦٣. ل ١٨

٢- دراسات الكوردى فى بلاد سوبارتو د. جمال رشيد احمد . ل١٢

٣- لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری د. جەمال ڕەشید. ل ١٢١

٤- ميديا ـ ئى . م. دياكونوف ، برهان قانع لە فارسیەوە گۆڕیویەتیە سەر کوردی . چاپ یەکەم ١٩٧٨ . ل١٥٨

٥-كورد و كوردستان . محمد امين زكى، جلد ١-٢-٣ سال ١٣٥٠هـ. ١٩٣١م. انتشارات سيديان - مهاباد . ل٦٤

٦- كرد و كردستان و توابع . ايه الله مردوخى چاپ دوم ، جلد ١، ل ٤٠

٧-ميديا ـ ئى . م. دياكونوف . ل٢١٧

٨- هەمان سەرچاوە ل١٦٢

٩- رشيد ياسمى، كرد و پيوستگى نژادى .... ل ٢٨

١٠-نەژادی کورد - ئو.ل. ڤیلچێڤسکی (ڕەوتی مێژووی دروستبوونی میللەتی کورد. مۆسکۆ، لێنینگراد ١٩٦١) ستۆکهۆلم، ڕەشاد میران لە ڕوسیەوە کردوویە بە کوردی ١٩٩٣، ل ٧٠

١١- دراسات الكوردى فى بلاد سوبارتو د. جمال رشيد احمد . ل١٣٠

١٢- كرمانشاه كوردستان جلد ١ د. مسعود گلزارى مجلد اول. ل ٢٤٥

١٣-تاريخ اقوام و پادشاهان باستان ايران پيش از اسلام . تاليف دكتور محمد جواد مشكور، استاد دانشگاه تهران. ل ١٤٢

١٤- رشيد ياسمى، كرد و پيوستگى نژادى و ..... ل ٣٩

١٥- ميديا ـ ئى . م. دياكونوف ، ل١٨٦

١٦- لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی.. ل ١٩٩ و ل ٢١٦

١٧- دراسات الكوردى . ل٢٦، ل٢٨ و ل٢٩

١٨-العراق فی التاریخ - بغداد ، ١٩٨٣ . ل ١٢٩
١٩-کورد و کوردستان . محمد امین زکی، ل ١٠٢
٢٠- رشید یاسمی، کرد و پیوستگی نژادی ... ل ٤٧
٢١- میدیا ـ ئی . م. دیاکونوف ... ل٢٢٧، ل٥١٢ و ل٥١٥
٢٢- مقدمه فقه اللغه ایرانی - ای . م .ارانسکی. ترجمه کریم کشاورز. ل ٦٠
٢٣-ایران از اغاز تا اسلام ـ تالیف ر. گیرشمن رئیس هیئه باستانشناس فرانسوی. ترجمه د. معین استاد ادبیات فارسی دانشگاه تهران . بنگا ترجمه و نشر کتاب . تهران ١٣٤٤ . ل٩٧ و ل١١٠
٤٤-ازبکا تاریخ تا پزیرش اسلام . تالیف نادر بیاتی، با پیش گفتار دکتور محمد جواد مشکور، استاد دانشگاه تهران.چاپ اول پایز سال ١٣٦٧. ل ٣٨، هەمان سەرچاوە ل ٥٠

## جێگای لە دایکبوونی زەرتەشت

لە ئاوێستادا(١)جێگای لە دایکبوونی زەرتەشت نەنوسراوە. مێژووناسان و پشکێنەران زۆر لەسەر ئەوە ڕۆیشتوون، بیروڕای جیاواز هەیە، بۆ ئەو مەبەستە لە ڕێگەی ناوی هەندێک شاخ و ڕووبار و دەریاچە، کە بە ناوی کۆن و جۆراو جۆر هاتووە، دەستنیشانی جێگای لە دایکبوون و بڵاوبوونەوەی ئاینەکەی دەکەن. بەشێکی زۆر لە زانایان ناوچەی ئازەربایجان و دەوروبەری دەریاچەی ورمێ دادەنێن.

بۆ ئەم مەبەستە بیروڕای ئەوانە دەخەینە ڕوو:

+ ێنبرگ باوەڕی وایە نیشتمانی بنەڕەتی زەرتەشت خوارەزم بووە و گاتا لە شاری ڕەی (ڕاگا) نووسراوە. زەرتەشت لە ڕۆخی ڕووباری سەیحون ژیاوە و لەێوە بۆ ڕۆخی ڕووباری جەیحون هەڵهاتووە و وردە وردە ئاینەکەی لەوێوە گەیشتۆتە شاری ڕەی و ئەم شارە بۆتە ناوەندی ئاینی زەرتەشت. لە هەموو ویلایەتە کۆنەکانی ئێراندا پێنج ڕابەر و سەرۆک هەبووە، کە ئەمانەن:

١- سەرۆکی ماڵ و خێزان؛

٢- سەرۆکی تیرە؛

٣- سەرۆکی ویلایەت؛

٤- سەرۆکی پیوە ئاینیەکان؛

٥- لە سەروو سەرۆکی ویلایەت و پیاوە ئاینیەکانەوە یەک کەس هەبووە ، ئەوەش زەرتەشت بووە.

+ بارتولەمە، ڕۆژهەڵاتناسی بەناوبانگی ئەڵمانی پرۆفیسۆر گلدنر، جاکسون، ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی هرتسلفد، هرمت، پشکێنەری ئەڵمانی دوشن گیمن، سۆن، ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی زولتسر، مێژووناسی ڕۆمی لە سەدەی چوارەمی پ. ز. دا مار سلیوس، جی مد، ئانکتیل دوپرۆن، دووپستورات، ئەبولفدا، سێر هەنری ڕالینسن ، هاراز، پرۆفیسۆر جاکسن، دکتۆر مولتن، فەردیناند یوستی، دکتۆر ئەمیل وندیلن، ئاشپیگل، پرۆفیسۆر دارمستر، کامبریج، عەبدوڵا خەردازبە، ئیبن فەقییەی هەمەدانی و پورداود ، هەموو خۆرئاوای ئێران بە جێگای لەدایکبوونی زەرتەشت دادەنێن.لەمانە، هەندێکیان بە پێی لێکۆڵینەوەی خۆیان دەوروبەری

دەریاچەی ورمێ، و هەندێکی کەیان ئازەربایجانیان دەستنیشانکردووە. لەمانە هرتسفلد دەڵێت: زەرتەشت لە خانەوادە و فەرمانڕەوایانی ماد بووە، گوایە لەگەڵ کاربەدەستانی ماددا تێکچووە، دراوە بە دادگا و بە بڕیاری دادگا بۆ ڕۆژهەڵاتی ئێران دوورخراوەتەوە.

لە پەڕتوکی پەهلەوی و ئیسلامیدا ئازەربایجان بە جێگای لە دایکبونی زەرتەشت دانراوە و هەر لەو ناوچەیەوە بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینەکەی چۆتە ڕۆژهەڵاتی ئێران ،بۆ لای شاگوشتاسپ کە فەرمانڕەوای بەڵخ بووە.

دکتۆر مەنوچەری مەنوچەرپور دەڵێت: زەرتەشت لە کاتی فەرمانڕەوایی لهراسپ شای کیانی لە ڕۆخی ڕووباری درجی ، کە دەڕژێتە دەریاچەی چیچیستەوە ، لەدایکبووە.

ئەوانەی لەسەر ئاینی زەرتەشتن(٢) دەڵێن کە لە خۆرئاوای ئێران لەدایکبووە، لەوێوە بەرەو خۆرهەڵات، بۆ بەڵخ ـ پایتەختی شا گوشتاسپ ڕۆیشتووە. زماناسەکان دیالێکتی گاتا دادەنێن بە دیالێکتی دانیشتوانی خۆرهەڵاتی ئێران. هەر یەکێک لەو پێغەمبەرانە لە کوێ لەدایک بووبێت، بە شێوەی ئەو جێگایە شتی وتووە. سۆن (٣)دەڵێت : یادکردنەوەی شتێکی مێژوویی بێهودە نییە. لە خاکی موکریاندا جێگایەک هەبووە زەرتەشت، پێغەمبەری کۆنی ئێرانی لەو جێگایە لە دایکبووە. لەوێوە کەوتۆتە بڵاوکردنەوەی ئاینەکەی. ئەوەش لە بەشی باکوری خاکی موکری کەلاوەیەک هەیە، پێی دەڵێن تەختی سولەیمان، لە ڕووی ڕاستییەوە پاشماوەی مانەوەی شاری (شیز) ی پایتەختی ماد بووە. ئەم کەلاوانە: لە ناوچەی هەوشار لە دەوروبەری ساینقەڵادایە، پێی دەڵێن ئەکباتانی باکوری. هەر لەوێدا بوو ئەشکانییەکان بە شێوەیەکی سەخت ئەنتوانی سەرداری ڕۆمیان شکاند. کەلاوەیەکی کە لەو جێگایەدا هەیە، بەرزایی نۆ هەزار پێیە. خەڵکی ئەو ناوچەیە باوەڕیان وایە کۆشکی سولەیمان پێغەمبەر لەوێ بووە. باسێکی ئەفسانەیی تر هەیە: بەرامبەر لوتکەی کێوی ئەو جێگایە بەرزاییەک هەیە ، دە هەزار پێیە، لە ئێسکی باڵندە دروستکراوەو پێی دەڵێن تەختی بەلقیس.گوایە شاژن سەبا لەو جێگایەدا بووە و بۆ ئەو دروستکراوە.

بە گفتەیەکی تر سەبارەت بە کۆشکی شاژن سەبا، گوایە لە جێگای ئێستای شنۆدایە. کەوتۆتە باشووری خۆرئاوای دەریاچەی(ورمێ)وە. لە خاڵێکی ڕووی مێژووییەوە ناوی تەختی سولەیمان ڕەنگە لە ناوی سولەیمان شاوە هاتبێت، کە لە سەدەی سیانزەیەمدا لە کوردستاند ا

فەرمانڕەوایی کردووە، کۆن پایتەختی ماد بوو وکۆڕشی گەورە گەنجینەی #کرسوسی لێ دانابوو.

هەندێکی کە لە زانایان و پشکێنەران باوەڕیان وایە لە خۆرهەڵاتی ئێران لە دایکبووە، لە وانەش:

ئالتهیم (٤)، ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی هینیک، زمانناس و خۆرهەڵاتناسی بەناوبانگی ئەڵمانی هومبائە، شدر، بویس، میلز، ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی پرۆفیسۆر لنتس، پشکێنەری ئەڵمانی ڕۆدۆلف، زانای ئەڵمانی ئیلرس و یەندشیمان و هەندێک لە مێژوونووسانی ڕۆمی وەک: سین لوس و پانودوروس ، هەروەها ڤاسیلی نیکیتین ، پرۆفیسۆر کارل گلدنر و دکتۆر میلز. ئەم زانا و مێژوونووس و پشکێنەرانە بە پێی هەندێک لێکۆڵینەوەی خۆیان و بەراوردکردنی هەندێک ناوی جێگا باوەڕییان وایە لە ڕۆژهەڵاتی ئێران و باکوری ڕۆژهەڵات و بەڵخ بەجێگای لەدایکبوونی زەرتەشت دادەنێن.

هەندێکی کە لەزانایان خوارەزم یان خێوە باکوری ئەفغانستان بە جێگای لەدایکبوونی دادەنێن.

لومل، ویدن گر، هینتس و پشکێنەری ئەڵمانی زهنر باکتریا بە جێگای لەدایکبوونی دادەنێن و گوایە پاشن چۆتە خوارەزم.

لە پەرتوکی پەهلەوی(٥)، لە وندیدادی پەهلەویدا (١-١٥)دا هاتووە، دەڵێت: من هورمزی دوانزەمین جێگا و شارێک کە دروستم کردووە لە ئاتروپاتکانە. هەندێک ئەمە وا لێکدەدەنەوە کە ئەوە (ڕەی)یە.

لە بەشی ٢٠- ٢٣ دا سەبارەت سپی ڕود لە ئەتروپاتکان دەڵێت کە زوحاک لەوێ کڕنووشی بۆ ئەهریمەن بردووە.

بەشی ٢٠-٢٥ ڕووباری دهاویی لە ئەتروپاتکانە.

دکتۆر وست ئەڵێت : لەوانەیە ڕووباری زاب بێت کە لە سنوری ئازەربایجانەوە ئەڕژێتە ڕووباری ئەروندەوە، یان ڕەنگە ڕووباری شیروان بێت، کە لقێکە لە ڕووباری ئەڵوەند و لە

---

# سەرنجی کتێبی (زندگی و اداب و رسوم ایرانیان)ی ویلسن . ل ١٦١

ناوچەی زەهاوەوە سەرچاوەکەی دێت.

بەشی ۲۲-۲ دەریاچەی چیچیست(ورمێ) لە ئەترۆپاتکانە، ئاوەکەی گەرمە و بۆنی ناخۆشە. هیچ گیاندارێکی تێدا ناژی.

بەشی ۱۱-۹ لەسەر شاخی ئیسنوند ئاگری ئازەرگشنسب کراوەتەوە.

ڕووباری دائیتی هەمان ڕووباری چای شاری مەراغەی ئێستایە.

جی مدی باوەڕی وایە کێوی ئیسنوند کە لە ئاڤێستادا هاتووە، هەمان کێوی سەهەندە، سەرچاوەی ئاوەکان لەو کێوەدایە و جێگای لەدایکبوونی زەرتەشتە.

حەمدوولای مستەوفی لە پەرتوکی(نوزهەتل قلوب)دا، ساڵی ۷٤۰ ک. ، باسی ڕووبارێک دەکات لەو ناوچەیەدا کە پێیان وتووە مرد ڕود. ئاوی مرد ڕوود لە کێوی سەهەندەوە دێت و لە ناوچەی مەراغەوە تێدەپەڕێت و لە دۆڵی دوکان دەچێتە سەر ئاوی جەغتو ، پاشان دەڕژێتە دەریاچەی سویر تسوج(دەریاچەی ورمێ)ەوە. ئەم ڕووبارە ئێستا ناوی موردی چای# و درێژی هەشت فرسەنگە، دێهاتێکی زۆر لە دەوریەتی.

ڕووباری دائیتی لە نوسینی پەهلەویدا و لە وندودای پەهلەویدا سێ جار یادکراوە.

لە بەشی یەکەمدا ئێران ویج بە یەکەم وڵات و بە وڵاتی دائیتی ناودەبات و دائیتی بە ڕووبارێکی پیرۆز ناودەبات. کشتوکاڵی زۆری لێ دەکرێت. ئێران ویج بە وڵاتی ڕووباری دائیتی ناودەبات و بە زەرتەشتەوەی دەبەستێتەوە.

لە دینکرددا چەند جار باسی ئەم ڕووبارە کراوە.

زەرتەشت لە تەمەنی ۳۰ ساڵیدا بەهۆی کاری باشەوە لە ڕۆخی ڕووباری دائیتی دیدەنی و گفتوگۆی لەگەڵ ئاهورامەزدا کردووە و سەرکەوتوو بووە. لە پەرتوکی حەوتەم بەشی ۸- ٦۰

پەرتوکی حەوتەم بەشی ۹-۲۳ لە دین کرد دەڵێت: ئێران ویج وڵاتێکە و ڕووباری دائیتی پیا دەڕوات.

لە زاد سپەرمدا سەبارەت بەم ڕووبارە لە بەشی ۲۱-٥دا نوسراوە کە زەرتەشت بۆ کوتانی گیانی هوم چۆتە کەنار ئاوی دائیتی، ڕووباری دائیتی لە چوار ڕووبار پێکهاتووە.

---

# چای وشەیەکی تورکییە بە واتە ڕووبار

له بەشی ٢٢-١٢ دا دەڵێت: دائیتی جێگای ئامادەبوونی زەرتەشت بۆ دیدەنی ئاهورامەزدا، لە سەرچاوەی لقێکی ئاوی دائیتی لە کێوی ئیسوند دا بووە، کە ئاهورامەزدای بینیوە. ئەمەش بە پێی بەشی ٢٢-٢٦ ئازەربایجان دەگرێتەوە. لە بەشی ٢٧-٢ دا ئەوێ جێگای ئاگردانی ئازەرگشسبە، ئەمانەی سەرەوە بۆ جێگیرکردنی ڕووباری دائیتییە کە ڕووباری موردی چای شاری مەراغەیە.

لە پەرتوکی پەهلەویدا هاتووە کە دەریاچەی چیچیست و ڕووباری دائیتی لە یەک ناوچەدان، و ڕووباری موردی چای لە نزیک دەریاچەی ورمێیە و دەڕژێتە ڕووباری جەغەتوو، ئەویش دەڕژێتە دەریاچەکەوە. ناتوانین بڵێین زەرتەشت لە ڕۆخی ڕووباری دائیتی لەدایکبووە. دەبێت وردبینەوە لە ئاگردانی ئازەرگشسب بەشی ٢٢-٢٦ و ٢٧-٧ ، لە وبەشانەدا ئاگردانی ئازەرگشسب لە ئێران ویجە ، بە واتە ناوچەی ڕووباری دائیتی.

ئاگردانی ئازەر گشسب و گەنج شیچیکان جێگایەکی زۆر پیرۆز بووە. لە دوای فەرمانڕەوایی خەسرەوی پەروێزدا لە ساڵی ٦٢٤ ز. دا سوپای ئێران بەرامبەر سوپای ئیمپراتۆری ڕۆمانی شکا. هیراکلوس(هەرقل) هەرچی هەبوو لە زێڕو زیوو تاڵانکرد. دەڵێن ئەو گەنجینەیە بەرامبەر گەنجینەی کرووز بووە. دوای وێرانکردنی ئاگردانی ئازەرگشسب ئاگردانی شاری (تبرمایس)یان سوتاند و وێرانکرد. لە نوسینی ڕۆمەکاندا جێگای شاری تبرمایس لە بەشی ڕۆژهەڵاتی شاری گەنجە# وە نوسراوە. لەوانەیە ئەم شارە تەبریزی ئێستا بێت، بەوەی شێوەی نزیکی ناوی تبرمایس و تەبریز لەیەکەوە. تەبریز لە کۆند، لە نوسینێکی پادشای ئاشور سارگۆنی دووەمدا بە (تارماکیس †Tarmakes ) هاتووە.

عەبدوڵا خەردازبە( لە ساڵی ٢٢٠ ک. دا لەدایکبووە و ساڵی ٣٠٠ ک. کۆچی دوایی کردووە) لە پەرتوکەکەی خۆیدا بە ناوی (المسالک و الممالک) شاری شیزی لە جێگای ئاگردانی جشنس داناوە و دەڵێت: ئەم ئاگردانە لە لایەن مەجووساکەناوە زۆر جێگای ڕێز بووە. لە کاتی چوونە سەرتەختی پادشاکان لەو جێگایەدا تاجی شاهیان لەسەردەنان و لە مەدائینەو

---

# گەنجک: لە باشوری ڕۆژهەڵاتی شاری مەراغەوەیە.

لەبەر پیـرۆزی بۆ سـەردانی دەهاتن. ئەمین ئەحـمـەد ئەلڕازی، لە نوسـەرە کـۆنەکـانە، لە حەوت(ئیـقلیم)دا نوسـیـویەتی: شـیـز ناوی شـارێکە لە نێـوان مـەراغـەو زنجـاندایە. لەوێدا ئاگردانێکی گەورەی لێیە ، بەناوی ئازەرجنسن کە پادشاکان بۆ سەردانی هاتوون.

مەسعـودیی مێژوونوس لە سـاڵی ٣٤٥ ک. ق. دا کۆچی دوایی کردووە. لە پەرتوکەکەی خۆیدا (التنبیه و الاشراف)، لاپەڕە ٢٢٥ دا باسی ئاگردانی ئازەرگشسب دەکات و دەڵێت: لە شـاری شیـز بووە و پێـیـان وتووە ئازەرخش. ئازەر بە فـارسی ئاگـر و خش ، باش یا پاکە. پورداود دەڵێت: ئازەرخش ناوێکی کەیە ، ئازەرگـشـسب بە واتە ئاگری ئەسپ، ڕەخش بە واتە ڕۆشنایی و خۆشی. ئازەر+ خش لەوانەیە ئازەر+ ڕەنگ، بە واتە ڕەنگی ئاگراوی.

بە فەرمـانی گوشتـاسپ ئاڤێسـتـا بە دوو بەرگ نوسـراوەتەوە. بە فەرمـانی دارای کـوڕیشی یەکـێک لەو دوو بەرگـە لە گـەنج شـپـیکان دانراوە، دووەمـیش لە دژنبـشت #لە کـاتی هـاتنی ئەسکەندەردا بۆ سـەر ئێـران سـوتاوە. ئەوەشی لە گـەنج شـپـیکان بۆ یۆنانیـەکـان بردوویانە و گۆڕیویانەتە سەر زمانی خۆیان.

دەڵێن بەرگـێکی ئاڤێـسـتـا لە ئازەربایـجـان لە شـاری شـیـز لە ئاگـردانی ئازەرگـشـسب پارێزراوبووە. شـاری گنجک یان شـیـز ، ئازەرگـشـسب لەوێدا بـووە.وا دادەنرێت لە باکـوری کەلاوەکانی تەختی سولەیمانی ئێستادا بووە. لەوێ جێگایەک هەیە پێی دەڵێن گەنج ئاباد.

پورداود، ڕاویلسن و جاکسن باوەڕیان وایە ئەو جێگایەیە.

عەبدوڵا خەردازبە لە پەرتوکی ناوبراویدا سـەبارەت شـارە گـرنگەکـانی ئازەربایجـان دەڵێت: جنزە(گـەنجـە) شـاری خـوسـرەوی پەروێز بووە و ورمـێ شـاری زەرتەشت و شـاری شـیـز جـێگای ئاگردانی ئازەرجنسی بووە.

ئیبن فـەقییەی هەمەدانی لە پەرتوکی (البلدان)دا لە سـاڵی ٢٩٠ دا نوسیوویەتی، هەمان گفتەی خەزداربە دەڵێتەوە .

یاقوتی حەمەوی لە جێگایەکدا تەختی سولەیمانی لەژێر ناوی گزن و لە جێگایەکی تردا وەک شیزن یادکردۆتەوە؛ ئەوەش ئاگردانێکی کۆنە، لە لایەن کەیخوسرەوەوە دروستکراوە.

---

#دژنبشت: بە واتە پەڕتوکخانە

دیسان یاقوت دەڵێت: شیز ناوچەیەکە لە ئازەربایجان، کە موغەیر بن شعبەی ئەلسەقەفی # گرتوویەتی. شیز لە جیسەوە هاتووە. دەڵێن زەرتەشت پێغەمبەری مەجووسەکان لەو جێگایەدا بووە. شاری ئەم ناوچەیە ورمێیە.

پـــورداود (٥) لە بەرگی دووەمی یەسنادا ، پاش لێکۆڵینەوە و شـــیکردنەوەی ســـەبارەت کەلاوەکانی تەختی سولەیمان نوسیوویەتی:

هەرچەندە بە ناوی جۆراوجۆرەوە هاتووە، وەک فرداسپ و وروگەنج و شیز. ئەمانە هەموو ناوی کەلاوەکانی تەختی سولەیمان و دەوروبەری بووە، قەڵاکە بە درێژایی ٤٤٠م. ، پانایی ٣١٠م. و بەرزی ٤٥پێیە(لە سنوری ١٣,٥م.)، ئەستوری دیوارەکەی ١٦پێیە(لە سنوری ٤.٨م.) دا دروست کراوە. خاوەنی دوو دەرگا بووە. ئەم دیوارە چواردەورەکەی ١٤٠٠ م.، بە چواردەوری تەختی سولەیماندا بووە، ٣٧ پشتیوانەی هەبووە.

لە ساڵی ٣٤پ. ز. دا ئەنتیوسی سەرداری ڕۆم بە سوپایەکی سەدهەزاری سەربازییەوە شکاوە و گەڕاوەتەوە.

لە جێگایەکی قەڵاکەدا دەریاچەیەکی تێدایە و سەرچاوەکەیشی هەر لەوێدایە، ئاوەکەی زۆر قووڵ و ڕەنگی شینی ئاسمانییە و کەمێک خوێی تێدایە. بە دوو جۆگا ئاوەکەی لێ دەردەچێت. درێژایی دەریاچەکە ١٢٠ م. و پانایی ٨٠ م. و زۆر جێگای سەد مەترە و لە ڕۆخەکانیدا شەست مەتر قووڵە.

جوگرافیانوسی یۆنانی ڕۆژانی فەرمانڕەوایی ئەشکانیەکان ، ئەستریبوون (لە ساڵی ٦٣ پ. ز. دا لە دایکبووە و لە ساڵی ١٩ دا کۆچی کردووە) نوسیوویەتی : پایتەختی شاکانی ئەترۆپات (ئازەربایجان) لە دەشتێکدا بە ناوی گزک و پایتەختی زستانەیان لە کۆشکی ئیستوار (قەڵای ئیستوار)ە. ئەمەش ئەو جێگایەیە کە بەتلیموسی ئەستێرەناس و جوگرافیازانی سەدەی یانزەیەم بە فرداسب ناوی بردووە، بە واتە(ئەسپی تیژڕەو)، لە پەهلەویدا ووشەی پریسب و فرسب بە واتەی چواردەور و دیوار هاتووە.

پورداود (٦) لە بەرگی یەکەمی یەسنادا ئەڵێت:

---

# داگیرکەری ئازەربایجان لە سەردەمی فەرمانڕەوایی عوسمانی کوڕی عەفاندا، لە ساڵی ٢٢ک.

بەرroونی ئێــران ویج لە دەوری ئازەربایجــانە، لە بەشی ٢٠ دێڕی ٣٢ ڕووباری دارجــە، کــە ڕووباری دائیتیە لە ئێران ویجدایە، لەو خێگایەدا ماڵی پورشب، باوکی زەرتەشتی لێ بووە. هەروەها لە بەشی ٢٤ دێڕی ١٥ لە هەمــان پەڕتوکــدا ڕووباری دارجــە(ڕووباری گــەورە و سەروەر) ماڵ و جێگای باوکی زەرتەشت لە ڕۆخی ئەودابووە، زەرتەشت لەوێ لە دایکبووە.

دەربارەی ڕووباری دارجـە لە ئاوێســتــادا و لە پەڕتوکی پەهلەویدا باسکراوە، باسی ئەوە ناکات (٧)کــە ڕووباری ئێـران ویجـە. لە فــەرگــرد ١٩ وندیدا لە دێڕی ٤ و ١١ ، ناوی ئەم ڕووبارە هاتووە، لە بەشی بەرزایی و پشتیەوە ماڵی پورشپ ، باوکی زەرتەشت بووە. لە بەشی ٢٢ دێڕی ٢ یەکەم گفتوگۆی زەرتەشت لەگەڵ ئاهورامەزدا لە ڕۆخی ئاوی دائیتی بووە.

لە دێڕی ١٢ گفتوگۆی دوا ئەشاسپدا امرداد وا هاتووە : امرداد لە ڕۆخی ڕووباری دارجە و لە ڕۆخی ئاوی دائیتی لەگەڵ زەرتەشتدا گفتوگۆی کردووە. ئەمانە هەمووی دەری دەخات کە زەرتەشت لە ئازەربایجان بووە، ماڵی باوکی زەرتەشت لە دەوروبەری دارجەدا بووە، کە دەبێت ڕووبارێکی ئەو ناوچەیە بێت.

جی مدی لە نوسینێکیدا، لەژێر ناونیشانی ڕووباری دارجە، کە لقێکی ڕووباری دائیتیە نوسیوویەتی:

لە پەڕتوکی پەهلەویدا بەندهشی(بەشی ٢٠-٣٢)دا دەربارەی دارجــە ، جــێگای ئەو بە ئێران ویج دەزانێت، نوسراوە دارجە لە ئێران ویج دایە.

لە پەڕتوکی (زادسپرم) ی پەهلەوی: جێگای دارجە بە لقێکی ڕووباری دائیتی دادەنێت.

ئێستا ڕوونبووەوە (٨) کە ڕووباری دائیتی هەمان ڕووباری موردی چای شاری مەراغەیە. ڕووباری دارجەیش لقێکە لە لقەکانی ئەم ڕووبارە. ئەم ڕووبارەش بە ناوی دێیەکە بە (مغان جیق #) ناسراوە.

لە بەرزایی باشووری سەهەندەوە سەرچاوە دەگرێت و لە تەنیشت ڕۆژهەڵاتی ڕووباری موردی چای دەڕوات، لە دێی مغان جیق و کرجیق نزیک پەڕینەوەی ڕێگای ئاسنی تاران- مەراغە دەڕژێتــە ڕووباری مــوردی چاوە، پاش یەکگرتنی ئەم دوو ڕووبارە بە ناوچەیەکی شاخــاویدا

---

# مغان جیق : ڕەنگە جێگای موغ بووبێت، بو فارسی جا= جێگا و مغ

دەڕوات و یەکێک لەو شاخانە شاخ ئەشکەوتی هامپۆڵیە.

دێی مغـان جیق، کە ڕووبارەکـەی بە ناوەوەیە لە سنوری دە کـیلۆمەتری ئەم ئەشکەوتە و لە ٢١ کم. باشوری خۆرئاوای مەراغە لە ڕۆخی ئەو ڕووبارەیە.

واژەی ئیـرینە و ئیجـە لە جێگای بنەڕەتی ئاریەوە هاتـووە. بە پێی نوسـینی پەڕتووکەکـانی پەهلەوی ، ئەم نـاوە بەسـتـراوە بە زەوی و زاری نـاوچەی ڕووبـاری دائیـتی(= مـورد چـای) ئێستاوەیە، واتە بەشێک لە زەوی و شاری مەراغە و میاندواوەیە.

لە فەرگردی یەکەمی (٩) ویندیدات دێڕی ٣.٢.١ دا سەبارەت ئیرینە و ئیجە (ئیران ویج) بەم شێوەیە هاتووە:

ئاهورامـەزدا بە زەرتەشـتی ووت: ئەی سـپـیـتـمـان زەرتـەشت ! ئەو شـوێنەی ناخـۆش بوو ، خۆشیمان دایە. ئەگەر خۆشیمان بەو شوێنانە نەدایە، هەموو مرۆڤی ڕووی جیهان دەهاتنە ئێران ویج. یەکەم جێگایەک کە من دروستم کردووە ئێران ویجە، کە ڕووباری دائیتی تێدایە.

لە نوسینەکانی ئاشووریدا ناوی کێوی سەهەند بە شێوەی ئاوائوشی هاتووە، و لە نوسینەکانی ئۆرارتۆدا بە ئاواوش هاتووە،

کە لە ئاڤێستـادا ناوی کـێوی سەهەند بە ئاسنۆنت هاتووە، کـێوی هوکئیـریە لە ئاڤێسـتـادا کێوی سەبلانە.

بە گـووتەی پیـرداود(١٠) کـێـوی سـولان(سـبـلان)ە. لە ئازەربایجـان ئەم کـێـوە لە لایەن ئێرانییەکانەوە وەک کێوی توری سینا بۆ جولەکەکان وایە.

حەمدوڵای مستەوفی قەزوینی لە (نوزهەتول قلوب) کە لە ساڵی ٧٤٠ ک. دا نوسیویەتی، دەڵێت: کێوی سبلان لە ئازەربایجانە و لە کێوە ناودارەکانی نـاوچەی ئەردەبیل و سەراو پێی شکێن و ئاوی ئارجاق و خەیاو لە خواری ئەو کێوەدان، کێوێکی سەخت و بەرزە.

لە پەرتوکی پەهلەویدا (١١) باسی کـێـوی هەکـر هاتووە ، کـە ئاوەکەی زۆر خـۆشـە. پاش لێکۆڵینەوە دەرکـەوت کـێـوی سـبـلان هەمـان کـێـوی هەکـرە. ڕووبـاری ئاراس هەمـان ڕووباری ئاردوی یان ڕدویسـورە، ئەمـەش لە ئاڤێـسـتـا و پەڕتوکەکـانی پەهلەویدا هەیە. ڕووباری بالق چای یان بالقیلوچای (ئەم ناوە تورکییە، بە واتە ڕووباری ماسی) لە ڕۆژهەڵاتی کێوی سبلاوە سـەرچاوە دەگـرێت و لەگـەڵ ڕووباری قـەرەسـو (واتـە ئاوی ڕەش) یەکـدەگـرن و بەرەو باکـور

دەڕوات و لە نزیک ئەسلان دۆزەوە دەڕژێتە ڕووباری ئاراسەوە....هتد.

کێوی هەکر(سبلان ـ ی ئێستا ) لە لایەن دانیشتوانی کۆنی ئێرانەوە زۆر پیرۆز بووە. لە ئاڤێستادا باسی ئوشیدەم هاتووە، ئوشیدەم یەکێکە لە دوو لوتکە بەرزەکانی کێوی سبلان. کێوی سبلان ، یەکەم جێگای بانگەواز و بوونی ئاینی زەرتەشتە.

## ئەنجامی ئەم بەشە

(جێگای لەدایکبوونی زەرتەشت)

زۆر لە زانایان ، پشکێنەران و مێژوونوسان بە وردی لەوە کۆڵیونەتەوە ـ دیارە لە ئاڤێستادا بەراوردیان کردووە ـ وەک ناوی ڕووبار و دەریاچە و شاخ و....هتد. ناوی ئەو کاتانەی لەگەڵ ناوی ئێستادا گۆڕاوە، زۆر لە ناوە کۆنەکان ماوە. ئەوانەی ڕۆژهەڵاتی ئێران بەڵخ دادەنێن ... لە ڕاستیدا لە وێوە ئاینەکەی بڵاوکردۆتەوە. بە پێی پشکنینی بەشێکی زۆر لە ناو زانایاندا و دەستنیشانکردنی ئێران ویج(واتە ناوچەی ئازەربایجان) و هێنانی ناوی دەریاچەی چیچیست، زەرتەشت ، بەبێ گومان لە ناوچەی کوردستان، خۆرهەڵاتی دەوروبەری دەریاچەی ورمێ لە دایکبووە. بۆ جێگای لەدایکبوونی وەک دێ یا شار، بەڕای من ئەوە بۆچوونە و نازانرێت لە چ دێیەک یا شارێک لە دایکبووە.

پاش بانگەوازی ئاینەکەی لە ناوچەی مادا ، بڵێین کوردستانی ڕۆژهەڵاتی ئێستا ڕابەر و پیاوە ئاینیەکانی ـ ئاینی پێش زەرتەشت بە توندی بەربەرەکانی و دوژمنایەتییان کردووە ـ ئەمەش هەر وەک لە هەموو ئاینەکانی تر کە لە ڕۆژگاری کۆندا هەبووە. هەر ئاینێکی نوێ هاتبێتە کایەوە زۆر بەتوندی لە لایەن ئاینی پێشترەوە بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە و بێ بەزەییانە بەربەرەکانی کراوە، چونکە هۆی لەناوبردن و تێکدانی ئاینی پێشترە. ئەمە نەک تەنیا لە ئایندا ، بەڵکو لە مەزهەبیشدا وایە ، وەک لە ئاینی مەسیحدا بەدەرکەوت، کاتێک پرۆتیستانەکان و کاتۆلیک و ئەرتۆدۆکسەکان بەربوونە گیانی یەکتر ، هەر یەکەی بۆ لەناوبردنی لاکەی تر.

لە ئاینی ئیسلامیشدا زۆر جار لە نێوان شیعە و سونەدا ئەمە ڕووی داوە. بۆیە پیاوە ئاینیەکانی پێش زەرتەشت کەوتونەتە دژایەتیکردن و ناچار زەرتەشت پەنای بە بەر گوشتاسپ بردووە، کە شای ناوچەی بەڵخ ، لە خۆرهەڵاتی ئێران، بردووە.

## سەرچاوەکان

١- زرتشت مزدیسنا و حکومت، نوشته جلال الدین اشتیبانی . چاپ سوم، تاریخ انتشارات تابستان ١٣٦٧ . ل٥٠.

٢- ایران در عـهد باستـان تاریخ اقـوام و پادشاهان پیش از اسـلام . تالیف دکـتـور محـمد جواد مشکور، استاد دانشگاه تهران . ل٦٦

٣- واسیلی نیکیتین. کرد و کردستان. ترجمه محمد قاضی . ل ٣٥٨
بررسی از نظر جامعەشناسی و تاریخی.

٤-هەمان سەرچاوەی (١) ل٥٢

٥- بدانیم و سربلند باشیم ، هەمان سەرچاوە ل٢٣

٦- پورداود . بەرگی دووەمی یەسنا. دەربارەی کەلاوەکانی تەختی سولەیمان - ل٤٧

٧-پورداود . بەرگی یەکەمی یەسنا.دەربارەی جێگای لەدایکبوونی زەرتەشت.

٨- یەسنا بەرگی دووەم - ل٥٤

٩- گزارش زادگاه زرتشت و تاریخ اساطیری ایران . چاپ اول بهار ١٣٦٩ - سوئد ١٩٩٠ ل ٥٥

١٠- هەمان سەرچاوە ل ٥٦.

١١- هەمان سەرچاوە ل٥٧.

## مێژووی لەدایکبوونی زەرتەشت

لە لایەن زانایان و مێـژوونوسان جیاوازی بیروباوەڕ لەسەر مێژووی لەدایکبوونی زەرتەشت هەیە. هەندێک هەشت هەزار ، حـەوت هەزار، شـەش هەزار یا پێنج هەزار سـاڵی پ. ز. دائەنێن. ئەو کاتانەش ناوەندی دروستبوونی کۆمەڵگایە. بە کورتی بیروڕای ئەوانە ئەخەینە ڕوو:

زانا و لێکۆڵەرەوەی ناسراوی فارس وهیندستان، سپێنسەر لە لاپەڕە ٢٢٣ ی پەڕتوکەکەیدا بە ناوی (خـولی ژیانی ئاریەکـان) ، کـە لەسـاڵی ١٩٦٥ ز. دا لە بۆمبـای چاپکراوە، سـاڵی ٧٢١٩ پ. ز. ی بە ساڵی لەدایکبوونی زەرتەشت داناوە.

ئەگران توس ، کە کۆنترین نووسەر و لێکۆڵەرەوەی یۆنانیە و لە سەدەی پێنجەمی پ. ز. تا سەدەی چوارو نیوی پ. ز. ژیاوە. دیوژنس لرتیوس، کە لە دەوروبەری ٢١٠ پ. ز. دا ژیاوە، هەروەها ئیفلاتون، کە لە ساڵی ٤٢٩ پ. ز. تا ٣٤٧ پ. ز. ژیاوە. لە کۆتایی پەڕتوکەکەیدا کـە بە ناوی (ئەلکس بپادس) ە نوسینی خوێندکـارەکـانی تێدایە ، وەک ئەرستـۆ(ئەرستـۆ تالیس)، ئۆدۆک سۆس، هرمودوروس و پلینیوسی ڕۆمی #، کە بە پلینیوسی گەورە ناسراوە و لە ساڵی ٢٣ ز. دا لەدایکبووە و لە ساڵی ٧٠ ز. دا کۆچی کـردووە، پەڕتوکێکی بە ناوی (مێژووی سروشتی) لێ بەجێماوە. هەروەها هرمیپوس ، پلوتارخوس ـ یان پلوتارخی یۆنانی لە ساڵی ٤٦ ز. تا ١٢٠ ز.، زانای پارسیزمان ئەردەشێر خەبەردار ـ پەڕتوکێکی سەبارەت ئێـران و ئێـرانیـەکـان نوسیـووە ـ ، زانای ئەڵمـانی بارۆن بـوسن کـە پەڕتوکی زۆرە، لەوانە پەڕتوکێک لەسەر میسر.

فەیلەسوف و نوسەری فەرەنسی ماری ئارون ١٦٩٤- ١٧٧٨ ز.، کە بە ڤۆڵتێر ناسراوە، لە یەکـێک لە پەڕتوکـەکـانیـدا باسی زەرتەشت دەکـات ، لەوانە (نامـەی خـوێندەوەی ئاداب و خووڕەوشتی نەتەوەیی)، دەڵێت: زەرتەشت سێ بناغەی بۆ مرۆڤ داناوە، ئەویش بیروڕای باش

---

# پلینیوس: زانای سروشت و نوسەری ڕۆمی ، نوسینی گرنگی ئەو پەڕتوکی (مێژووی سروشتە-Naturalls Historia) لە ٣٧ بەرگدایە. سەرەڕای ئەمەش زانینی سروشت ، جوگرافیا ، جووتیـاریی، پزیشکیی هەبووە. ئەم زانایە لە ئەنجامی گرکانی کێوی وزوو، بۆتە ژێر شاڵاوەوە و سوتاوە

گفتەی باش، کردەوەی باشە.
ئەزکزانتۆس لیدیائیی ، لە دەوروبەری ساڵی ٤٥٠ پ.ز. و ئۆدۆکسوسی یۆنانی ، کە لە دۆستەکانی ئیفلاتونە، فەیلەسوف و ئەستێرەناسی کلدانی بووە، لە ساڵی (٤٠٨-٣٥٠پ.ز.)دا ژیاوە.
ئەمانەی سەرەوە ، بەشێکی زۆریان دەڵێن شەش هەزار ساڵ پێش شەڕی ترۆیا # زەرتەشت لەدایکبووە. بەشێکیان دەڵێن شەش هەزار ساڵ پێش شەڕی خشایر شابو ## بۆ سەر یۆنان بووە. هەندێکی کە لە زانایان پێنج هەزار پێش شەڕی ترویا و هەندێکیان پێنج هەزار ساڵ پ. ز. دادەنێب، بەم شێوەیە:
تئوپۆمپۆسی زانا، کە لە سەدەی چوارەمی پ. ز. دا ژیاوە و هاوچەرخی فیلیپ و ئەسکەندەر بووە. سوئیداس، کە لە ساڵی ٩٧٠ ز. دا ژیاوە لە فەرهەنگەکەی خۆیدا ناوی زەرتەشتی بردووە. ئەمانە هاتنی زەرتەشت بە پێنج هەزار ساڵ پێش شەڕی ترۆیا دادەنێن.
(ڕامپیس)ی ئەڵمانی و میلزی ئینگلیزی پەیدابوونی زەرتەشت لە نێوان ٣٥٠٠ساڵ پ. ز. تا ٣٠٠٠ ساڵ پ. ز. دادەنێن.
شادرەوان باوەڕی وایە زەرتەشت لە ڕۆژی خوردادی مانگی فەروەردینی ساڵی ١٧٦٨ پ.ز. دا لەدایکبووە.
مێژووناسی ناسراوی ئەوروپای ڕۆژئاوا میر پەیدابوونی زەرتەشت لە سەرەتای دوو هەزار ساڵ پ. ز. دادەنێت.
بڕوانە میتری بویس: زەرتەشتیەکان و باوەڕ و ڕەوشتیان ، وەرگێڕانی بۆ زمانی ڕووسی ی. م. ستیبلین کامیسکی، مۆسکۆ ١٩٨٧ ز. ل ٨. ژیانی پێغەمبەر زەرتەشت لە نێوان ساڵانی ١٥٠٠ تا ١٢٠٠ پ. ز. دادەنێت.
هەندێکی کە لە زانایان هاتنی زەرتەشت بە هەزار ساڵی پ. ز. دادەنێن ، وەکو: ئەدوارد مای

---

# شەڕی ترۆیا: لە ساڵی ١١٨٤پ. ز. دا ئەم شارە کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی یۆنانیەکان . واتە پەیدابوونی زەرتەشت بە ساڵی ٧١٨٤ پ. ز. دادەنێن.
## هێرشی سوپای خشایر بۆ سەر یۆنان لە بەهاری ساڵی ٤٨٠ پ. ز. دا بووە.

کلدنر، بارتولومە، لومر. وزن دونک، ڕۆدۆڵف، موڵترن، پرۆفیسۆری ئەڵمانی هۆمل، دۆنکر، میلز، زمانناسی ئەڵمانی پرۆفیسۆر هیپل، پرۆفیسۆری ئەڵمانی لاسن، شدر ، پشکێنەری ئەڵمانی مارکۆرات ، جاکسۆن، ویدن گرن، ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی ئەندرا، ڕۆژهەڵاتناسی ناسراوی ئەڵمانی کیکر، پشکێنەری ئەڵمانی کیت، زانای فەرەنسی شار پانتیە، ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی تیل، زانای هیندی دەهلا، پشکێنەری ئێرانی فەیروزی ئازرگشسب، سین سیلو س Sen Selos و بانو دوروس،(کە هەردووکیان ڕۆمین)، ئەمانەی سەرەوە هەموویان هاتنی زەرتەشت بە هەزارساڵی پ. ز، دادەنێن.

ئەو زاناو مێژووناس و پشکێنەرانەی باوەڕیان وایە زەرتەشت لە ساڵانی سەدەی شەشەم و پێنجەمی پ. ز. دا ژیاوە.. ئەمانەن:

ژان وارن دەڵێت: لە ٦٤٠ پ. ز. دا لە ورمێ لردایکبووە و لە ٥٨٢ پ. ز. دا لە هێرشێکی تورانیەکاندا لە پەرستگایەکدا لە شاری بەڵخ شەهیدکراوە.

ڕەشاد میران لە پەڕتوکەکەیدا ل٢٢ (ڕەوشی ئاینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا)دەڵێت: هاتنی زەرتەشت لە سەدەی شەشەمی پ. ز. دا بووە.

ئەبو ڕەیحانی بێرووتی پەیدابوونی زەرتەشت بە کاتی فەرمانڕەوایی وشتاسب، پادشای باختەر(باکتریا) ئەبەستێتەوە. ساڵی ٢٥٨ پێش مێژووی سلوکیە دەکاتە ساڵی ٥٧٠ پ. ز.

ولیام جاکسون ئەڵێت: لە ساڵی ٦٤٠ پ. ز. دا بووە و لە ٥٣٨ پ. ز. دا کۆچی دوایی کردووە،

هرتل و هرتسفلد باوەڕیان وایە زەرتەشت هاوچەرخی داریوشی یەکەم (٥٢٢ پ. ز.)بووە. هەروەها هیننگ وا ئەڵێت و سێ مێژووی بۆ زەرتەشت داناوە: ٦٣٠- ٥٣٣، ٦٢٨-٩٩١، ٦١٨- ٥٤١ی پ. ز..

ئەم سێ مێژووە، بەو پێیەی کە ئایا ساڵی ٢٥٨ بەر لە ئەسکەندەری مەکدۆنی، سەرەتای کامە پلەی چالاکی زەرتەشت دەکات. سەرەتای بانگەوازەکانی یان سەرەتای سەرکەوتنەکانی ، یان ئەو سەردەمەی کە ویشستاب باوەڕی بە ئاوێستا کرد.

مەسعوودیی مێژووناسی ئیسلامی و بیروونی هاتنی زەرتەشت بە شەش سەد ساڵ پ. ز. دائەنێن، ئەمانیش لە سەرچاوەی پەهلەوی و زەرتەشتیەوە وەریانگرتووە و ئەڵێن پەیدابوونی

زەرتەشت ساڵی ٢٥٨ پێش هێرشی ئەسکەندەری مەکدۆنی بۆ سەر ئێرانە.
هرتسڤلد ئەڵێت: زەرتەشت هاوچەرخی داریوشی یەکەم بووە،
ئالتهیم هاتنی زەرتەشت بە ساڵی ٥٦٩ پ. ز. دائەنێت.

هرتل هەمـــان ڕای هرتســـڤلدی هەیە و باوەڕی وایە مـــێـــژووی زەرتەشت لە گـــاتادا ڕوونکراوەتەوە، هەتا مـێـژووی تەواوی یەسنا ٥٣ لە ٢٩ سـێـپـتـێـمـبـەری سـاڵی ٥٢٢پ. ز. داناوە. ئەو باوەڕی وایە زەرتەشت لەو کاتانەدا داوای لە ویشـتـاسب کردووە دەسـتی مـوغـەکان لەکاری تاج و تەختی هەخامەنشی بکێشێتەوە.

هینتس ئەڵێت: زەرتەشت لە ساڵانی ٦٣٠ بۆ ٥٥٣ پ. ز. ژیاوە.، هەروەها (مـیـە) هەمان باوەڕی هەیە.

ئی. م. دیاکونۆف ، خاوەنی پەڕتوکی میدیا لە لاپەڕە ٥٣٨ دا ئەڵێت:
سەردەمی ژیانی زەرتەشت(واتە ٢٥٨ ساڵ بەر لە ئەسکەندەر) بسەلمێنێت. ڕەنگ بێت وەکو مێـژووەکانی تر سەری حسـابیان ڕاسـتکردۆتەوە کـەرتەکانیـان لابردبێت، لە ئەنجامدا گـوایە ویشتاسب ٢٥٨ ساڵ پێش ئەسکەندەر ئاینی زەرتەشتی پەسەندکردووە.

ئەگـەر بە پێی ئەو باسـانە زەرتەشت لەو سـەردەمـەدا تەمـەنی ٤٤ سـاڵان بووبێت، ئەوە وا ئەگەیەنێت کە وا سێ سەد ساڵ بەر لە ئەسکەندەر لە دایکبووە. ئەمە بۆ ئەوە نیە کە ژمارەی ٢٥٨ سـاڵ کـە لە بەری نێـوان مـێـژووی پەسـەندکـردنی ئاینی زەرتەشـتـە کـە ویشـتـاسب و ئەسکەندەر پەسـەندیان کـردووە، بەڵکو بە پێـچـەوانەوە ٢٥٨ سـاڵ لە نێـوان ویشـتـاسب و ئەسکەندەردا ئەوە ئەگـەیەنێت زەرتەشت ٣٠٠ سـاڵ بەر لە ئەسکەندەر لە دایکبـووە. واتە لە نیـوەی دووەمی سـەدەی حـەوتەمی پ. ز. دا ژیاوە. ئەگـەر ئاسـیـای ناوەڕاست بە شـوێنی نیـشـتـەجێ و ژیانی زەرتەشت بزانین، ئەمـە هەمـان مـێـژووە کـە ئێـمـە لە ڕێگایەکی کـەوە بەدەستمان هێناوە.

لە سـەرەتای سەدەی شـەشەمی پ. ز. ئەبینین مـوغـەکـان لە دەربارەی پادشـایانی ماد وەکـو نوێنەری ئاینی بایەخـیـان پەیداکـردبوو، بەڵام ئایا ئەتوانین بڵـێین کـە ئاینی زەرتەشت بەو شێوەیەی لە گاتاکاندا باسکراوە، لە لایەن دەوڵەتێکی وەکو مادەوە بە ڕەسمی ناسراوبێت و ئایا موغەکان یان کاهێنە ڕەسمیەکانی شانشینی ماد ئەم جۆرە ئامۆژگارییانەیان گەیاندووە؟

تەنانەت لەوەش بەولاترەوە دەولّەت لەو کـاتەدا گـەلێک پێـویسـتـی بە ئاینێکی ئاوا هەبووە. پورداود، زانای کۆچکردووی ئێـران، پالّپـشـتـی هەرتل ئەکـات ، کـە ویشـتـاسب بە باوکی داریوش لە گاتادا دائەنێت.

**ئەنجامی ئەم بەشە**

سەبارەت بە لەدایکبوونی زەرتەشت، زۆر لە زانا ، مێژوو ناسان و پشکێنەران لەسەر مێژووی لەدایکبوونی دوواون. هەندێک حەوت، شەش پێنج و سێ هەزار ساڵ پ. ز. یان داناوە. بە ڕای من ئەو مێژووانە زۆر دوورن. ئەو مێژووانەی ئەوانە ئەیڵێن شەش هەزار ساڵ پ. ز. ناوەڕاستی دروستبوونی کۆمەڵگایە، خوێندەواری لە هیچ لایەکدا نەبووە. ئەی چۆن ئاڤێستا نووسراوە، لە کاتێکدا زەرتەشت خۆی خاوەنی ئاڤێستایە و لە کاتی خۆیدا نووسراوەتەوە.

کە ئەڵێن بە نووسینی زێڕین و لە پێستی دەیان هەزار گادا نووسراوەتەوە ـ ئاڤێستای یەکەمجار بە ئەلفوبێی ئارامی # نوسراوەتەوە ، کە پیتی دەنگی نەبووە.

گاتاکان، ئەگەر باوەیەکی کەم یان زۆر لە پێش زەرتەشتدا بوو بێت، دەماودەم وەک سروود ووتراوەتەوە... تەنانەت دوو هەزار ساڵ پ. ز. نییە، بە پێی ڕوونکردنەوەی زانایان لەساڵی هەزارەی یەکەمی پ. ز. نووسین لە ناوچەی ماننادا هەبووە، وەک دیاکونۆڤ دەستنیشانی کردووە.

ئەو نوسینانەی لە وێنەی پادشاکاندا لە سەر بەرد یان لەسەر گۆڕەکانیان هەیە، کە لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا ؛ واتە جێگایماننا و مادەکان، زۆر کۆن نییە.

لە باشووردا وێنە و نووسینەکان زۆر کۆنن، وەک ئەوەی زەهاو ئانوبانینی و پەیکەری نەرامسین لە دەربەندگاوری قەرەداغ دژی لۆلۆیەکان ، کە هەمووی بە نوسینی مێخی نوسراوە. ئاشکرا و ڕوونە کە پەڕتووکی پیرۆزی ئاڤێستا بە نوسینی مێخی نەنووسراوە. لە هەزارەی یەکەمی پ. ز.دا نووسینی مێخی لە ناوچەی ماناکاندا هەبووە، کە ڕەنگە لە ئۆرارتۆکانیان وەرگرتبێت.

ئەلفوبێی ئارامی هێشتا بۆ ئەو ناوچەیە نەگەیشتبوو، یا خود لە سەرەتایدا بووە.

جگە لەمانە بە پێی لێکۆڵینەوەیەکی وورد، بڕوانینە ئاین و پەرستنی ئەو هۆز و تیرانەی کە لە بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، لە باکوور و باشووردا ژیاون ، چی بووە؟ بۆ ئەم مەبەستە لە

---

# ئەلفوبێی ئارامی نوسینێکە لە چەشنی نووسینەکانی فینقی کە لە سەدەکانی نۆیەم و هەشتەمی پ. ز. دا لە سەرانسەری ئاسیای پێشینەوە زۆر بایەخداربووە،

نووسین و پەیکەرەکەی ئانوبانینی لۆلۆدا لە زەهاو ـ خواکانیان و سوێندخواردن و ناوەکانیان ، بڕوانە لاپەڕە ٤١

کاتی فەرمانڕەوایی گۆتیەکان لە نێوان دووڕووبار و دوای تەواوبوونی فەرمانڕەواییان و گەڕانەوەیان بۆ ناوچەکانی خۆیان، بە تایبەتی ئاراپخا (کەرکوکی ئێستا)، خواکان و ناوەکانیان. بڕوانە لاپەڕە ٣٠

دوای ئەوەی کاسیەکان و فەرمانڕەواییان ماوەی پێنج سەدە لە نێوان دووڕووباردا ـ پاش لەدەستچوونی فەرمانڕەواییان و گەڕانەوەیان بۆ لوڕستان ـ پەرستن و خواکانیان . بڕوانە لاپەڕە ٣١

میتانی و خواکانیان ، کە پەرستوویانە ، بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە لاپەڕە ٣٥

لە لایەکی کە ماننا ، گۆتی و هۆزەکانی کە هەموویان لە سەدەی نۆیەمی پ. ز. دا لە ناوچەی ماننادا بوون ، پەرستن و خواکانیان هەبووە.

هەتا فەرمانڕەوایی ماد لە سالّی ٧٠٠ پ. ز. ەوە ناوی زەرتەشت نییە و هەموو هۆزەکانی دەوروپشتی کە لەو ناوچەیەدا بوون. بڕوانە لاپەڕە ٣٦

سکایەکان ـ ئەمانە ئارین و لە ڕووی زمانیشەوە لە مادەکانەوە نزیکبوون، بۆ پەرستن و خواکانیان بڕوانە لاپەڕە ٣٩

لە نوسینەکانی بێستوندا لە لایەن داریوشی یەکەمەوە سالّی ٥٢٢پ.ز. بە ڕوونی باسی ئەهورامەزدا ئەکات و باوەڕی بەوەیە کە بە پشتیوانی ئەو ئەو شەڕانەی کردووە... هتد. بە هیچ جۆرێک باسی زەرتەشت نەهاتووە. لەو نوسینانەدا دەرئەکەوێت کە ئاهورامەزدا خوای تاک و تەنیایە و جێگای هەموو خواکانی پێشتری ، وەک میترا و هی تری گرتۆتەوە.

جێگای باوەڕ نییە ئەگەر زەرتەشت لە فەرمانڕەوایی داریوشدا بە پێغەمبەری بناسرایە، ناوی ئەبرد. لەوانەشە سەرەتای بلّاوبوونەوەی ئاینەکە بووبێت و زەرتەشت لای باوکی داریوش دا بووبێت، کە ویشتاسبە.

بۆ ئەم مەبەستە و ڕوونکردنەوەی سەرەوە، باوەڕم وایە زەرتەشت لە سەدەی شەشەمی پ. ز. دا و لەکاتی فەرمانڕەوایی داریوشدا بووە. بەلّام تا دوای داریوشیش وەک پێغەمبەرێک نەناسراو بووە و ناوی نەهاتووە، لە هەموو نووسینەکانی هەخامەنشیدا ناوی زەرتەشت نەهاتووە.

له هەمـوو نوسـینەکـانی هەخـامەنشـیـدا ناوی زەرتەشت نـەهاتووە ، لە فـەرمـانڕەوایی داریوشی یەکەمەوە لە سـاڵی ٥٥٢ پ. ز. ەوە تا کۆتایی هەخامەنشی ـ هاتنی ئەسکەندەر ٣٢٣پ. ز. ئەو ماوەیە دووسەد ساڵێک ئەکات.

**سەرچاوەكانی ئەم بەشە**

١- اصل و نسب و دينهای ايرانيان باستان، تاليف عبدالعظيم رضائی تاريخ انتشار زمستان ١٣٦٨ . ل٣٩

٢- ژان وارن : زرتشت چه می گويد، ترجمه عنايت الله شكيبانی پور ليسانسيه زبان فرانسه . ل١

٣- ڕەوشی ئاينی و نەتەوەيی لە كوردستاندا، ڕەشاد ميران ل٢٢

٤- بدانيم و سربلند باشيم، اموزشهای ايين زرتشت . دكتور منوچهری منوچهرپور. ل٣٣

٥- مقدمه فقه اللغه ايرانی. ای. م. ارانسكی، ترجمه كريم كشاورزی. ل٨٧

٦- تاريخ ايران ژنرال سر پرسی سايكس ، ترجمه سيد محمد تقی فخرداعی گيلانی ، ل١٢٧

٧- ميديا : ئی. م . دياكونوف. گۆڕينی بۆ كوردی بورهان قانع ل ٥٢٢ ، هەمان سەرچاوە ل٥٣٧

٨- مزديسنا و حكومت بقلم جلالدين اشتيبانی ، ل٧٩، هەمان سەرچاوە ل٨٨

## ناوی زەرتەشت

ناوی ڕاستی زەرتەشت لە گاتادا بە زەرتەشت و ئەسپیتامە هاتووە. یۆنانیەکان زەرتەشت بە زروئاستەر ناودەبەن، بە واتە ئەستێرەناس.

نوسەری یۆنانی لە کۆتایی سەدەی چوارەمی پ. ز. دیوژن لرسیوس ، هرمودۆس، کە یەکێکە لە خوێندکارە باشەکانی ئەفلاتون، ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی پرۆفیسۆر گیکر، پرۆفیسۆری ئەڵمانی هوزینک، پشکێنەری ئەڵمانی پوستی، ئاریناسی هۆڵەندی تیل، ڕۆژهەڵاتناسی ئینگلیزی ڕاولینسون، زانای ئینگلیزی برودبک و پشکێنەری ئەڵمانی کرن، هەموو ئەمانە لێکدانەوەیان بەم شێوەیەیە:

زەر بە واتای زێڕ و ئەستێرە دەبێتە ئەستێرەی زێڕین. بەشێکیان بە ئەستێرەی پرشنگدار و هتد.

هەندێک لە زانایان کە بەجۆرێکی کە لێکیان داوەتەوە، وەک: زولستر، زانای ئینگلیزی بیل، زانای ئەڵمانی و مامۆستای ئۆکسفۆرد ماکس مولەر، پشکێنەری بەناوبانگی ئەڵمانی ئاشپیگل، زانا و ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی هینتس، بارتولومە، ئاڵت هایم، شدر، عەبدولعەزیمی ڕەزایی(خاوەنی پەرتووکی اصل و نسب و دینهای ایرانیان باستان)، زانای ئەڵمانی ویندش و مولەری ئەڵمانی ، ئەمانە هەموو بەشێوەیەکی گشتی بە (خاوەنی حوشتری زەرد)ی لێکدەدەنەوە. هەندێکیانئەڵێن لێخوڕینی حوشتری ئازا، یان خاوەنی حوشتری پیر، یان سەرپەرشتیکردنی حوشتر. زانای ئینگلیزی جاکزۆن ئەڵێت: ئازاردانی حوشتر.

لەوانەی سەرەوە هینتس باوەڕی وایە حوشتر لە کۆندا لەو چوارپێماڵیکراوانە بووە، کە لە باکتریا پەروەردەکران و ناوی زەرتەشت لە سەر ناوی حوشتر بووە. ئەم ناوەش دەستنیشانی ناوی ئاریەکانی ڕۆژهەڵاتە.

دکتۆر محەمەد جەواد مەشکور ئەڵێت: ناوی زەرتەشت لە ئاڤێستادا بە زەرتوشترا ، واتە خاوەن حوشتری زەرد، هاتووە. ناوبانگی ئەو ئەسپیتمانە. هەروەها ئەڵێت: (هوگ)ی ئینگلیزی ناوی زەرتەشت بە ڕێنیشاندەری بەرز لێکداوەتەوە.

ئەمانەی سەرەوە، بەو جۆرەی باسکرا، وایان لێکداوەتەوە:

کازارتلی، قەشەی سالفورد ئەڵێت: بە واتە کێڵان = زەوی هەڵدڕین.

ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی مارتین هاوگ ئەڵێت: ئەم وشەیە لە بنەڕەتدا جارات ـ ئوترا بووە، کە بە سانسکریت ستایشکەری بەرز ئەگەیەنێت.
عەرەبەکان ناوی زەرتەشتیان بە زر ـتشت ، یانی خاوەنی زێڕ لێکداوەتەوە.
ئازەرگشسب و پورواڵا ئەڵێن ناوی زەرتەشت ئەسپیتامە، کە بووە پێغەمبەر نازناوی زەرتەشتی پێشکەشکرا، ئەمەش پێکهاتووە لە (اوش)؛ بە واتە سوتاندن و پرشنگدار،(زەر) بە واتە زێڕ و تەڵا؛ هەردووکیان پێکەوە ئەبێتە دەموچاوی بە ڕوناکی خودا پرشنگدار. ئازەرگشسب ئەڵێت: یەکێک بگاتە پلەی پێغەمبەری بە هیچ خۆرێک نازناوی حوشتر لە خۆی نانێت.

(کاسل)ی ئەڵمانی ئەڵێت: بە واتە پڕ ئەستێرە. (دەهارلە)ی بەلچیکی ئەڵێت: درەخشانی وەک زێڕ.

دیاکونۆڤ ئەڵێت: ناوی زەرتەشت ناوێکی ئاسایی ئێرانی ئەو سەردەمە بووە، ئەمە خۆی ئەوە ئەگەیەنێت، کە خاوەنی ناو خۆی لە مێژوودا بووە. ئەگەر ناوی ئەو شتێکی خەیاڵی بووایە، ئەوا ناوەکەیشیان لە نێوان ناوە ئاینیەکان ، یان ئەو ووشانەی کە ئاینی بوون هەڵدەبژارد. هەروەها ئەڵێت: ئەگەر ناوی ئەوانەی کە لە زەرتەشتەوە نزیکبوون، بدەینە بەر سەرنج و ماناکانیان لێکبدەینەوە(ویشتاسب بە مانا خاوەن ئەسپی جەنگی یان کێو)، فرشئوستر واتە خاوەن حوشتری ئازا. ئەسپ تینسی = ئەسپ دۆستەکان یان پرکسی پس = خاوەن ئەسپی جوان.

جەلالەدین ئاشتیبانی، دانەری پەرتوکی(مەزدیسنا و حکومت)ئەڵێت: ناوی زەرتەشت بە ڕوونی لە گاتادا هاتووە، بە واتای حوشتر. لە ئاوێستادا ناوی دوو کەس هاتووە، کە بە حوشتر کۆتایی دێت، لە و دووانە یەکەمیان زەرتەشت و دووەم فرشوشتر(فراش اوشترە) یە لە هەردوو هاتنەکەدا بە واتە ڕۆشنایی ئەبەخشێت. هەروەها ئەڵێت: ئەم جۆرە ناوانە لە و ڕۆژگارانەدا زۆر ئاسایی بووە و زۆر کەسی ناسراویتر لەو جۆرە ناوانەیان هەبووە.

ئاهورامەزدا (٢-١٩٣) ئەڵێت: ئەی سپیتمان و مهر! پەیمانشکێنیی نالەبار هەموو وڵات وێرانئەکات، کەسێکی وا وەک سەد کەس وایە کە توشی گوناهی کەیزە # بووبن، وەک ئەوەیە کەسێکی ئاینپاکی کوشتبێت. ئەی سپیتمان! نەکەی پەیمان بشکێنیت، نە لەگەڵ کەسی درۆزن

و نە لەگەڵ کەسی ڕاستگۆدا، چونکە هەردووکیان پەیمانن، چ لەگەڵ ئەم و چ لەگەڵ ئەودا.

ئاهورامەزدا(گاتا ل٣٦) پرسیارئەکات: چ کەسێک شایەنی ئەوەیە ئەم ئیشەی بدرێتێ. بەهمەن وەڵامی دایەوە: یەکانەکەسی کە من دەیناسم و ئاینی ئێمەی پەسەندکردووە زەرتوشتەرە سپەنتەمان ##. ئەوە کە باوەڕ و ئاینی ڕاستی ئێمە لە جیهاندا بڵاودەکاتەوە، لەم ڕووەوە گپی دڵگیرمان بەودا.

---

# کەیزە: گوناهێکی زۆر گەوەرەیە کە لێبوردنی نییە.

## ئەسپتمان یان سپەنتەمان: سەپیتمان، سەپپیتەمان ـ ناوی خانەوادەی = باووباپیرانی زەرتەشتە.

## ئەنجامی ئەم بەشە

سەبارەت ناوی زەرتەشت

زۆر لە زانایان و ئەوانەی کە تایبەتمەند بوون لەسەر ئاڤێستا ناوی زەرتەشتیان بەو شێوەیەی خوارەوە شیکردۆتەوە:

زێڕ، پرشنگدار، ئەستێرە و خاوەن حوشتر...هتد

ئێمە بگەڕێینەوە سەر ئاڤێستا و ناوی ئەو بە ڕوونی ـ لە کاتێکدا ئاهورامەزدا ئەڵێت: من مزگێنی بەو ئەدەم و نازناوی زەرتەشتی پێ ئەبەخشم. ئەمە ڕوونە و ئەوە ئەگەیەنێت ناوی زەرتەشت، بە پێی ئەو کات و ڕێژگارانە ناوێکی ئاسایی بووە. لە کۆمەڵگای کۆندا ئاژەڵ و گاگەل و چوارپێیان گەورەترین سەرمایەی کۆچەرەکان بووە. ناوی زۆر لە ناسراوەکان بە ناوی ئەو چوارپێیانەوە بووە. وەک ناوی گا، گامێش، ئەسپ و حوشتر، بۆ نمونە: گئوماتای موغ کە لە دژی پارسەکان هەستا، ناوەکەی بە واتە: شوانی ژیر. هوگئو بە واتە: خاوەن گای باش. ئارجاسپ: ئەسپی خۆشڕەو. لهراسپ = اوروانت ئەسپە، باوکی ویشتاسپ: ئەسپی تیژڕەو. پۆروش ئەسپە، کە باوکی زەرتەشتە، بە واتە خاوەن ئەسپی ڕەش. ویشتاسپە: خاوەن ئەسپی بۆرە. گومین: خزوەن گامێش، دغدو بە واتە شیردۆشی دایکی زەرتەشتە. فرش اوشترە: خاوەن حوشتری جوان و خۆشڕەو. ئاروا ئوشترە بە واتە حوشتری لەڕی نەبووە و هواشتر: خاوەن حوشتری باش.

ئەمانە هەمووی ناوی ئەو کاتەن، بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ئێران و خوارەزم و خۆراسانی ئەمڕۆ. بۆیە ناوی زەرتەشت هەر وەک ئەو ناوانەیە و نازناوە، ناوێکی ئاسایی دانیشتوانی ئێرانی ئەو سەردەمە بووە.

**سەرچاوەکانی ئەم بەشە**

١- فردیسنا و حکومت بقلم جلالدین اشتیبانی. چاپ سوم ، تاریخ انتشار تابستان ١٣٦٧. ل٤٢، هەمان سەرچاوە ل ٤٦

٢- ایران در عهد باستان و تاریخ اقوام و پادشاهان پیش از اسلام. دکتور محمد جواد مشکور، استاد دانشگاه تهران ل٦٦

٣- اصل و نسب و دینهای ایرانیان باستان. تالیف عبدالعظیم رضائی. تاریخ انتشار زمستان ١٣٦٨ ل ١٢١

٤- میدیا ـ ئی. م. دیاکونۆف . گۆرینی بۆ کوردی برهان قانع، چاپی یەکەم ١٩٧٨ . ل٥٣٢.

٥- اوستا نامئەمینوسی ایین زرتشتر نگارش جلیل دوستخوا ـ از گزارش استاد ابراهیم پورداود ، چاپ ششم ١٣٦٦. ل٣٣ بەشی ٨.٧.٦

**ئاین:**

وشەی دین لە ئاڤێستادا بە دئنا هاتووە ـ بە واتای توناییی و ناسینی باش و خراپ، کە لە مرۆڤدا هەیە. هەندێک ئەڵێن کە ئاین کۆمەڵێک قانون و دەستوورە، کە لە پێش هەموو قانونی و ئابوری ، کۆمەڵایەتی و ارامیارییەوە هەبووە. ئەوانەی وا ئەڵێن گومانیان وایە دەستورەکانی پێغەمبەرەکان لە دەستور و ئەو قانونانە لە پێشترە کە لە لایەن خەڵکەوە هێنراوەتەدی. زاناکان بە پێچەوانەوە، دەستورە ئاینیەکان لە پێش قانون و دەستورە کۆمەڵایەتیەکان دانانێن. لەو قانون و دەستورانە پێشتر لە هەر کات و هەر کۆمەڵێکدا شایستەبووبێت، بەکارهێنراوە.

**پێشەوای ئاینی:**

لە سەرەتاوە لەناو ئاریەکاندا پێشەوا و ڕابەری ئاینی نەبووە، هەموو شت لەو دەستورانەدا بەهۆی سەرۆکی خێزانەوە بووە. وردە وردە بەم هۆیەوە کەسانێک پەیدابوون بەناوی کرپان یان کرپن. ئەمانە لەنێو خەڵکدا کاری خواناسیان دەکرد. وردە وردە کرپانەکان هێز و توانایان پەیداکرد و بەناوی پێشکەشکردنی قوربانی بۆ خواکان بەهێز و توانا و دەسەڵاتدارتر بوون.

**بنەماڵەی زەرتەشت:**

دایکی زەرتەشت ناوی دغدو کچی فراهیم ڕەوا و ناوی دایکی فرن و بووە، باوکی زەرتەشت ناوی پوروشپ کوڕی (پیترسپ)ە.

زەرتەشت لە ئاڤێستادا بە ناوی سپیتمان هاتووە؛ بە واتا ڕووسپی. هەروەک هەموو پێغەمبەران زۆر ئەفسانە و قسە لەسەر چ کاتی لەدایکبوون ، چ کاتی منداڵیشی هەیە. پاش ئەوەی گەیشتە پێغەمبەری ناوی بووە زەرتەشت. لە لایەکی کە ناوی باووباپیرانی تا ۳۸ کەس و هەتا دەگاتە کیومەرس # زانراوە. نۆ باپیری پێش زەرتەشت نازناوی سپیتمان یان ئەسپیتمان بووە. ( پێشتر سەبارەت بە جێگای لەدایکبوونی ڕوونکراوەتەوە.)

لە ئاڤێستادا جێگای لەدایکبوونی زەرتەشت نەنوسراوە. هەندێک ئەڵێن زەرتەشت لە

---

# کەیومەرس: گوایە یەکەم مرۆڤە دروست بووە ـ پادشاش بووە، مشیە ومشیانە ،کە بە ئادەم و حەوا دەناسرێن لە کەیومەرسن و هەموو مرۆڤیش لەم دوانە کەوتوونەتەوە.

خێزانێکی دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوای ماد بووە. جێگای لەدایکبوونی لە ئازەربایجانی نزیک بە دەریاچەی ورمێ بووە. باوکی پیاوێکی زانا و ئاینی بووە و هەر ئەویش مامۆستای بووە. لە لایەکی کە هاتووە: لە تەمەنی حەوت ساڵیەوە تا پانزە ساڵی لای پیرەمێردێکی خوێندەوار، بە ناوی برزین خوێندنویەتی. زۆر زیرەک و لێهاتوو بووە، بە وردی سەبارەت بە کردگار و دروستبوونی جیهان خوێندوویەتی و لەم ڕووەوە لەناو خوێندکارەکاندا یەکەم بووە. هە بۆیە پشتێنێکی، وەک نیشانەی زیرەکی وەرگرتووە. زەرتەشت لە تەمەنی لاویدا ستەم و زۆرداری و ناڕەوایی زۆری بینیوە، کەوتۆتە بیرکردنەوە بۆ ئەوەی لەو خەڵکە دوورکەوێتەوە، بۆیە لە تەمەنی بیست ساڵیدا لە کێوی سەبلان خەڵوەی گێڕاوە. لە نوسینی زەرتەشتیەکاندا بە ناوی ئوشیدارین هاتووە. ئەم خەڵوەکێشان و خۆدوورخستنەوەیە دە ساڵی خایاندووە و دوای تەواوبوونی لە لایەن پەروەردگار ـ ئاهورامەزداوە سروشی بۆ هاتووە و لەو ڕۆژەدا بۆ یەکەمجار ئادەمیزاد لەسەر زەوی دروستبووە. فریشتەکان لە خۆشیدا ئاسمانیان بە شان هەڵگرتووە. ئاهورامەزدا لە سروشەکەیدا وتوویتی: من تۆم پێش هەموو شتێک دروستکردوە، پێش هەموو فریشتە و ئایزدان، تۆ لە هەموویان پێشتر و باشتریت.

زەرتەشت بەم بیستنە زۆر دڵشادبووە و هەموو شتێکی لە لا ڕوون و ئاشکرا بووە، زانی لە جیهاندا دوو هێزی دژ بەیەک هەن ـ باشە و خراپەـ ، باشەکە بە ناوی سپنتامینو ، خراپەکەیش بە ناوی ئەنگرە مینۆ (= ئەهریمەن).

گاتا پەڕتوکی پیرۆز، لە کێوی سەبلان بۆ زەرتەشت هاتۆتە خوارەوە.

ماوەی دوانزە ساڵ لە ڕۆژئاوای ئێراندا ئاینەکەی خۆی بڵاوکردەوە.

٤٨- ئاهورامەزدا ئەڵێت: شیرینی، خۆشی و کامەرانی و هەروەها نازناوی زەرتەشت بەو ئەبەخشم .

ئەو خەڵکانە لە پێش ئاینی زەرتەشتدا کردگارپەرست بووە، وەک:

خۆر، مهر (= میتر)، تیشک، مانگ، ئەستێرە، ئاگر، باران. ئەمانەیان پەرستووە و زۆر لایان بەڕێز بووە و بە سەرچاوەی ژیانیان داناوە.

ئەو خەڵکانەش دوو بەش بوون: نیشتەجێ و کۆچەری. زەرتەشت خۆی لە نیشتەجێکان بووە ، کە کردگارپەرست بوون. بەشی دووەمیان، کە کۆچەر و دەوارنشین بوون، دێو و

خراپەکانیان دەپەرست و دزی و جەردەیی و کوشتن و تالانیان دەکرد.

زەرتەشت داوای لە هەموان ئەکرد واز لە خراپەکاری بێنن و بچنە سەر ڕێگای ڕاست و ناسین و پەرستنی تەنیا یەک خودا، ئەم بانگەوازەی بۆ هەموو خەڵکان بوو.

یەکەم کەسێک باوەڕی بە ئاینی زەرتەشت کرد، (مدیو ما)ی کوڕی مامی بوو، کە بەدڵ و بەگیان لەسەر ئەو ئاینە بوو و هەتا کۆتایی ژیانی پاڵپشتی لێ کرد، بە هەمان شێوەش هۆی ژنی زەرتەشت و کچەکەی بە ناوی پوروچیستا پشتیان بەرنەدا.

پیاوە ئاینیەکان و هەندێک لەو خەڵکانە دژی وەستان، بە ناچاری ئەو جێگایەی بەجێهێشت و بەرەو ڕۆژهەڵاتی ئێران و ناوچەی بەڵخ و خوارەزم کۆچی کرد. لە باکتریا یا بەڵخ چووە لای ویشتاسپ(گوشتاسپ)، کە پادشای ئەو جێگایە بوو، توانی پادشا ببینێت و باسی تەنیا یەک خودای بۆ کرد و پادشا و وەزیرەکەی، کە ناوی جاماسپ بوو، هەروەها یەکێک لە نزیکەکانی شا بە ناوی فراشوشترا و شاژن کەتایون. ژنی گوشتاسپ و ئەسفەندیاری کوڕی پادشا هاتنە سەر ئاینەکەی.

زەرتەشت ئەمانەی بە باشی ناوبردووە و لە ئاهورامەزدا ئەپاڕێتەوە یارمەتیان بدات و سەریان بخات. بەم هۆیەوە ئاینی زەرتەشت شێوەی ئاشکرایی و ڕەسمی وەرگرت. ئەم بانگەوازەش، کە وردە وردە گەیشتە زۆربەی ناوچەکانی ئێران، بەو شێوەیە بوو:

ئەی خەڵکینە! خودا یەکە و لەو زیاتر خودایەکی تر نییە. باوەڕتان بە سێ شت هەبێت، کە بنەڕەت و سەرچاوەی پیرۆزی مرۆڤە ، ئەویش: گفتەی باش، بیری باش و کردەوەی باش. ئەمانەش ڕاستی و پاکی مرۆڤ دەرئەخات و سەرکەوتوو ئەبێت.

ئەی ئاردی بەهەشت(ئاڤێستا بەندی ۳۰) بەهرە و پاداش و شادکامی و کردەوەی باش بە گوشتاسپ و هەرزان بزانە،.(ئەی سپەنتە ئارمەیتی) خواست و نیازی ئەو بێنەدی. ئەی مەزدا! ئەی پادشا! یارمەتی پێغەمبەری خۆت بدە کە سرود و ستایشت ڕەوا بکات.

ئەی چاکان(=ڕاستان)(بەندی ۸ ل۳۱)! لە تۆ ئەخوازم ، ئەی ئاهورای بە ڤەهترین ڕاستیی دەمساز بو(فەرە شوشترە)ی دلێر و بۆ خۆم و هەر کەسێکی کە خاوەن پەیڕەوی تۆیە...هتد.

مهر: لەوە بە دواوە مهر خاوەنی دەشتی پان و پۆڕی جیهانە، یارمەتی فەرمانڕەوای وڵات ئەدات ، تێکدان و شکاندنی ئاشوب و هەموو پشێوەکە، لەوە بە دوا ـ (اپم نیاتی بەهێز #)

پشتیوانی لە هەموو سەردارانی وڵات ئەکات و سەرکەشەکان دەمکوتئەکات.

ئەو زاهد فروهەر و میـدیوماه ##ی پاک کوڕی ئاڕاستی ### ستایش ئەکەم، کە یەکەم کەسێک بوو گوێی لە گفتە و زانیاری زەرتەشت گرت.

مهر ####(١-١٩٣) ئاهورامەزدا بە سپیتمان زەرتەشتی ووت: ئەی سپیتمان! من لە کاتی دروستکردنی مهردا ، کە جێگای شایان و ستایشە و خاوەنی دەشتی فراوانە، من وەک خۆم بۆ ستایش و لێپاڕانەوە دروستم کردووە.

زەرتەشت لە تەمەنی حەفتا و حەوت ساڵیدا ، لە شەڕی نێوان ئارجسپ پادشای توران زەمین و گوشتاسپدا ، لە کاتێکدا زەرتەشت لە بارەگای گوشتاسپدا ، لە ئاگردانی خۆیدابووە ، بە دەستی پیاوێک بە ناوی (برات رەک رەش)ی تورانیەوە شەهیدکراوە. بێگومان شەڕەکەش لەسەر جیاوازی ئاینی بووە.




---

# فریشتەیەکە لە پاسەوانی ئاو، هاوکاری لەگەڵ ئاناهیتا دا هەیە.

## مدیوماه کوڕی مامی زەرتەشتە

### ئاڕاستی باوکی (مدیوماه) و مامی زەرتەشتە

#### مهر لە ئاڤێستادا بە میترا هاتووە ـ فریشتەی ڕوناکی و پاسەوانی پەیمانە، هەموو جیهان بۆ ڕووناکی، لەژێر ڕوناکی ئەودایە.

هەندێک دەڵێن زەرتەشت سێ ژنی هێناوە ، بە دوای یەکدا مردوون یان جیابوونەتەوە ـ لە گاتادا تەنیا ناوی یەک ژنی هاتووە ، کە زۆر بەرێزەوە ناوی دەبات ، هەتا دواژیانیان بەیەکەوە بوون.

لومل لە نوسینەکەیدا دەڵێت: سێ دەستەی ئاینی لە پێش زەرتەشدا لە ئێراندا هەبووە :

١- ئاترەوەن یان ئادربان، بە واتە خزمەتکەری ئاگر.

٢- گرپن یان گرپە، کە لە هیندستاندا پێی دەڵێن کلپە، کە سەرپەرشتی دروشم و ئاداب و شێوەی مەزهەبییان کردووە.

٣- ئاوسیج، لە سانسکریتدا بە ئاوسیک هاتووە، بە واتە کاهن.

ئازربانان تەنیا گروپێک بوون، کە هاتوونەتە سەر ئاینی زەرتەشت. بە پیاوە ئاینیە گەورەکان وتراوە راهوتر، کاری ئەوان سرود و دروشمی مەزهەبی بووە.

لومل، گلندر، ئالدن برگی رۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی باوەریان وایە لەو رۆژگارانەی کۆنی ئێراندا چینایەتی هەبووە و کۆمەڵ لە سێ چین پێکهاتبوو:

١- رۆحانی؛ ٢- جەنگاوەران؛ ٣- جوتیاران.

لەم رووەوە زەرتەشت لە چینی یەکەم بووە و ژنەکەی لە چینی جەنگاوەران.

لومل ئەپرسێت: ئایا زەرتەشت موغ بووە؟، لەو کاتانەدا موغەکان بە واتە کۆمەڵێکی روحانی، یۆنانیەکان و کلدانیەکان بە روحانیەکانی ئێرانیان وتووە موغ.

هرتل ئەڵێت: زەرتەشت بەهیچ جۆرێک کاهن و روحانی نەبووە، بەڵکو دوژمنی کاهن و خواکانیان بووە. بەشێکی زۆر لەوانەی لەسەر زەرتەشتیان نوسیووە زەرتەشت بە شازادە دائەنێن، کە لە لایەن ویشتاسپەوە پارێزگاری کراوە.

رۆژهەڵاتناس و ئێرانیناسی ئەڵمانی هرتسفلد(١٨٧٩- ١٩٤٧ ز.)،کە شارەزایی لە نوسینی پەهلەوی، مێژووی ئێرانی کۆن و عێراق و ئیسلامدا هەبووە، و رووناکبیرترین کەسێک بووە لەو کاتانەدا لە سنوری ١٩٠ پەرتوک و نامەی دەربارەی مێژوونوسین ، زمان و ئاینی کلدانی و ئیلامی کۆن و ئیسلام نوسیووە. ناوی ئەو لە تەختی جەمشیددا هەیە. لەوانە پەرتوکێک سەبارەت (زەرتەشت و جیهان و کاتی ئەو). دۆزینەوە و خوێندنەوەی نوسینی پەهلەوی لە فەیروزئاوا و نوسینەکانی مەشهەد ، لە نزیک کازرون، لە کارە گرنگەکانی ئەون.

ئەو لە نوسینەکەیدا ئەڵێت: لە گاتادا زەرتەشت بە هۆش و لێهاتوویی بەشێوەی باش و خۆشی و بە دەنگێکی پڕ لە ئاواز و میهرەبان لەگەڵماندا ئەدوێت، ئەو مرۆڤێکە بۆ دروستکردنی ڕەوشتی باش و مرۆڤانە بە خۆشبەختی و ڕووناکی ڕێپیشاندەر بۆ کشتوکاڵکردن و ژیانی باش میللەتەکەی دژی خورافات و خەیاڵپەرستی ڕاپەڕاند.

هرتسفلد باوەڕی وایە ئیستیاگ دوا پادشای ماد، باپیرەی زەرتەشتە، و کوروش دایکی زەرتەشت، یان کچی ئیستاگی هێناوە، کچی کوروش ، ئاتوسا خوشکی دایکی زەرتەشت بووە. ئاتوسا بۆتو ژنی کامبیز(کامبوجیە)ی کوڕی کوروش، پاش مردنی کامبوجیە بۆتە ژنی داریوشی یەکەم.

بەم پێیە زەرتەشت ئەبێتە ژنبرای دوو شاهەنشاهی هەخامەنشی و زڕکوڕی کوروش ....هتد.

گوایە گوماموغ کە بەڕێوەبەری دادگا بووە، پاش کوشتنی بەردیەی برای کەمبوج، زەرتەشتی دوورخستۆتەوە. دەڵێن: زەرتەشت ئەم نهێنییەی ئاشکراکردووە. ئەم گفتانە هەمووی ڕیوایەی کتسیایە کە لە ساڵی ٣٩٨ پ. ز.دا پزیشکی پادشای هەخامەنشی بووە. کتسیا بە هیچ جۆرێک قسەکانی لە لایەن زانایان پشکێنەرانەوە جێگای باوەڕ نییە.

ڕودلف دەڵێت: زەرتەشت لە چینی پیاوە گەورەکان و دەسەڵاتداران بووە و لایەنگری چینی چەوساوە و جوتیاران و خاوەن ئاژەڵەکان .. هتد بووە.

سولتون باوەڕی وایە جوتیار بووە.

زانای فەرەنسی میلیت ئەڵێت: زەرتەشت دژی پیاوە گەورەکان بووە، دژی قوربانیکردن بووە، دژی کاهنەکان بووە و لایەنگری جووتیاران و دیموکراتیەت بووە.

ڕۆژهەڵتناسی ئەڵمانی پرۆفیسۆر گیکر ساڵی ١٩٤٣ ز. دا لەپەرتوکی(فەرهەنگی ڕۆژهەڵاتدا) نوسیوویەتی: ئاینی زەرتەشت ، کە لە گاتادا پارێزراوە، پلەی خووڕەوشت و مرۆڤایەتی و فەلسەفەی زەرتەشتە. زۆر بە ئازایەتی و سەربەرزیەوە گرنگترین شتی لە کاتێکی کۆندا بۆ گەلەکەی دەرخستووە، ئەوەش: تاکپەرستی ، خوای تاک و تەنیای بڕیاردراوە، ئەو لە لایەن خوداوە بۆ لەناوبردنی شەڕ و کاری خراپە بە نامە پێشوازی لێ کراوە، بەدڵی خۆش و گفتەی باش ئەو خەڵکەی بەدواکەوت و لە دواکەوتن .زگاری کردن.

## ئەنجامی ئەم بەشە

زانایان و پشکێنەرانەوە باسی زۆر جێگا و سەرەتای پەیدابوونی زەرتەشت و بانگەوازی ئاینەکەی کراوە. بە پێی هەندێک لەو زانایانە و شیکردنەوەی ناوی هەندێک ڕووبار، دەریاچە، شاخ وشارۆچکە، وائەگەیەنێت کە زەرتەشت لە ناوچەی ئازەربایجان و دەوروبەری دەریاچەی ورمێ هاتۆتە جیهانەوە و هەر لەو ناوچەیەشدا بووە کە بۆتە پێغەمبەر و دەستی داوەتە بڵاوکردنەوەی ئاینەکەی.

کاهن و پیاوە ئاینیەکانی سەر بە ئاینی پێش زەرتەشت زۆر بەتوندی دژایەتی و بەربەرەکانی زەرتەشتیان کردووە، بۆیە بەناچاری لەژێر هێرشی ئەوانەدا کۆچی کردووە.

بە باوەڕی من ئەبێت زەرتەشت لە خێزانێکی بەتوانا و بەدەسەڵاتدا بووبێت، ئەگەر وا نەبووایە، نەی ئەتوانی ئەو ئاینە ئاشکرا بکات. خۆ ئەگەر لە خێزانێکی جوتیار یان هەژار بووایە، هەر لە سەرەتای پێزانینی ئاینەکەیەوە لە لایەن کاهن و پیاوە ئاینیەکانەوە لەناو ئەبرا. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە بەهۆی کەسوکاریەوە بووە کە نەیان توانیووە لەناوی بەرن. ئەگەر تەماشای مێژووی پێغەمبەرانی دیکەش بکەین، ئەبینین هەر وا بووە، لەوانە پێغەمبەری ئیسلام(محەمەد) زۆر بەتوندی دژایەتی دەکرا، بەڵام بەهۆی باپیر و مام و تیرەکەیەوە دەسەڵاتیان بەسەریدا نەبوو.

چونی زەرتەشت بۆ لای گوشتاسپی پادشای باکتریا و هاتنی ئەو و دەوروپشتەکەی بۆ سەر ئاینەکەی بووە پاڵپشتی زەرتەشت و ئاینەکەی شێوەی ئاشکرای وەرگرت و بەشێوەیەکی فراوان بڵاوبووەوە.

گوتنێک هەیە ئەڵێت.(خەڵکی لەسەر ئاینی پادشاکانیانن)(الناس علی دین ملوکهم).

**سەرچاوەکانی ئەم بەشە**

١- بدانیم و سربلند باشیم، اموزشهای ایین زرتشت، تالیف دکتور منوچهر منوچهرپور - اسفندماه ١٣٥٧ .. ل ٢١، هەمان سەرچاوە ل ٢٣

٢- فردیسنا و حکومت بقلم جلالالدین اشتیبانی. چاپ سوم ، تاریخ انتشار تابستان ١٣٦٧. ل٤٨، هەمان سەرچاوە ل ١٢٥

٣- اصل و نسب و دینهای ایرانیان باستان. تالیف عبدالعظیم رضائی. تاریخ انتشار زمستان ١٣٦٨ ل ١٤٢

٤- ژان وارن، زرتشت چه می گوید ـ ترجمه عنایت الله شکیب پور، لیسانسیه زبان فرانسه ، انتشارات سعیدی. ل٢١، هەمان سەرچاوە ل٤١

٥- اوستا نامئەمینوسی ایین زرتشتر نگارش جلیل دوستخوا ـ از گزارش استاد ابراهیم پورداود ، چاپ ششم ١٣٦٦. ل٩٩ بەندی ١٦، بەندی ١٩، ل ٣٠ بەندی٧ و بەندی ٨



**نوسینی دێن دەبیری**

#بڕوانە(ئاڤێستا ـ نامەی مەینەڤی ئاییینی زەرتەشت، بەشی یەکەم. نیگارکردنەوەی ئەنداز حەویزی . ل ۲۱)

**ئاڤێستا:**

ووشەی ئاڤێستا (١) بەواتە بنەڕەت و دامەزراو، پاشماوەی زمانی کۆنی ئێرانیە و کۆنترین و گرنگترین پاشماوەی زمان و ئەدەبیاتی ئێرانیە و پەڕتوکی پیرۆزی ئاینی زەرتەشتە، بە زمانێک لە زمانە کۆنە ڕەسەنەکانی ئێران و ڕیشەی هیندوئەوروپی نوسراوە. تا ئێستا روون نیە لە خاکی ماددا پەیدابووە، یان لە ناوچەیەک لە ئاسیای ناوەڕاست. زانا و ڕۆشنبیران هەر یەکەیان بڕوایان بە لایەنێکیان هەیە. هێشتا ڕۆژگاری ڕێکخستنی کۆنترین بەشی ئاڤێستا روون نیە.

پاش داگیرکردنی ئێران (٢) لە لایەن عەرەبەوە و بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام لە ئێراندا، نێوان ساڵەکانی ٦٣٠- ٦٤٠ ز. دا ، پیاوە ئاینیەکانی زەرتەشت لەبەر ئازار و کوشتن بەشێکیان بەرەو هیندستان کۆچیان کردووە و تا ئێستاش ئاینەکەی خۆیان لەوێ پاراستووە.

بەشێکی تر لە زەرتەشتیەکان و دانیشتوانی ناوچەکانی خۆرئاوای ئێران بەرەو ناوچەی پارێزراوتر، لە ڕۆژهەڵاتی ئێران، وەک سیستان، کرمان، مکران هەڵهاتن و لەوێوە لە سەرەتای سەدەی حەوتەمدا بەرەو هیندستان ، بۆ ماوەی چەند سەدەیەک ،دەستیان بە کۆچکرد. سەرەتای کۆچکردنەکەیان بەرەو کەنداوی کتیاور(کتخیاور)، پاشان بەرەو بەشی باکور ڕۆیشتوون و لە بەشێکی خۆرئاوای هیندستان، لە ناوچەی بۆمبای نیشتەجێبوون. ئەوانەی لە هیندستانن ئێستا نزیکەی ١١٥ هەزار کەس ئەبن و بە زمانی گجراتی گفتوگۆ دەکەن. لە سەدەی پانزەیەمی زاییندا پەرتوکی خۆیان بۆ زمانی گجراتی گۆڕیوە.

بەشێکی کەم لە زەرتەشتیەکان (دەهەزار کەس ئەبن) لە ئێران، لە یەزد و کرمان، کەمێکیشیان لە تاران، شیراز و کاشان ئەژین.

ئەوانەی کاتی خۆی لە ئێرانەوە بۆ هیندستان چوون، پاشماوەی پەرتوکە پیرۆزەکەیان (ئاڤێستا) پاراستووە.

بەشێک لە یاسا نوسراوەکان (٣) لە سەردەمی ساسانیەکاندا، لە سەدەی سێیەم تا سەدەی پێنجەمی زایینی ـ لە ئاڤێستا پێکهاتووە تا ئەمرۆ بە دەستەوە ماوە، ئەکرێت بە پێنج بەشەوە.(یەسنا) و (وندیداد = ویدودات) . (یەشت)ەکان و (ویسپرد) ئامۆژگاریە ڕێکخراوەکان لەبارەی زمانەوە کۆنترین بەشی ئاڤێستایە، ئەمانە بەشێکن لە (یەسنا)،

ئامۆژگاریەکان ئەڵێن (گاتا)، کە بریتین لە ئامۆژگاری کێشداری ئاینی و کۆمەڵایەتی. هەندێک لە زانا ئەوروپییەکان گاتاکان بە هینی زەرتەشت دائەنێن، ئەم ئامۆژگارییانە بەشێوەی ئەدەبی و زمانی سەرەتایی، کۆنتر لە پارسی کۆن و نزیکتر بە زمانی (ودا)ییە هیندییەکان نوسراوە. گومان نابرێت گاتاکان دوای هاتنەروو نوسرابنەوە. ماوەیەکی زۆر بەزارەکی باسکراوە. دوای داریوشی یەکەم، نووسین بە ئەلفوبێی ئارامی ئەنوسرا، ئەوانەیشی کە نوسرابنەوە، یەسنای حەوت بەش کە بە شێوەی گاتاکان نوسراوەتەوە، ئەویش هەمان شێوەی زمانە. بەشێک لە یەسنا بریتییە لە پاڕانەوە لە یەزدانەکان و یاسای زەرتەشتی و نەریتە ئاینیەکان و ویسپرد، تەواوکەری شێوەی ناوەرۆکی یەسنایە.

یەشتەکانیش بریتین لە کۆمەڵە سروود و ووتار، بابەتەکانی زۆر فراوان و کۆنن. یەسنا و یەشتەکان و ویسپرد بەشێکن لە پەرتوکی ئاڤێستای گەورە.

ویدودات بەشێوەی گفتوگۆ لەنێوان ئاهورامەزدا و زەرتەشتدا نوسراوەتەوە.

ئاڤێستای بچوک ، کە کورتەیەکی ئاڤێستایە، بە پارێزراوی ماوەتەوە و بەشێوەی فارسی کۆنی سەدەکانی شەش و پێنجەمی پ. ز.. ڕێی پێ دەچێت لە سەدەکانی پێنجەم و چوارەمی پ. ز.دا لەوێ پەیدا بووبێت.

ئاڤێستا بە تەواوی ناشارەزای ئیمپراتۆریی هەخامەنشیەکان و پاشایانیان بووە.

بەپێی باس و بەسەرهاتە زەرتەشتییەکان (٤) ئاڤێستا یەکەمجار بیستویەک نسک (= پەرتوک) بووە. لە کاتی هاتنی ئەسکەندەردا بەشێکی لەناوچووە. ئاڤێستا بەر لە ئەسکەندەر نوسراوە، زمانی یەکەمین بەشەکانی ئاڤێستا بە زمانی کۆنتر لە کۆتایی سەدەی شەشەمی پ. ز. دائەنێن. زۆریش لە شارەزایان لەو باوەڕەدان کە زمانی سەردەمی ناوبراوە،

یەکەم پادشای پارت، بەناوی ولکش یان وڵاش = بلاش (ولگز، لەساڵی ٧٨ تا ٥١ پ. ز.) دا هەوڵی بۆ ژیاندنەوە و نوسینی تازەی ئاڤێستا دا. پاشان خرایە ئاگردانی گەنج شیزی ورمێ وە. ئاڤێستای یەکەمجار بە ئەلفوبێی ئارامی#، کە پیتی دەنگی نەبووە، نوسراوەتەوە.

---

# ئەلفوبێی ئارامی: نوسینێکە لە چەشنە نووسینەکانی فینیقی، لە سەدەکانی نۆیەم و هەشتەمیی پ. ز.دا لە سەرانسەری ئاسیای پێشەوە زۆربایەخدار بووە.



نوسینی ئارامی لەسەر وێنەی ڕۆستەم#

---

#بڕوانە مقدمە فقه اللغه

ئەم شێوە نووسینە لە وولاتی پارتەکاندا زۆر بایەخدار بووە.

دوای ئەوەی لە سەردەمی یەکەمین پادشای ساسانیەکاندا (ئەردەشیری بابەکان ٢٢٦-٢٤٠ ی زایینی) هەندێک نیگاری تازەی لێ پەیدابووبێت و دەستووری ئاڤێستا بە یەکجاری لە سەردەمی شاپوری دووەمدا (٣١٠-٣٧٩ی زاییندا) جێگای خۆی گرتبێ و بۆ زمانی فارسی ناوەندی گۆڕاوە.

نوسین و شیکردنەوەی ، لە سەدەی شەشەمی زاییندا، لە سەردەمی فەرمانڕەوایی خەسرەوی یەکەمدا سالی(٥٣١-٥٧٩ زاییندا) بووە.

بنەڕەتی ئاڤێستا بەزمانی فارسی ناوخۆ، لە (دائرە المعارف) دینی یان (دینکرت) لە سەدەی نۆیەمی زاینیدا ٢١ پەرتوک بووە. ئەمە ئەوە ئەسەلمێنێت کە ئەو ئاڤێستایەی لە کۆتایی فەرمانڕەوایی پارتەکان (٥)و سەرەتای زیجیرەی ساسانیەکاندا ـ لە نێوان سەدەکانی یەکەم و چوارەمی زایینی ـ بە هەوڵ و تەقەلای موغەکان کۆکراوەتەوە.

زۆر لە باس و بەسەرهاتەکانی کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست لەوەدا یەکئەگرنەوە کە زەرتەشت خەڵکی ماد بووە. ویشتاسپ، کە پەناگە و یارمەتیدەری زەرتەشت بووە، لە بەلخ، تەختنشینی باکتریاکان ـ باکتریای کۆن ـ یان توس (لە خۆراسان ـ پارت) بووە . ئەم پێغەمبەرەیان بە زایندەی ئازەربایجان زانیوە.

فروگردی ناوبراو (٦) ویدودات لە سەرەتای ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی پارتەکاندا نوسراوەتەوە. ئەو کیشوەرانەی ناویان تیابراوە، هەمان ناوچە و کیشوەرکانی پارتی(ئەو کاتەن).

زمانی ئاڤێستا لەکام شێوەی زمانە؟ تەنیا یەک شت هەیە کە لە ئاسیای ناوەڕاست و ئەفغانستانی ئێستا پەیدابووە، یان ئەگەر لەسەر زەمینی ماد پەیدابووبێت، لە ئەوپەڕی ناوچەی ڕۆژهەلاتی خاکی ماد بووە.

هەرچۆن بێت ناتوانین ئاڤێستا بە سەرچاوەیەکی مێژووی ماد دانەنێین.

لە سەدەی دەیەم و یانزەیەمی زاییندا (٧) لە شانامەی بەناوبانگی فیردەوسیدا، بەشێوەیەکی ڕێکوپێک یادی ئاڤێستا کراوەتەوە. لە سەدەی حەڤدەیەم و هەژدەیەمدا لەسەر ئاڤێستا زانین پتر پەیدابوو. لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەیەمدا لاویکی فەرەنسی بەناوی ئەنکتیل دۆپرۆن (١٧٣١- ١٨٠٥ی ز.) بەرەو هیندستان ڕۆیشتووە و شەش سال لەوێ ماوەتەوە، لە

(١٧٥٥ تا ١٧٦١ ی ز.) بەتوانا و كـۆششی خـۆی سـەكـەوتوو بووە، پیـاوە ئاینیـەكـانی زەرتەشـتی بینیـوەو بە باشی شـارەزایی لەو شـتـانە پەیداكـردووە كـە دەمـاودەم و بەسـەرزارەوە بوون، ئەو بەشـانەی پەیداكـرد كـە بەدەسـتـنووس نووسـرابوون. ئەنكتـیـل دۆپرۆن لە سـاڵی ١٧٦١س ز. دا بەرەو پاریس گـەڕاوەتەوە. ئەوانەی هەمـوو كـۆكـردەوە، بەشـێـوەی یەكـەمی گۆڕینی ئاڤێستاو بە زمانێكی ئەوروپی لەژێر ناونیشانی زەند # ـ ئاڤێستا دانەری زەرتەشت گۆڕینی بە زمانی فەرەنسی لە بنەڕەتی زەندی بڵاوكردەوە.

لە ساڵی ١٨٢٦ی ز. دا زمـانناسی دانیـمـاركی ڕاسـمۆس كریسـتـیـان راسك (١٧٨٧ - ١٨٣٢ ز.) كە یەكێكە لە دامـەزرێنەرانی زمـانناسی ـ زمـانی ئاڤێسـتـا و نزیكی ئەو زمـانی هیندی كۆنەوە، واتە سانسكریت ـ ی دامەزراند.

بـورنـوف (١٨٠١-١٨٥٢ی ز.) (٨) لەوانە سـوودی وەرگرت، كـە خـۆی سـانسكریـتناسی فەرەنسیە، ئەو شتانەی ڕاستكردەوە، كە دۆبرۆن لێی نەگەیشتبوو. بورنوف لە سـاڵی ١٨٣٣ دا بەرگی یەكەمی لە ڕوونكردنەوەی یەسنا بڵاوكردەوە.

لە سەدەی نۆزدەیەمدا دوو نووسینەوەی بنەڕەتی لە خوێندنەوەی ئاڤێستادا بەدەركەوت.

ئاڤێسـتـا وەك هەمـوو پەرتوكە ئاینیـەكانی تر پەرتوكێكی ئاینیـە. ئاینی زەرتەشت (٩) لە بنەڕەتا بەربەرەكـانیـەكی هەمـیـشـەییـە بۆ هێنانە پێـشـەوەی چاكـە بە وێنەی خـواوەندی ئاهورامـەزدا، لە دژی گـیـانی گـڵـاوی ئەهریمەن تێـدەكـۆشـا. دانیـشـتـوانی مـادی ناوەندی و ڕۆژهەڵات لە سەدەی حەوتەمی پ، ز. دەوە نووسینیـان هەبووە، ئەمەش هەمـان خەت و نووسینە كە ئەمڕۆ بە (خەتی كۆنی فـارسی) یان خەتی هەخـامـەنشی ڕیزی یەكەمی دادەنێن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە ڕەگەزی مادییە.

خەتی مێخی(پارسی كۆن) لە سەردەمی كۆڕشی دووەم و ناوەڕاستی سەدەی شەشەمی پ. ز. دا زۆر باوبووە.

ئەم وتەیە كەمتر ڕێی تێدەچێت كە ئیمپراتۆریی گەورەی ماد ڕێنوس یان نووسینی تایبەتی

---

# زەند شیكردنەوەی ئاڤێستایە، پازەند شیكردنەوەی زەندە.






نمونەی نوسینی پارتی لە نوسینی ساسانیەکاندا، لەگەڵ ئەلفوبێی ئاڤێستای دەنگدار#

---

# بروانە مقدمە فقە اللغە .ل١٩٣ ، هەروەها ٧٠



لاپەڕەی زێڕین بە نوسینی پارسی کۆن، مێخی، لە لایەن ئاریامنەوە داڕێژراوە،#

---

# هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ۱۰۳

خۆیان نەبووبێت و پارسەکان خەتیان بووبێت.

ئەو نووسراو و پەیکەرە ئاینیانەی لە پاشماوەیماننا و لوڕستانەوە بەجێماون(١٠)، هیچ جۆرە پەیوەندیەکی بە یاسای ئاهورامەزدا و ئامۆژگاریەکانی زەرتەشتەوە نییە. ئاینی لۆلۆ، گۆتی و کاسییەکان لە سەدەی نۆیەم و هەشتەمی پ. ز. لەناو هەندێک دانیشتوانی مادا وەک خۆی بەبێ گۆڕان مابونەوە و هەر باوبوون.

ئاترون ناونیشانێکی ڕەسمی (١١) بووە کاهنەکان و هۆزی موغەکان خۆیان بۆ خۆیان داناوە. هەر کاهنێک کە سەر بە ئامۆژگاری زەرتەشت بووە، ئەوە موغ بووە، بەڵام هەموو موغێک کاهن نەبووە. بەم جۆرە موغ ووشەیەکە بەرامبەر بە کاهنی زەرتەشتیەکان، لە فەرمانڕەوایی ساسانیەکاندا ـ بە کاهنەکانیان و موغەکانەوە، بە سەرۆکی موغەکانیان ئەووت موگەپاتی Mogapati ، موبدیان پێ ئەووتن و بەڕەسمی دەناسران.

زمانی ئاڤێستا (١١) لەگەڵ کۆمەڵە زمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێراندا ئەسکیتیەکان تێکەڵە، ئەو خەتە کۆنەی ئاڤێستای پێ نوسراوەتەوە خەتی ئارامیە، کە زمانە ئێرانیەکان پێیان نووسیوە، لە سەردەمی داریوشی یەکەم تا کۆتایی سەدەی شەشەمی پ. ز.پەیدابووە.

کریستیان بارتولەمە(١٢) زانای گەورەی ڕۆژئاوا و شارەزای زمانی ئێرانی، بەم جۆرەی نووسیوە: گاتاکان ناڕەحەتترین شێوەی زمانی هیندوئەوروپیە، لە گۆڕیندا کەم و کورتی تێدایە(١٣).گاتاکان بە گەلێک شێوە لێکدراونەتەوە. بیست و دوو بەشن یان بڵێین بیست ودوو باسن کە لە پەرتوکی یەسنادا وەکو بەشێک لە ئاڤێستادا.

گات خاوەنی پێنج بەشە و ناوی هەر بەشێک لە یەکەم وشەی گات وەرگیراوە:

بەشی یەکەم:

ئاهو نەوئی تی بە پەهلەوی ئاهنودگات خاوەنی حەوت بەشە و سەد بەند و دووهەزار و سەد ووشەیە.

بەشی دووەم:

ئوشتوتی بە پەهلەوی ئشتودگات، ئەمەش بریتیە لە چوار بەش و ٦٦ بەند و ١٨٥٠ ووشە.

بەشی سێیەم:

سپنته ئین یو به پەهلەوی(سپنتمدگات) ە ، ئەم بریتیە لە چوار بەش و ٤١ بەند و ٩٠٠ ووشە.

بەشی چوارەم:

وهوخشتره بە پەهلەوی(ئان و هوخشترەگات)ە، یەک بەش و ٢٢ بەند و ٤٥٠ وشەیە.

بەشی پێنجەم:

وهیشتوایشتی بە پەهلەوی وهیشت واشت گاتی ناوە. خاوەنی یەک بەش و ٩ بەند و ٢٦٠ وشەیە.

ئەمە هەمووی ڕاز و نیاز و گفتوگۆو گوێگرتنی زەرتەشتە(١٤) لەگەڵ ئاهورامەزدا، زۆربەی ئامۆژگاریەکانی زەرتەشت لە بەشی سێیەمدایە، جیهان گۆڕەپانی بەربەرەکانی دوو هێزی هاومافی وەکو یەکن. یەکەمیان چاکەیە و ئاهورامەزدا ڕابەری ئەکات و هێناویەتە کایەوە، دووەم ڕۆحی پیسی(ئانگهرو ـ مئینو) بیرکردنەوەی پیس ڕابەری ئەکات.

لە گاتاکاندا زۆر باسی ئاگرپەرستن ناکەن، زەرتەشتیەکان ڕقەبەری ئەو هۆزانەیان ئەکرد کە ئاری نەبوون، گوایە ئاهورامەزدا حەزی بە بوونیان ناکات. لە گاتاکاندا کەمێک دیارە، بەڵام لە ئاڤێستای بچوکدا بە تەواوەتی دەرئەکەوێت.

گاتاکان لە پێش سەردەمی هەخامەنشیەکاندا پەیدابوون، ئەگەر لە مادی ڕۆژهەڵات نوسرابێت، لە سەدەی حەوتەمی پ. ز. دا بووە. پەیدابووە نەنوسراوە ـ گاتاکان ڕێکخراوەو هۆنراوە بوون، بە ئاسانی لەبەردەکران ـ کاهینەکان و پیاوە ئاینیەکان لەبەریان ئەکرد، ئەمەش دیارە بەر لە پەیدابوونی ئەلفوبێی ناوبراو بووبێت، ئەگەر بە هینی ئاسیای ناوەڕاستی دابنێین لە نیوەی یەکەمی سەدەی شەشەمی پ. ز. ەوە، ئەگەر بە هینی مادی دابنێین سەرەتای سەدەی حەوتەمی پ. ز. ئەگرێتەوە.

بەپێی ووتەی (هیننگ)(١٥) هاتنەدنیای زەرتەشت بە ٢٥٨ ساڵ پێش هاتنی ئەسکەندەری مەکدۆنی داناوە. بەواتە ژیانی زەرتەشتی بەکۆتایی سەدەی حەوتەم و سەرەتای سەدەی شەشەمی پ. ز. داناوە.

لە سەدەکانی حەوتەم و شەشەمی پ.ز. دا(١٦) لەسەر زەمینی ماددا باونەبووە تەرمی

مـردوو لە بورجـەکـاندا دابنێن تا مـەلومـور بیـان خـوات. گـەلێک گـۆڕسـتـان هەبووە، لە هەندێکیـاندا وێنەی مـوغ دۆزراوەتەوە. ئەمـە ئەوە ئەسـەلمێنێت کـە پادشـایانی مـاد و پیـاوە گەورەکان بەڕێزەوە نێژراون، ئەمە بەپێچەوانەی مردووی زەرتەشتیەکانەوەیە.

بنەڕەتی ئاڤێستـا(١٧) بەزمـانـی فـارسی ناوەندی تا ڕادەیەک لەو کـاتەوە پارێزراوە. لە سەدەی نۆیەمی ز. دا ٢١ کتێب یا بەش بووە، پێش داگیرکردنی عەرەب، ئەوە ئاڤێستا بووە. هەر بەشێک لەوانە بریتی بووە لە بنەڕەتی ئاڤێستا و زەند، بەواتە شیکردنەوەی ئەو بەشە بە زمـانی پارسی ناوەندی. هەر کـتـێـبـێک لەوانە ناوێکی هەبووە، کـە پێی ئەوترێت ئاهونا ویریا Ahunna Wairya کە پیرۆزترین پاڕانەوەی زەرتەشتیەکانە.

زانینێک سەبارەت بەو بەشانە لە (دین کرت) دا کە ماونەتەوە بەم شێوەیەیە:

بەشی یەکەم: سەبارەت بە زۆرزانین و پاکی؛

بەشی دووەم: سەبارەت بە کۆبونەوەی ئاینی؛

بەشی سێیەم: سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی مەزدیسنا و ڕێڕەوانی ئەوان؛

بەشی چوارەم: سەبارەت بە دروستبوونی ئەم جیهانە و جیهانی دووای مردن و زیندووبوونەوەی مرۆڤ و داوەریکردنیان بەبێ کەمەکوڕی؛

بەشی پێنجەم: سەبارەت بە ئەستێرەناسی؛

بەشی هەشتەم: بڕیاری یاسایی؛

بەشی دەیەم: سەبارەت بە شاگوشتاسپ و پادشایەتی ئەو؛

بەشی سیانزەیەم: سەبارەت بە زۆرزانی منداڵی زەرتەشت؛

بەشی پانزەیەم: سەبارەت بە دادپەروەری لە کاردا؛

بەشی شـانزەیەم: سـەبارەت بە یاسـای وڵات و سوپا، مـارەبڕین لە ڕووی باوەڕی ئاینیـەوە لەناو خزموکەسوکاردا؛

بەشی حەڤدەیەم: سەبارەت بە ڕێڕەوی مەزهەبی و ئیشوکاری ڕوحانیەکان و ئەستێرە؛

بەشی نۆزدەیەم: (وندیداد)کە ڕاستیـەکەی ویدوداتە، بەواتە یاسا دژی دێوەکـان ، سەبارەت بەنەمانی پیسی و پاکنەبوونەوە؛

بەشی بیستەم: سەبارەت بە بەسەرهاتی گیان(ڕوح) لەدوای مردن؛

بەشی بیستویەکەم: سەبارەت بە ستایشی ئاهورامەزدا و ئیشاسپەندان:

ئاڤێستا تەنیا کۆمەڵە پاڕانەوەیەک نەبووە، بەڵکو بنەڕەتی خووڕەوشت بووە لە ڕووی زانین و شێوەی پیرۆزی بڕیاردانی ژیانەوە، جگە لەوانەش بەشێکی ئەفسانەیی و پەرۆشی(حەماسی) و پزیشکی تێدابووە. ڕێزگرتنی هەندێک شتی کردگاری لای زەرتەشتیەکان زۆر بەرێزبووە،وەک: خاک، ئاگر، ئاو و هەوا. نابێت ئەم چوار شتە پیسبکرێن. نەدەبوو مردوو بخرێتە ناو ئەمانەوە، بۆیە مردوویان لەسەر بەرزاییەک دائەنا. باڵندە و جانەوەری گۆشتخۆر گۆشتەکەیان ئەخوارد، پاشان باران ئێسکەکانی ئەشۆردەوە و لەبەر هەوا و خۆرەتاو وشکئەبووەوە . بەم شێوەیە پاکئەبووەوە ـ پاشان ئێسکەکەیان ئەخستە ناو گۆڕ(خاک)ەوە.

هەروەک لەلایەکی تردا باسکرا، ئاڤێستا(١٨) پێنج بەشە یان پەڕتوک.

بەشێکی کەم لە ئاڤێستا بنەڕەتیەکە ماوە، بەواتە لە چوار بەش بەشێک ماوە:

١- یەسنا؛ ٢-یەشت؛ ٣- ویسپرد؛ ٤-ویدوداد؛ ٥- وردەئاڤێستا.

١- یەسنا(= یەسن): بەواتە پەرستن، نیاز، ستایش، نوێژ وجەژن. یەسنا ٧٢ بەشە، لەوانە ١٧ بەشی گاتای لێدروستبووە، گاتا یان گاثا بەواتە سرووە.

بە پێی گووتنی سپێنسەر پەرتوکی یەسنا و گات کۆمەڵێک پەرتوکە سەبارەت بە هێزی ڕوحانیەکان و گەورەترین دەرخستنی ئاینی و ئەدەبی و فەلسەفی، هینی ڕۆژگاری کۆنە ماوەتەوە.

یەسنا لەڕووی شێوەی دیالێکت لەگەڵ هەموو بەشەکانی تری ئاڤێستادا جیاوازە، ئەگەرچی تێکەڵی هۆنراوە و پەخشان بووە، بەڵام هەرهەمان یەسنای کاتی ساسانیەکانە. لە کاتی هاتنی ئەسکەندەردا بەشێک لەم پەرتوکە لەناوچووە. بە پەرتوکی پیرۆزی بنەڕەتی زەرتەشتیەکان دەژمێرێت، نمونەی نەژاد و گەلی ئەوان دەردەخات.

پەرتوکی یەسنا بەردەوام هێرش ئەباتە سەر درۆکردن و درۆزن و ڕاستی بەپیرۆز دائەنێت:

١- شانوشەوکەتی پاک ئەتوانرێت بەهۆی ڕاستیەوە بەدەستبێنرێت؛

٢- نزیکبوونەوە لەخودا بەهۆی ڕاستی و ویژدانی پاکەوە بەجێدێت؛

٣- خۆشی و بەختەوەری بۆ ئەوانەیە کە ڕاستن، ناخۆشی بۆ ئەوانەیە کە درۆزنن؛

٤- ئەو کەسەی دۆست و پاڵپشتی ڕاستیە، دۆستی ئاهورامەزدایشە؛

٥- ئاهورامەزدا سەرچاوەی ڕاستی و ویژدانی پاکە؛
٦- کاری ڕاستی و چاکەی خۆت بە ئاهورامەزدا بسپێرە؛
٧- ڕاستی دانایی و زانایی ئیزدت فێردەکات؛
٨- باشترین دەسکەوت لە ڕاستیەوەیە؛
٩- باشترین چێژ و ئارەزووی ژیان، کردەوەی ڕاستیە لە یاسای ڕاستیدا؛
١٠- فەرمانبەرانی ڕاستی هۆی ئاوەدانکردنەوەی زەوی و خۆشی جیهانن؛
١١- ئەو کەسانەی درۆزنن و درۆئەکەن، ژیانی مرۆڤ لەناودەبەن؛
١٢- قوتابی درۆبکات و قسەی خراپ بڵێت مرۆڤ لە ئیشوکاری وڵات دوورئەخاتەوە؛
١٣- بەرهەڵستیکردن دژی درۆ، باشترین دیارییە لەلایەن ئاهورامەزداوە؛
١٤- مرۆڤی ڕاستگۆ ئەبێت لە مرۆڤی درۆزن نزیکنەکەونەوە؛
١٥- مرۆڤی درۆزن ناشیرین و ناهەموارە.

٢- یەشت: ستایش و نیایش، ئەم ناوە لە ئاڤێستاسا بە یەشتی و لە پەهلەویدا بە یەشت هاتووە، بەشێکە لە ئاڤێستا. یەشت باسی جوگرافیا و ئەفسانەی پادشاکانی پێش زەرتەشت د ستایشی خودا و ڕووداوی کردگار و خەڵکی ئەکات.

مامۆستای زانا پورداود لە نوسینەکەی خۆیدا سەبارەت بە دارشتن و شێوەی یەشت ئەڵێت: هەرچەند ئەمڕۆ یەشتەکان لەسەر هۆنراوە دانەنراون، بەڵام قسەکانی ڕێکوپێکی شێوەی هۆنراوە دەدەن و بەشێوەیەکی بەرز بۆتە سروود. گرنگترین بەشی یەشتەکان لە بینینی مێژووی ئاینەکانەوە جێگای سەرنجە. ئابان یەشت و میگر یەشت، ئازمیاد یەشت زۆر گرنگن سەبارەت بە ئێرانی پێش سەدەی ئاڤێستا.

ئەو یەشتەی لەبەردەستدایە لەکاتی زەرتەشتدا نووسراوە. لە هەموویان کۆنتر لەوانە سەبارەت بە میترا، وایو و بەهرامە. ئەمانە هەمووی پەیوەندی بە سروودی گەلەکانی ئاریای یەکەمجارەوە یە.

٣- ویسپر: ئەم ناوە لە دووبەش پێکهاتووە، ویسپ بەواتە هەموو، تێکڕا هەمووی بەواتە پێشەوا، گەورە، ڕابەر و سەروەر. ویسپرد خاوەنی ٢٣ بەشە، باسی ستایشە بۆ ئەمشاسپندان و ئیزدان و هەموو پێشەوایانی ئاینی و پیاوەگەورەکان.

٤- وندیداد: لە بنەڕەتا وی دئودات ـ وی ـ دئو ـ دات ، بەواتای جیاواز ـ دێوەکان ـ یاسا دێت، ئەمە بەشی دادپەروەری و یاسای ئاینیە، تەنیا پەرتوکێکە بەتەواوەتی لە ئاڤێستای کۆن ماوەتەوە و پارێزراوە. ویدوداد ٢٢ بەشە.

پرۆفیسۆر کای بار سەبارەت بەم پەرتوکە نوسیوویەتی: وندیدات بەتێکڕایی دەستور و یاسایەکە ئامانجی لەناوبردن و سڕینەوەی هەموو ڕووداوێکی خراپە و ئەهریمەنیە لەو ڕۆژگارەدا.

٥- وردەئاڤێستا: ئەم پەرتوکە بە پەهلەوی پێی دەوترێت خورتەک ئەپستاک، بەواتە ئاڤێستای بچوک، ئازەربد مهر ئەسپندان لەکاتی فەرمانرەوایی شاپوری دووەمدا کۆی کردۆتەوە، ئەم بەشە لە ئاڤێستادا کۆمەڵێک ستایش و نوێژ و درووود لەکاتی شەووڕۆژدا و ڕۆژانی خۆشی و جەژنی ئاینی و سەبارەت بە مارەبڕین و پرسە و....هتد. ئەمانە بەشێکن لە وردەئاڤێستا.

هەندێک لە ستایش و نوێژی ئەم بەشە (وردەئاڤێستا)، بە زمانی ئاڤێستا و بەشێکی تری تازەی بە زمانی (پازەند)ە.

بەشێوەیەکی گشتی (١٩) وردەئاڤێستا هەشت بەشە، کە بریتین لە:

١- ڕەوشتی یەشت(تێکڕای ئشم و هو ویتائا هو)؛

٢- ئاڤێستای گشتی ؛

٣- سروش باژ؛

٤- هوشبام(نوێژی بەیانی)؛

٥- پاڕانەوە بۆ(خۆر، بۆ مانگ، بۆ ئاو و بۆ ئاگر)؛

٦- پێنج جار نوێژکردن بەم شێوەیە: هاونگا، ڕپیتونگا، ئوزیرینگا، ئیوسروترینگا و ئوشهنگا.

٧- سێ ڕۆژ (سێ ڕۆژی بچوک و سێ ڕۆژی گەورە)؛

٨- ئافەرنیگاە(بەسەر ئافرنیگان دهمان ـ ئافرنیگان گاتا ـ ئافرنیگان گهنبار و ئافرنیگان ڕپیتون).

## ناسینی ئاهورامەزدا

زەرتەشت لەڕێگای بیرکردنەوەی زۆرەوە پاکی ئاهورامەزدای دۆزیەوە و کەوتە پەرستنی ئەو، لە پەیامی زەرتەشتدا بۆ مرۆڤ ئەڵێت: هەموو کەس بەهێزی بیرکردنەوەی خودا بناسێت و بی پەرستێت.

ئەی مەزدا کە بە چاوی دڵ ڕوانیمە تۆ، لەبیری خۆم تێگەیشتم، کە تۆ سەرەتای ، تۆ سەرچاوەی پاکیبیت، تۆ هێنەری ڕاستیت و تۆ دادپەروەرو دادگەری کاری جیهانیت.

زەرتەشت حەوت تایبەتمەندی بۆ ئاهورامەزدا داناوە:

ڕووناکی، کردەوەی چاک، ڕاستی، حکومەت، هێز، بەخشندەیی و نەمری.

ئاهورامەزدا(٢٠): پەروەردگاری یەکتا.

ئاهورامەزدا، بەواتە دروستکەر و بەخشێنەری هەموو شت.مزدا = مز+دا. مز= مس=گەورە دا= دانا، مزدا= دانای گەورە

ئاهورامەزدا لە دوو ووشە پێکهاتووە: ئاهورا بەواتە دروستکەر، مزدا بەواتای گەورەی دروست بووە. لەم ڕووەوە ئاهورامەزدا = دانای گەورەی دروستکەر.

ووشەی ئاهورامەزدا دوو بەشە لە ئاڤێستادا دوو تایبەتمەندی ئەوە بە ناونیشانی ئەو، لە بنەڕەتی بەشی ئاڤێستا، ئەم دوو بەشە بەیەکەوە نین.لە هەندێک جێگادا بە مزدا و لە هەندێک جێگای تردا بە ئاهورا یادکراوە. لە چەند بەشێکی تردا بەشێوەی ڕازێنراوە ناوی هاتووە، وەک ئاردی بەهەشت (باشترین ڕاستی) و هومن(بیری باش). لە گاتادا و هەندێک بەشی تری ئاڤێستادا دوو تایبەتمەندی ئاهورامەزدا بەسەر یەکەوەیە، مەبەست ناوی پەروەردگاری یەکتایە، هەر لەو بەشەشدا بە شێوەی(مزدائاهورا)و ئارمزد، دادار(پەروورەدگار) و دادارئورمزد = ئورمزد پەروەردگار، ئەمانە هەنووی یادکراوە.

ئەمڕۆ زەرتەشتیەکان لەجیاتی ئەو ناوانەی سەرەوە، ناوی پەروەردگار، بەواتە خودا دەهێنن کە وشەی خودا خاوەنی هەموو شتێکە و داوای یارمەتی لێ ئەکەن. ئاهورامەزدا پاڵپشتی هەموو هەژارانە.

زەرتەشت لە گاتادا(٢١)بەم شێوەیە ستایشی ئاهورامەزدا ئەکات: من لە پێناوی تۆدا(ئاوشا) =ئەی ڕاستی، من لە پێناوی تۆدا ئەی (وهومنە)= خاوەن بیری باش، بۆ تۆ ئەی

ئاهورا، ئەی خودای دانەری ژیان، ئەی پەروەردگار هەوڵدەدەم.

یەسنای ٢٨-٤: مـەزدا خـوای ژیـان و خـۆشی و زانین(٢٢) ناویەتی ئەوە کـە خوورەوشتی چاکـە بە مـرۆڤ ئەبەخـشـێت، لە فـەرمـانڕەوایی خـۆیدا دەسـتی یارمـەتی و دادپەروەری ئەبەخشێت. ئەوە کە ژیانی باش و پڕخۆشیمان ئەداتێ..

یەسنای ٤٣ بەندی ١٥: ئەی مەزدا! ئەو کاتەی بەهمەن و توشنامئیتی هاتنە لام و پێیان ووتم کارێکی وانەکەیت پیاوانی خاوەن ئاینە درۆزنەکان دڵخۆشبکەیت و دڵی پیاوە ئاینیە پاکەکـان و ڕاستگۆیەکان برەنجێنیت. ئەی مەزدائاهورا! ئەوانەی درۆیان کرد، دژ بە پاکان و ڕاستگۆیان لەم وڵاتە دەرکران، بام(سپندارمز) پاداشتی کردەوەباشان و ڕاستگۆیان بداتەوە.

ئەی ئاهورا ! لە تۆ ئەپرسم و بە من بڵێ کێ بوو زەوی لەژێر ئاسمان دروستکرد و ئاگاداری بوو؟ کێ بوو ئاو و گیای دروستکرد؟ کێ بوو بای ڕەوان و هەوری هێنا؟ ئەوانە مەزدا کردی و هەر ئەویشە پارێزگاریەتی.

لە گاتادا ـ من لە پێناوی تۆدا ئەی (وهومنە) = خاوەن بیری باش.

بۆ تۆ ئەی ئاهورامەزدا ، ئەی خودای دانای ژیان، ئەی پەروەردگاری گەورە!

یەسنای ٢٨- ٤: مەزدا خودای ژیان و خۆشی و زانین ناویەتی(٢٣)، ئەوە کە خوورەوشتی چاکە بە مرۆڤ دەبەخشێت. لە فەرمانڕەوایی خۆیدا یارمەتی و دادپەروەری ئەبەخشێت، ئەوە کە ژیانی تازە و پڕ خۆشیمان دەداتێ.

یەسنای ٤٥- ٤: هەمـوو زەرتەشـتـیـەک (٢٤) لە نوێژدا بەم شـێـوەیە لە ئاهورامـەزدا ئەپارێتەوە و ئەی هێنێتە بەرچاوی خۆی:

ئەو سەرەتا و کۆتاییە، ئەو هەر خۆی بووە و وەک خۆی ئەمێنێتەوە، ئەو ناگۆڕێت و بەتوانایە، ئەو فەرمانڕەوایە، ئەو یاسادانەرە و هیچ کەس نییە توانای ئەوی هەبێت، ئەو بێ هاوتایە، ئەو دانایەو لەو داناتر نییە، ئاگاداری هەموو شتێکە کە ڕوودەدات، ئەو ئاگاداری هەموو ڕاز و نیاز و نهێنی و ئاشکرایە، ئەو هەڵنافریوێت، ئەو ئامۆژگارە، ئەو باشترینە، ئەو سوودبەخشە، ئەو ئەبێت ستایش بکرێت، دروستکەری جیهان و هەموو شتە، ئەو هێنەری ڕاستییە و دروستکەری جیهان چاکە و خۆشیە، ئەو بەخشندەی کاروکردەوەی ڕۆشنە، بۆ ئەوەی هەموو مرۆڤێک بە ئازادانە ڕێگای خۆی بەرێتە سەر، ئەو هێنەری جوانی و دادپەروەری و برایەتییە،

ئەو بەخشندەیە، ئەو میهرەبانە، ئەوەندە میهرەبانە هەموو مرۆڤێک ئەتوانێت بیگاتێ و ئەوئەبێتە براو باوک و دۆستی، دۆستەکانی خۆی خۆش دەوێت و هەروەکو هەموو هاوڕێیەک بۆ یارمەتی هەوڵئەدات و پشتوپەنای هەمووانە، هەرگیز لە مرۆڤی هاوپەیمانی خۆی تووڕە نابێت و نەخۆشی و ناخۆشی ناخاتە ناویانەوە، هەرگیز لە مرۆڤی خۆی خواپەرستێ و کۆیلایەتی ناوێت، لە خەڵوەت و قوربانی بێزارە، لە تێڕوانینی ئەوەوە خەڵوە و پەرستنی کوێرانە بە هیچ جۆرێک خۆشی و باشی ناهێنێتە کایەوە، بەڵکو بەلای ئەوەوە پەرستێ و ڕێگا و پەیڕەویکردن بریتین لە گفتەی باش، کردەوەی باش، بیروڕای باش، ئەمانەن تایبەتمەندی ئاهورامەزدا.

**ئاردویسو ئانا هیتا:**

ئاهورامەزدا (٢٥) بە سپیتمان زەرتەشتی ووت: ئەی زەرتەشت ـ سپیتمان ! ئاردویسو ئانا هیتا، کە لە هەموو جێگایەکدا هەیە و دەستی ئەڕوات، دەرمانبەخشە و دوژمنی خراپەکاران و دێوانە، پەیڕەوی ئاینی ئاهورایە، ستایشی بکە! هەر ئەوە شایانی لێ پاڕانەوە و باسکردنە، هەر ئەوە پاک و زیندەوەرە. وڵات و جیهان لە سایەی ئەودا زیاتر ئەبێت و پەرەئەستێنێت.

ئەوە کە ئاوی پیاو(٢٦) خاوێن ئەکات و منداڵدانی ژنانیش بێ لەکە ڕائەگرێت. هەر ئەوە منداڵبونی ژنان ئاسانئەکات و شیری مەمکەکانیان فرەئەکات.

ئەوە لە(٢٧) لوتکەی گەردونەی خۆی دانیشتووە، چەرخی گەردونی بەدەستەوەیە و لێی ئەخوڕێت، من بۆ کەسێکی وا بەئەمەک و دڵپاکم و ئارەزووی خۆشی بۆ ئەکەم و داخوازی ئەوەم هەمیشە شادمان بێت.

لە ئابان یەشتدا ـ لەسەر ئاردویسو ئانا هیتا ـ هەمووی لەسەر ئەوە، لە بەندی یەکەمەوە هەتا بەندی ١٣٣- نوسەر

**بەهرام** (٢٨):

ئاهورا دروستی کردووە ستایشی بکەن.

زەرتەشت لە ئاهورامەزدای پرسی: ئەی ئاهورامەزدای پاک ! ئەی دروستکەری هەموو جیهان ! ئەو کەسە کێیە لە گۆڕەپانی ئیزدانەکاندا لە هەمووان باشتر و بەهەشتیە؟

ئاهورامەزدا ووتی: ئەی سپیتمان زەرتەشت ! ئەوەی کە باشترین (ئیزدان)ە (بەهرام)ە، کە

ئاهورامەزدا دروستی کردووە. لەو کاتەدا ـ (بەهرام)ی زۆر بەتوانا بە زەرتەشتی ووت: من لە تواناییدا ـ بەتوناترینیم، لە سەرکەوتنا ـ سەرکەوتووترینم ـ لە گەورەییدا ـ گەورەترینم، لە باشیدا ـ باشترینم، لە سودمەندیدا ـ بەسودترینم ، لە دەرماندانا ـ باشترین دەرمانبەخشم.

ئانا هیتا(٢٩) ـ ئەم ناوە لە سێ تایبەتمەندی پێکهاتووە، ڕووبارێکی بەهێز و توانا، پاک، یان چەمێکی بەتوانای بێگەرد. ئانا هیتا لە فارسیدا بۆتە(ناهید) و ئەستێرەی (زوهرە). فریشتەی پاسەوانی ئاوە، ئەو بەشێوەی ژنێکی ڕازاوە و شۆخ و شەنگ باسکراوە.

لە پەهلەویدا Varahran بەواتە دوژمنکوژ و سەرکەوتوو ـ ناوی یەکێک لە گەورەترین یەزدانەکانی ئاینی زەرتەشت ـ بەهرام، فریشتەی جەنگ و سەرکەوتنە ـ پاسەوانی ڕۆژی بیستەمە.

چلۆنایەتی پەیوەندی ئاهورامەزدا لەگەڵ سپەندمینو و ئیمشاسپەندان و ئیزەدان

ئاهورامەزدا

سەرەتا و کۆتایی بوونەوەر = باوکی ڕەوشتی چاک

سپەندمینو

ڕەوانی پاک ئاهورا = هۆشی پاک = گەوهەری پاک = بیری پاک

ئیمشاسپەندان

۱- بەهمەن
وهومەن = ڕەوشتی باش
دوژمنی گەورەی ئاک منە
یان دێوی بیرخراپ و ناحەز
دێوی نارازی و سەرشێت

ئیزدانی ژێردەست

مانگ   ڕام   گوش

۲- ئەردیبەهەشت
ئیشاوهیشت = ڕاستی مەزدا
دوژمنی گەورەی ئیندرا
دێوی هەڵفریونەری گومڕا
دێوی ناپاکی و پەستی

ئیزدانی ژێردەست

بەهرام   سروش   ئازەر

۳- شەهریوەر
سپەندئارمیتی = ڕەسایی
هێمنایەتی مەزدا
دوژمنی گەورەی تارومائیتی
Taromaiti

ئیزدانی ژێردەست

ئابان   دین   ئەرد

---

* بروانە : افرینش و نظر فیلسوفان اسلامی دربارەء ان. تالیف دکتر حسین خلیقی.
انتشارات موءسسە تاریخ و فرهنگ ایران. تبریز شهریوەر ماە ١٣٥٤. ل٣٦ و ٣٧

٤- شەهریوەر
خشتەروئیریە ـ پاشایەتی
و دەسەلاتی مەزدا
دوژمنی گەورەی سائورو

دێوی ئاژاوەو شایەتی ناپاک
و پەست

ئیزدانی ژێردەست

مهر ئاسمان ئەنیران

٥- خورداد
هورتات = ڕەسایی و
پەسایی تەواوی مەزدا
دوژمنی گەورەی تائورو
Saura

دێوی برسێتی

ئیزدانی ژێردەست

فەروەردین با تیر

٦- ئەمورداد
ئەمورتات = نەمری و هەتاهەتایی
دوژمنی گەورەی زەئیریج
دوژمنی تینویەتی
Tauro

ئیزدانی ژێردەست

ڕەش یشتاد زامیاد

١) ئامشاسپەندان(٣٠): تایبەتمەندی ئاهورامەزدایە

ئامشاسپەندانی ناوە: فریشتەن.

ئاهورامەزدا خاوەنی شەش تایبەتمەندیە، بە هەر یەکێک لەوانە دەوترێت ئامشاسپندی، لە ئاڤێستادا بە کۆمەڵە.

ووشەی ئاشماسپەند بەواتەی چی دێت:

ئاشماسپند لە ئاڤێستادا بەشێوەی ئامشە سپنتەیە و سێ بەشە: ا+مشە+سپنتە

( ) = پیتی لابراوە =(نەفی)، مشە = لە ڕیشەی مر بەواتە مەرگ. پێشتر لەمشە پیتی ( ) هاتووە، ئامشە بەواتە نەمر؛ سپنتە = پیرۆزەکان = پاکەکان( ئەم وشەیە لە ئاڤێستادا بە کۆیە).

هەمووی واتە: ئەمشاسپندان = پاکانی نەمر، لە زمانی فارسی ئەمڕۆدا وشەی ئامشاسپند تاکە و کۆکەیشی ئامشاسپندانە.

ناوەکانی ئامشاسپندان و واتاکانی:

١- بەهمەن،

٢- ئەردی بەهەشت،

٣-شەهریوەر،

٤- سپندارمز،

٥- خورداد،

٦- ئەمرداد.

١- بەهمەن یەکەم ئامشاسپندەو بنەڕەتی ناوەکە وهو منە Waha Manah ، بەواتە بیری باشە و لە دوو وشەی (هو) و(من) پێکهاتووە، (هو) بە واتە باش و (من) بیر ، واتە بەهمەن = وهومن = بیری چاک، کاری ئەو یەوەیە مرۆڤی باوەڕپکراو بە خوداوە دەبەستێتەوە.

٢) ئەردی بەهەشت #: ناوی دووەم ئەمشاسپندە ـ لە دوو وشە پێکهاتووە: (ئاشە)

---

# ئەردیبەهەشت: لە لایەکی تر لە ئاڤێستادا ـ لە شیکردنەوەیدا لە لاپەڕە ٣٦٤ دا دەڵێت: نوردی بەهیشت پاسەوانی ئاگرە و ئازەر نوێنەری ئاگرە، ئەم دوانە هەردووکیان لەگەڵ ڕیپتون، کە فریشتەی هاوینە پەیوەندیان هەیە.

و(هیشته) - Asa Wahista ،(ئاشه) بەواتە ڕاستی ، پاکی و یاسا،(هیشته) پەسەندمەندی، بەواتە باشترین دروستکەرە، هەردوو وشەکە ئاشە و هیشتە = باشترین ڕاستی و پاکی و ڕێک و کردگار، ئەو شێوەی ڕێکخستنی جیهانی ڕاگرتووە.

٣) شەهریوەر: لە ئاڤێستادا وشەی شەهریوەر بە (خشتر و ئیریە Xsara Wairya) هاتووە، واتە لە دوو وشە پێکهاتووە،(خشتر) بەواتە شەهریار و(ئیریە)بەواتە هێزدار. شەهری و= خشتر و ئیریە = هێزی شەهریار (فەرمانڕەوا) بەتوانا، بەواتە پادشای باش دژی ئەوانەی دژی ئاهورامەزدا بوون کە ڕۆشنای کردووە و لەناویبردن ـ ئەوەی کە لە وڵاتدا فەرمانڕەوا بووە.

٤) سپندارمز یا سپنتە ئارمئیتی Spanta Armiti لە دوو وشە پێکهاتووە، سپنتە بەواتە پاک، ئارمئیتی بەواتە ڕووناکی و خۆر و ئەوین. ئار بەواتە باش و دروست، هەمووی سپنتە ئارمئیتی = سپنتە مئیتی پاک + دروست + بیر بە بیری پاک و ئەوین.

٥) خورداد یان هئوروتات، لە دوو وشە پێکهاتووە (هئورو + تات). هئورو بەواتە باش و لێهاتوو، هئوروتات = هئورو + تات = بە باش و لێهاتوو.

٦) ئامرداد یان ئامرتات Amrtat ، لە سێ وشە پێکهاتووە: ( ) پیتی لابراوە + مەرگ + پسوند نیشانەی لکاوە = بێ مەرگی، هەمیشە لەگەڵ تەندروستیدایە.

لە لایەکی تردا (٣١) وا هاتووە: تایبەتی ئامشا سپندان بەواتە نەمرانی پیرۆز شەشن، لەمانە سیانیان نێرینەن و سیانەکەی تریان مێینەن:

١- بەهمەن، ٢- ئەردی بەهیشت، ٣- شەهریوەر، ئەم سیانە نێرینەن؛

٤- سپندارمز، ٥- خورداد، ٦- مرداد، ئەم سیانەیشیان مێینەن،

زەرتەشت دەڵێت (٣٢) : کاری خراپ و گوناهکردنی مرۆڤ بەدەست خۆیەتی و دەتوانێت نەیکات.

گوناهی گەورە لە ئاڤێستادا بەم شێوەیەیە:

پەیمانشکێنی، درۆکردن، خۆپەرستی، کینە لەدڵگرتن، بێدادی، ناپاکی، کڵاولەسەرنان، خوی تایبەتی خراپ، سستی، لەخۆبایبون، جادوگەری، دزیکردن، دووزمانیکردن، سووخواردن، بتپەرستن، وشەی ناشیرینووتن، درۆودەلەسە هەڵبەستن، ئازاردانی گیانلەبەر،

ئازاردانی هەژاران، تەمەڵی، فرەژنی، داوێنپیسی، خراپەکردن، هەتیوبازی، خۆکوشتن، شینگێڕان و گریان و بۆمردوولەخۆدان.

**ناوەکانی خوداوەند(٣٣)**

| به زمانی ئاڤێستا | به زمانی کوردی |
|---|---|
| ١- ئێزەد | سزای پەرستن = بۆ پەرستن دەبێت |
| ٢- هروسپ توان | توانای بێ هاوتا |
| ٣- هروسپ ئاگا | دانای بێ هاوتا، ئاگای له هەموو شتێکه |
| ٤- هروسپ خودا | خواوەندی هەموو |
| ٥- ئابدە | له بنەڕەتەوە هەیه |
| ٦- ئابی ئانجام | بێ کۆتایی |
| ٧- بنشت = بنست | سەرچاوەی بوون |
| ٨- فراخ تنهه = فراختن ته | کۆتایی جیهان |
| ٩- جمع | له هەموو بەرزتر و گەورەتر، پێشڕەو و پێشڕەوی هەموو |
| ١٠- فرجه تره = فراژتره | له هەموان پێشتره |
| ١١- تام ئافیچ = توامئاوێژ | تایبەتیتره، پاکترین و باشترین |
| ١٢-ئابرەونده = ئابرونته | له هەموو شتێکدا هەیه |
| ١٣- پروندا | پێوەندی به هەموو شتەوە هەیه |
| ١٤- ئان ئایاپ | ئەو نایابه، کەس یەو نابینێت |
| ١٥- هم ئایاب | ئەو هەموو کەس و هەموو شت دەبینێت |
| ١٦- ئادرو | ڕاستترین |
| ١٧- گیرا | دەستگیر |
| ١٨- ئاچم بێهۆ، | خۆی بۆ خۆی بووە، خودایه |
| ١٩- چمنا | هۆی هەموو هۆدارێکه، دروستکەری هەموو شته |
| ٢٠- سپنتا | هۆی پێشڕەویی، پیرۆز، پاک |
| ٢١- ئافزا | زیادکەر |

| | |
|---|---|
| ٢٢- ناشا | بەویژدان، گەشەپێکەر |
| ٢٣- پرورا | بەخێوکەر |
| ٢٤- پانە | پاسەوان، پەنا ، ئاگاداری |
| ٢٥- ئائین ئائینە | خاوەنی چەندین شێوە، لە هەموو جێگاو هەموو شتێکدا پێشرەوە |
| ٢٦- ئان ئائینە | شێوەی نیە |
| ٢٧- خروشیدوم | بێ نیازە |
| ٢٨- مینوتۆم | ڕوحانیترین |
| ٢٩- واسنا | لە هەموو جێگایەک ئامادەیە |
| ٣٠- هروسپ توم = هروسف توم | بۆنی گشتی |
| ٣١- همید = ئامید | هەموو ئومێدیان بەوە |
| ٣٢-هرنیک فرە | هەموو کردەوەیەکی ئەو باشە |
| ٣٣- هۆسپاس | شایانی سپاسە |
| ٣٤- بیش ترنا | ڕەنجلابەرە، ناخۆشی لابەرە |
| ٣٥- تروبیش | دەردلابەرە |
| ٣٦- ئانوشک | بێ مەرگ |
| ٣٧- فرشک | ئاواتدەر |
| ٣٨- پژوهندە = پژروهندە | شایانی لێکۆڵینەوەیە |
| ٣٩- خاوەر | ڕووناکی |
| ٤٠- ئاوەخشیا | پێشکەشکەرە، بەخشندەیە |
| ٤١- ئابرزا | گەورە |
| ٤٢- ئاستوە | پێشرەوی دەکات |
| ٤٣- ڕخوا | کۆڵنەدەرە، بێ نیازە |
| ٤٤- ورون | ئاگاداری هەموو دووریەکە |
| ٤٥- ئافریفتە | فریونادرێت |

| | |
|---|---|
| ٤٦- بفریفته | بێ فێڵە |
| ٤٧- ئادوای ئادوئی | یەکتا وبێ کەسە |
| ٤٨- کام رد | خاوەنی خۆشبەختیە |
| ٤٩- فرمان کام | بە ئارەزووی خۆی فەرمانئەدات |
| ٥٠- ئایختن ـ ئائیکتن (٣٤) | بێ هاوبەشە |
| ٥١- ئافراموش | هیچ شتێکی لەبیرناچێتەوە |
| ٥٢- همارنا = ئامارنا | ئاگاداری هەموو گوناهـ و چاکەیە و ئەیانژمێرێت |
| ٥٣- شنایا | هەموو شت ئەناسێت |
| ٥٤- ئاترس | بێ ترس و لەرزە |
| ٥٥- ئابیش | بێ ڕەنج وئازارە |
| ٥٦- ئافرازدم = ئافرازتوم | سەرفرازە |
| ٥٧- هم چون | هەمیشە یەکسانە |
| ٥٨- مینوستی گر | دروستکەری جیهانی بەهەشتە |
| ٥٩- ئامینوگر | دروستکەری جیهانی گینالەبەرە |
| ٦٠- مینونهفت | گیانی نەمر، تێکەڵ لەگەڵ ڕۆحدا |
| ٦١- ئادر بادگر | دروستکەری هەوایە لە ئاگر |
| ٦٢- ئادرنم گر | دروستکەری ئاگرە لە هەوا |
| ٦٣- باد ئادرگر | دروستکەری هەوایە لە ئاگر |
| ٦٤- یادنم گر | دروستکەری هەوایە لە ئاو |
| ٦٥- باد گل گر | دروستکەری هەوایە لە خاک |
| ٦٦- بادگر توم | دروستکەری گێژەڵوکەیە |
| ٦٧- ئادر کبریت توم | دروستکەری ئاگرە لە گۆگرد |
| ٦٨- بادگر جای | دروستکەری هەوایە لە هەموو جێگایەک |
| ٦٩- ئاب توم | دروستکەری ئاوە و سەرچاوەیەتی |
| ٧٠- گل ئادرگر | دروستکەری خاکە لە ئاگر |

| | |
|---|---|
| ٧١- گل بادگر | دروستکەری خاکە لە هەوا |
| ٧٢- گل نم گر | دروستکەری خاکە لە ئاو |
| ٧٣- گرگر | دروستکەری هەموو شتە |
| ٧٤- گراگر | دروستکەری دروستکەرانە |
| ٧٥- گراگرگر | دروستکەری ئەوانەیە کە شت دروستدەکەن |
| ٧٦- ئاگرئاگر | لەناوبەری لەناوبەران |
| ٧٧- ئاگرئاگرگر | لەناوبەری دروستکەری لەناوبەران |
| ٧٨- ئاگمان | بێگومانە |
| ٧٩- ئازمان | تەواوبونی بۆ نیە |
| ٨٠- ئاهواب = ئاخواب | بێ خەوە |
| ٨١- ئامیست هوشیار | هەمیشە هوشیارە |
| ٨٢- پشتوتنا | پاسەوانی گیانە، ئاگاداری گیانە |
| ٨٣- پدمانی | خاوەن پەیمانە |
| ٨٤- چیر | زەبەردەستە |
| ٨٥- فیرۆزگر | سەرکەوتووە = (فاتح) |
| ٨٦- ئاورمزد | دانای بێ هاوتا و بنەڕەتە |
| ٨٧- خداوند | خواوەندە |
| ٨٨- ئابرین گهان توان | هێزی جیهانی سەرەوەیە |
| ٨٩- ئابرین نوتوان | هێزی تازەکەرەوەی جیهانی سەرەوەیە |
| ٩٠- وسپان | نیگابانە |
| ٩١-وسپ ئار | دروستکەری هەمووە |
| ٩٢- ئاهو | فەرمانڕەوای جیهان |
| ٩٣- ئاوخشیدار | بەخشندەیە |
| ٩٤- دادار | دروستکەرە |
| ٩٥- ڕایومئد | ڕووناکیە |

| | |
|---|---|
| ٩٦- خروهمند | گەورەیە |
| ٩٧- کرفەگر | کرداری باشەیە |
| ٩٨- داور | دادوەرە |
| ٩٩- بوختار | ڕزگارکەرە |
| ١٠٠- فرشوگر | زیندوکەرەوەیە |
| ١٠١- هدهە | خۆی لە خۆی دروستبووە |

## سەرچاوەکانی ئەم بەشە


١- میدیا ـ ئی. م. دیاکونۆف، گۆڕینی لە فارسیەوە بۆ کوردی بورهان قانع. چاپی یەکەم ساڵی ١٩٧٨. ل٧٨.

٢- مقدمه فقه اللغه ایرانی ـ ای. م. ارانسکی. ترجمه کریم کشاورز. چاپ اول . ل ٦٥.

٣- هەمان سەرچاوەی یەکەم، ل ٧٩.

٤- هەمان سەرچاوە، ل٨٣.

٥- هەمان سەرچاوە، ل٨٥.

٦- هەمان سەرچاوە، ل ٨٩

٧- هەمان سەرچاوەی دووەم، ل٦٦

٨- هەمان سەرچاوەی یەکەم، ل ٥١٦

٩- هەمان سەرچاوە، ل ٥٢٣.

١٠- هەمان سەرچاوە، ل٥٢٨.

١١- هەمان سەرچاوە، ل٥٣٠.

١٢- هەمان سەرچاوە، ل٥٣٢.

١٣- هەمان سەرچاوە، ل٥٣٣.

١٤- اصل و نسب و دینهای ایرانیان باستان، تالیف عبدالعظیم رضائی. تاریخ انتشار زمستان ١٣٦٦. ل ١٤٥.

١٥- هەمان سەرچاوەی یەکەم، ل٥٣٦.

١٦- هەمان سەرچاوە، ل٥٥٠.

١٧- هەمان سەرچاوەی دووەم، ل٢.

١٨- هەمان سەرچاوەی چواردەیەم، ل١٤٥

١٩- هەمان سەرچاوە، ل١٤٦.

٢٠- بدانیم و سربلند باشیم، مژدهای از اموزشهای دین زرتشت، نوشته دکتور منوچهر منوچهرپور. ل٣٣.٧٠.

٢١- هەمان سەرچاوە، ل٣٥.

٢٢- هەمان سەرچاوە، ل٣٦.
٢٣- هەمان سەرچاوە.
٢٤- هەمان سەرچاوە.
٢٥- اویستا نامئه مینوسی ایین زرتشت، نگارش جلیل دوستخوا، از گزارش استاد ابراهیم پورداود. چاپ ششم ١٣٦٦. ل ١٣٧، بەندی ١.
٢٦- هەمان سەرچاوە، بەندی ١١.
٢٧- هەمان سەرچاوە، ل ٢٧٠، بەندی ١.
٢٨- هەمان سەرچاوە، ل ٢٧١، بەندی ٢.
٢٩- هەمان سەرچاوە، ل ١٣٧، بەندی ١.
٣٠- هەمان سەرچاوەی بیستوپێنجەمین.
٣١- زن در ایین زرتشت ـ کتایون مزداپور. چاپ اول، دیماه ١٣٧١، دیسمبر ١٩٩٢ المان. ل١٢. بەندی ٤، یەسنای ٤٥.
٣٢- هەمان سەرچاوەی چواردەمین، ل ١٨٦.
٣٣- هەمان سەرچاوەی چواردەمین، ل ٢٠٥.
٣٤- هەمان سەرچاوەی بیستەمین، ل١١١.



فروهر#

---

# پروانه: شناخت اساطیر ایران ـ جان هینلز، ترجمه ژاله اموزگار. سال ۱۳۶۸

**فروهەر** (١) #:

یەکەم کەسێک باش بیری کردەوە و یەکەم کەسێک گفتەی باشی کرد، یەکەم کەسێک کە ڕەفتاری چاکی بەجێهێنا، یەکەم (ئەتروپان ##)، یەکەم جەنگاوەر، یەکەم جوتیار، یەکە هێزی بەتوانا، یەکەم کەسێک فێری شت بوو، یەکەم کەسێک کە مرۆڤی فێرکرد، یەکەم کەسێک کە باوەڕی بە ئاین هێنا، یەکەم کەسێک توانا و ڕاستی و گفتەی بەهەشتیانە و گوێڕایەڵی بەهەشتیانە بوو، هەموو ئەو شتە باشانەی مەزدا دروستی کردووە، هەمووی بەڕاست زانیوە و لەسەری ڕۆیشتووە.

فروهەر(٢) کیومەرسی ### پاک ستایشدەکەین، یەکەم کەسێک کە گوێی بەگفتە و زانیاری ئاهورامەزدا دا، بنەماڵەی نیشتمانی ئاریای و نەژادی ئاریا لەو دروستبووە. ئێمە ستایشی فروهەری پاک و سپیتمان زەرتەشت دەکەین.

ئاهورامەزدا(٣) بە سپیتمان - زەرتەشتی ووت:

ئەی سپیتمان! ئەوەی لە هێز و توانا و ڕاستی و دروستی و پشتیوانی فروهەرەوە هەبوو بۆ یارمەتی، سەبارەت بە سەرکەوتوان و تواناداران و پاکان ئاگاداری کردم. دەڵێم فروهەری خاوەن توانا و پاکان، یارمەتی و پشتیوانی منی کرد.

ئەگەر فروهەری خاوەن توانا و پاکان(٤)، یارمەتی منی نەدایە - باشترین مرۆڤ و گیانلەبەران لەم جێگەیەدا نەدەمان و درۆزن و خراپەکاران جێگای خاوەن توانایان دەگرت و دەبوونە فەرمانڕەوا و جیهانیان پڕ لە درۆزنان دەکرد.

---

# فروهەر: یەکێکە لەو پێنج هێزە، لەو پێنج گاتەی مرۆڤایەتی کە پێش جیهان هەبووە و پاش جیهانیش هەر دەمێنێت. لە ئاڤێستادا وا بەدەردەکەوێت کە خاوەنی دەسەڵات و توانایەکی زۆرە. لە لاپەڕە ٢٣٨ ی ئاڤێستا - بەندی ١، باسی فروهرە تا لاپەڕە ١٥٨.

## ئاتروپان: پێشەوای ئاینی

### یەکەم کەسە کە دروستبووە، هەموو مرۆڤیش لەوەوە داکەوتووە، لە شانامەدا یەکەم پادشا بووە. بەڵام جەلیل دۆستخوا لە لاپەڕە ٢٩٣ی ئاڤێستاکەیدا دەڵێت: لە ئاڤێستادا هۆشەنگ یەکەم پادشا بووە.

**شیکردنەوە:**

فروشی یان فروهەر(٥)

فروهەر = فرە + وهر (ورتی)

شێوەی فروهەر: وێنەی پیرەمێردێکی باڵدارە، بەناوی فروهەرەوە، بەناونیشانی ئاینی زەرتەشتی ئەناسرێت، ئەم شێوەیە چەند هەزار ساڵە هەیە، لە نوسینی هۆز و میللەتە جۆربەجۆرەکانی کۆندا دەرئەکەوێت. بەشێوەی وێنە و بۆن لە نوسینی هەخامەنشیەکاندا لە سەروی وێنەی سەری پادشاکانەوە ئەبینرێت کە لە بەرد هەڵکەنراوە.

هەندێک لە زانایان و پشکێنەران و ڕۆژهەڵاتناسان بیروڕای جیاوازیان سەبارەت بەم وێنەیە هەیە و هەندێکیان ئەڵێن ئەمە وێنەی ئاهورامەزدایە.

بە باوەڕی زەرتەشتیەکان ، ئاهورامەزدا بێ لاشەیە و بە هیچ جۆرێک باوەڕیان بەوە نیە کە ئەوە ئاهورامەزدا بێت.

زەرتەشتیەکانی هیندستان و ئێرانیش ئەوەیان بە ناونیشانی سیمبۆڵ # (= نوێنەر یان نیشانە) ناسیوە، یەکەم کەسێک ئەوەی بە ناونیشانی سیمبۆڵ = فروهەر ناسی ، زانای پارسی ڕۆستەم جی کاما بوو.

شێوەی فروهەر شەش بەشە:

١- سەر،

٢- دەست،

٣- باڵ،

٤- بازنەیەک لە ناو شیوەکەدا،

٥- بەشی خوارەوە،

٦- دوو هۆنینەوەی تێکەڵاوی.

١- سەر: فروهەر هێزێکی ڕێگەنیشاندەرە، بۆ ئەوەی بیری لێبکرێتەوە و بە یادبێنرێتەوە، شێوەی فروهەر لە وێنەکەیدا لە یادمان بێت بۆ پەیڕەوکردنی، سەری پیرەمێردێکی بەساڵدا

---

# سیمبۆڵ = نوێنەر، ناونیشان، شێوە، نمونە، دروشم و ....هتد.

چووه، نیشانەی ئەم سەرەش یادبکرێتەوە کە ڕێگەنیشاندەری گەورە و مرۆڤی ئێمەیە.

٢-دەستی: دەستی بە شێوەی پاڕانەوە بۆ سەرەوە بەرزبۆتەوە، بۆ ئەوەی هەمیشە وەک ئەو دەست لە ئاهورامەزدا پان بکەینەوە، ئاشکرایە کە خودا جێگاوڕێگای نیە، بەڵام باوەڕی مرۆڤ وایە کە خاوەن توانا، ئاهورامەزدا لەسەرەوەیە.

٣- باڵی: باڵەکانی کراوەیە، نیشانەی هەمیشە ووریاییە، مرۆڤ باوەڕی بە سەربەرزی و پێشکەوتویە، ئەمەش شێوەی ڕێگەنیشاندەرییەتی. لە هەر باڵێکیدا سێ بەش هەیە، ئەمانەش نیشانەی: بیری باش، گفتەی باش و کردەوەی باشن. لەم ڕووەوە پێشکەوتن و سەرکەوتن لە ڕێگای ڕاستەقینەوەیە، کە بە بیری باش و گفتەی باش و کردەوەی باشەوەیە.

٤- بازنەی ناو شێوەکە: شێوەی بازنەکە کەمێک بەرەو خوارە، ئەمەش نیشانەی بێ کۆتایی هاتنی ڕۆژگارە، بەواتە هەرچی ئیش و کردەوەیەک لە ژیاندا هەیە، بەدەرئەکەوێت و دوای مردنیش هەر ئەمێنێتەوە. مەبەست لەوەیە کردەوەی باش ناشاردرێتەوە.

٥- بەشی خوارەوەی: لە سێ بەش پێکهاتووە، ئەوەش نیشانەی: بیری خراپ، گفتەی خراپ و کردەوەی خراپە. ئەمانە لە بەشی خوارەوەن و بەواتە خراپن ـ خراپە هەموو دەم لە ژێرەوەیە.

٦- دوو هۆنینەوەی تێکەڵاو: نیشانەی (سپنتامینو -کردەوەی باش) و ئەنگرە مینو(کردەوەی خراپ) لە بیری مرۆڤدا بەدەرئەکەوێت، کاری هەموو مرۆڤێکی زەرتەشتی ئەوەیە بیری باش بەدیبهێنێت و لە کاری خراپە دوورکەوێتەوە.

لە دەستی فروهەردا بازنێک هەیە نیشانەی ڕێز و پەیمانە، لە ناو زاناکاندا جیاوازی سەبارەت بە شێوەی فروهەر لە نوسینی هەخامەنشیەکاندا هەیە. هەندێک ئەڵێن: نیشانەی(شاهین)ە یان نیشانەی فەرمانڕەواییە. هەندێکی کە بە نیشانەی پاراستنی شاکانی دائەنێن، وەک لە سەرەتادا وتمان زەرتەشتیەکان بەو شێوەیە سەیری فروهەر، لەگەڵ هەر یەکە لە بەشەکانیدا ئەکەن.

## بەهەشت و دۆزەخ لە ئاینی زەرتەشتدا

ئاینی زەرتەشت سێ بنەڕەتی هەیە(٦)، ئەویش:

هومەت(بیری باش).
هوخت(گفتەی باش).
هورشت( کردەوەی باش).
زەرتەشتییەکان هەمیشە ئەم سێ بنەمایەیان ئەوتەوە، ئەمانەش بەرزترین ویژدان و خورەوشتی مرۆڤن. ئەو مرۆڤانەی ئەم سێ تایبەتمەندییەیان تێدابوایە، لای ئاهورامەزدا خۆشەویست ئەبوون و ئەچوونە بەهەشت. بە پێچەوانەی ئەمانەوە، وەک بیری خراپ، گفتەی خراپ و کردەوەی خراپ؛ ئەمانە هەموو لای ئەهریمەن خۆشەویست بوون.
بەلای ئاهورامەزداوە دۆزەخ جێگای خراپەکار و درۆزنە.
پێغەمبەری زەرتەشتیەکان هەر لە سەرەتای ئاینەکەیەوە بانگەوازی بۆ ئەم سێ شتە کرد، بۆ ئەوەی مرۆڤ لەسەری بڕوات و پەیڕەوی بکات.
**بەهەشت**: بە سێ نهۆم دانراوە، یەکەم ، لەناو ئەستێرەکاندایە و جێگای گفتەی باشە.
نهۆمی دووەم لە کەشکەشانی مانگدایە.
نهۆمی سێیەم لە کەشکەشانی سەرووتر و ڕۆشنایە.
ئەو مرۆڤانەی کردەوەی باشییان هەبووە، بەو سێ نهۆمەدا ئەڕۆن تا ئەگەنە بەهەشت. لە ئاڤێستادا - نهۆمی سێیەم بەناوی ئەنغرەرئوچە ناسراوە، بەواتە ڕۆشنایی بێ پایان.
ووشەی بەهەشت لە بنەڕەتدا بە ودهیشت و فردەوسی هاتووە، بەواتە ئەنگووهیشت، بەمانای باشترین ژیان یان باشترین جیهان، بارەگای گەورەی ئاهورامەزدا (عەرشی گەورە)، لە ئاڤێستادا بەناوی گرونمان و لە نوسینی فارسیدا(گرزمان)ی پێ دەڵێن. بەهەشت خۆشترین و باشترین جیهانە.
**دۆزەخ**: ئەمیش سێ بەشە:
بۆ ئەوانەیە بیری خراپ، گفتەی خراپ و کردەوەی خراپییان هەیە؛ پێی ئەڵێن دژمت، دوژخت یا دژورشت.
گوناهکاران، کە ئەگەنە سەر پردی چینوت(= وەک ئەوەی کە موسڵمانانان پێی ئەڵێن پردی سیرات)، ئەکەونە خوارەوە، یەکەم جێگە لەوێدا بیری خراپ و کردەوەی خراپە، پاش ئازار و هیلاکی و سەرلێشێواندن ئەگاتە قۆناغی چوارەم، کە پێی ئەڵێن ئەنغمرتمنگە. جێگای

ئەهریمەن و بە خانەماڵی درۆزن و درۆکەران ناوئەبرێت.

لە ئاڤێستادا ئەڵێت پاش مردنی مرۆڤ، لە بەیانی چوارەم ڕۆژدا، ڕۆح لە مرۆڤ جیائەبێتەوە، ئەگەر مردووەکە کردەوەی باش بووبێت، هەستی ئەو و ویژدانی ئەو لە شێوەی کچێکی زۆر جواندا لر پێش ئەوەوە بەرەو بەهەشت(فردەوس) ئەڕوات و لەسەر پردی چینون زۆر بە ئاسانی و ڕەوانی ئەڕوات و دەگاتە بەهەشت، کە هەمیشە گوڵ و گوڵزارەو هەموو جۆرە خواردنێکی خۆش و بەچێژ لەوێدا هەیە.

ئەوەی خراپەکار بێت، یەکێکی خراپەکار لەشێوەی پیرێژنێکدا بە جلوبەرگی ناشیرین و باڵایەکی نابوتەوە، کە ڕێگەنیشاندەری دۆزەخە، لە پێشیەوە ئەڕوات. پردی چینوت، کە بۆ چاکەکەران پان و بەرینە، بۆ خراپەکەران باریک و تیژئەبێت و لەسەر پردەکە ئەکەوێتە خوارەوە و بەسێ جێگادا ئەڕوات کە جێگای خراپەکارانە: ئەوەش بۆ بیری خراپ، گفتەی خراپ و کردەوەی خراپە، تائەگاتە جێگای چوارەم کە جێگای گوناهکار و درۆزنانە. خواردنی ئەوانە هەموو شتێکی تێکەڵی ژەهرە، هەموو خواردنەکان بۆهەناوییە، بە هەموو جۆرە شێوەیەک ئازار ئەدرێن و لەگەڵ دێو و خراپەکاراندا بەناخۆشی بەسەرئەبەن.

ئەگەر هاتوو کردەوەی باشە و خراپەی مرۆڤێک وەک یەک بێت، ئەوا ئەیبەنە جێگایەک بەناوی هەمیستگان، لەو جێگەیەدا نە خۆشی بەهەشت ئەچێژێت، نە ئازاری دۆزەخ.

پردی چینوت بۆ ئەوانەی کردەوەیان باشە، بە ئەندازەی نۆ یان بیستوحەوت تیر پان ئەبێت؛ بۆ گوناهکارانیش وەک دەمی تیغ باریک و تیژ ئەبێت. بە پردی (٧) چینوتیان ووتوە پردی پاداشت و لە هەندێک جێگادا بە چینود هاتووە.

هەموو ڕۆح دوای مردن سێ شەو و سێ ڕۆژ لە سەروو سەری مردووەکە ئەمێنێتەوە، لە ڕۆژی چوارەمدا لە لاشەکە دوورئەکەوێتەوە. بە پێی وندیداد، پردی چینوت سەرێکی بە چکات دایستیک و سەرەکەی تری بە ئەلبورزەوەیە، پردی چینوت پلەیەکی(= قولەیەکی) بەرزی دووسەد زەلامە و کەوتۆتە ناوەڕاستی جیهانەوە. بە قوڵایەکەی ئەڵێن: دائیتی، ئەو جێگایەیە کە ترازووی ئەیزتی لێیە. سەرێکی ئەو لە پێینی(داوێنی) کێوی ئەلبورزە و سەرەکەی تری لە سەرووی ئەلبورزەوەیە، کە لە ناوەڕاستیدا قولەی دائیتیە. دۆزەخ لەژێر ئەو پردەدایە.

## سەردانی زەرتەشت بۆ لای ئاهورامەزدا

زەرتەشت ئەڵێت(٨): من گەیشتمە جێگایەک، گیانی جۆربەجۆرم بینی، هەموو بەیەک شێوە بە خۆشی و باشی و پیرۆزییەوە وەستابوون، لە ئازەرم پرسی: ئەمانە کێن و بۆچی لێرەدا وەستاون؟ لە وەڵامدا ووتی: ئەمە جێگای وەستانی هەمووانی ناوە، هەموو ڕۆح(=گیان) لێرەدا ئەوەستن و چاوەڕوانی ئەوەن دووبارە بچنەوە ناو لاشەی داهاتووی خۆیان، چونکە ئەمانە کردەوەی باش و خراپیان وەک یەک بووە. لە بڵاوکەرەوەی حەوتدا: پاش ئەوەی بە جێگای ئەستێرەکاندا تێپەڕیم و بەرەو لای هومتەر(گفتەی باش) بەڕێکەوتم؛ لەم جێگایەیاندا پێشوازی لەوانە ئەکەن ، کە گفتەیان باش بووە.

من ئەمدی ڕووناکی لە گیانی پیاوچاکان دەرئەچوو، ئەوان وەک ئەستێرە گەشاوە بوون و جێگاکانیان خۆش و ڕووناک بوو. من لەسەروەرـ یەزدان(= ئاتور)م پرسی : ئەم جێگایە کوێیە؟ لە وەڵامدا ووتی: ئەمە جێگای ئەستێرەکانە، ئەو گیانانەی لێرەدان هینی ئەو مرۆڤانەن، کە لە جیهاندا نوێژیان نەکردووە، گاتایان نەخوێندۆتەوە، ژنیان لە موغەکان نەهێناوە، فەرمانڕەوا نەبوون- ئەمانە بەهۆی شتی ترەوە باشەیان بووە.

پاش ئەوانە بەرەو تەختی زێڕینی هومنە # ڕۆیشتم و هومنە دەستی گرتم و بەرەو بارەگای ئاهورامەزدا ## بردمی ئەورمزی### پێ ناساندم، بەخێرهاتنێکی گەرم و گوڕی لێ کردم و فەرمانیدا هەندێک جێگای ترم نیشانبدەن. بە ڕێگایەکی تاریک و زۆر ترسناکدا بردمیان، کە زۆر کەس لێیدا سەرگەردانە، تا گەیشتینە دۆزەخ، کە چاڵێکی زۆر قوڵ و ترسناک بوو، هەرچەند بەرەو خوارتر ئەبووینەوە، ئەوەندە تاریکتر و بۆگەنتر دەبوو. هەموو جۆرە جانەوەرێکی پیس و خراپی، وەک مێش و مەگەز و زەردەواڵەی تێدابوو. ئەم جێاگایە هەر سێ ڕۆژی بۆ ئەوانەی لەوێدان بە نۆ هەزار ساڵ دەچێت.

---

# هومنە: فریشتەیەکە ،کە دیارە وەک جوبرائیلە.

## و### ئاهورامەزدا و ئەورمز هەردوکیان ناوی خودان

* چوار شت لای زەرتەشتیەکان زۆر پیرۆزن، نابێت بەهیچ جۆرێک پیسبکرێن، ئەوانەش: ئاگر، هەوا، خاک و زەوی.

نابێت مرۆڤ لە سەرەتای مردنیا بخرێتە ناو ئاو یان ئاگرەوە، هەروەها وەکو پێشتریش باسکرا، نابێت بخرێتە ناو خاک - گۆڕ- ەوە.

نابێت جلوبەرگ لەناو ئاوی ڕەواندا بشۆرێت یان پیسبکرێت، خانووی دانیشتنی زەرتەشتیەکان لە چەند لاوە هەواکێش بووە(پەنجەرە) بۆ ئەوەی هەمیشە هەوای تێدا نەمێنێتەوە و پاک بێت.

لە ئاڤێستادا (٩) بەم شێوەیە باسئەکات:

فروهەری بەتوانا بە هاوکاری لەگەڵ مهر # و ڕۆشن ## و با ### دا بۆ هاوپشتی جەنگاوەران سەرکەوتنیان بەدەستهێنا.

لەبەرئەوەی فروهەری بەتوانا(١٠) بە هاوکاری لەگەڵ مهر، ڕۆشن و بادا سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، جەنگاوەران خاکی دوژمنانیان وێرانکرد.

ڕێز لە ئاردیسورئانا هیتای پاک ئەگرم(١١)، ڕێز لە هەموو ئاوی پاک دەگرم ، کە یەزدان دروستی کردووە.

ڕێز لە ئازەر####(١٢)کوڕی ئاهورامەزدا ئەگرم و ڕێز لە مز Mzدەگرم#####... جاری دووەم هەروا ئەڵێتەوە،.. جاری سێیەم ئەڵێت: ئەی ئازەری پاکی پشتیوانی جەنگاوەران، ئەی

---

#مهر : لە ئاڤێستادا فریشتەی ڕۆشنایی و پاسەوانی پەیمانە، خاوەنی دەشتی فراوان، مەبەست لە هەموو زەوی جیهانە کە لەژێر چاودێری ئەودایە.

## ڕۆشن: فریشتەیە، هاوکارو یاریدەدەری مهرە.

### باد: با ناوی فریشتەیە، پاسەوانی هەوایە.

#### ئازەر: ناوی فریشتەیە، پاسەوان و ئاگاداری ئاگرە.

ئازەر کە نوسراوە کوڕی ئاهورامەزدایە- لە شیکردنەوەدا وا هاتووە، وەک نزیکترین فریشتەیە، یان وەک ڕووناکی خودایە.

##### مز : فریشتەیە، یارمەتی مهر دەدات.

یەزدی پڕ سوود (= فەڕ)، ئەی یەزدی خاوەن چارە و دەرمان ڕێزت لێ ئەگرم، ڕێز لە ئازەری کوڕی ئاهورامەزدا ئەگرم.

ئاریەکان (١٣)پێش ئەوەی بێنە خاکی ئێرانەوە، لای ئەوان ساڵ دوو وەرز بووە: هاوین، حەوت مانگ و زستان پێنج مانگ؛ پێیان ووتوە هاوینی گەورە و زستانی گەورە. پاش هاتنیان بۆ ئێران ساڵ بۆتە چوار وەرز و بەشێوەی گشتی ساڵ ٣٦٥ ڕۆژ و شەش کاتژمێرە.

لە کۆندا لە ئێران ساڵ ١٢ مانگ بووە و هەموو مانگێک سی ڕۆژ بووە، بەم شێوەیە ساڵ ئەکاتە ٣٦٠ ڕۆژ و پێنج ڕۆژی کە بە ناوی پێنج ڕۆژی پەنجەوە ناوبراوە. لە کۆندا هەر ڕۆژە ناوێکی هەبووە. کە مانگێک ٣٠ ڕۆژ بووە. لە لایەن زەرتەشتیەکانی ئێستاش بایەخدارە.

وەرزەکان: بەهار، هاوین، پایز و زستان. لە فەرمانڕەوایی ساسانیەکاندا سەبارەت ئەو شەش کاتژمێرە زیادەیە بەم شێوەیەیان لێ کردووە، هەر ١٢٠ ساڵ جارێک ئەم شەش کاتژمێرەیان کۆکردۆتەوە و یەک مانگی کردووە بەسەر سەدوبیستەکەدا دایان ناوە، بەم شێوە ڕێکخستنە سەرەتای ساڵیان بە سەرەتای وەرزی بەهار داناوە، کە شەو و ڕۆژ بەرامبەر بە یەکن، ئەمەش تا داگیرکردنی عەرەب بەردەوام بوو. لە ڕۆژژمێری ئێرانی کۆندا ساڵ دوانزە مانگ و سێ ڕۆژ بووە، بەم شێوەیەی خوارەوە، تا ئێستاش لای زەرتەشتیەکان بایەخی ماوە، هەر ڕۆژە ناوێکی هەبووە، ئەو ناوانەش ناوی یەزد و فریشتەکانن، - ئەو یەزد و فریشتانە پارێزگاری ئەو ڕۆژانەیان کردووە.

* هاوین حەوت مانگ بووە و لە فەروەردینەوە تا کۆتایی مهر بووە.

* زستان پێنج مانگ بووە و لە یەکەمی ئابان تا کۆتایی ئەسفەند، ئێستا ڕۆژەکانی کەبیسە کۆتایی ساڵی سڕیوەتەوە، شەش ڕۆژ بە شەش مانگی یەکەمی ساڵ هاتووە.

**ناوی ڕۆژەکان (١٤) لە مانگدا**

| ناوی پارسی | ناوی ئاڤێستا | واتەکەی بە کوردی |
|---|---|---|
| ١-ئورمز = هورمز | Ahura Mazda | خواوەندی یەکتا و بێ هاوتا |
| ٢-بەهمەن(١٥) = وهمەن | Wahuma | بیری باش |
| ٣- ئاردی بەهەشت | Asha Wahishta | باشترین پاکی |
| ٤- شەهریوەر | Khashatra Wairya | پادشایەک کە مرۆڤ ئەیەوێت |
| ٥- سپندارمز | Spenta Armaite | لەخۆبردوو و میهرەبان |
| ٦- خورداد | Ha-Orvatata | تەندروستی و ڕێکوپێک. |
| ٧- ئەمرزاد | Ameretata | بێ مەرگی |
| ٨-دی بازەر | Dato sha | دادپەروەر، پەروەردگار |
| ٩- ئازەر | Athar | ئاگر |
| ١٠- ئابان | Apan | ئاو |
| ١١-خۆر | Havare Khshaita | خۆر |
| ١٢- ماه | Maongha | مانگ |
| ١٣-تیر | Teshtarya | تشترە = ئەستێرەی باران |
| ١٤-گوش | Geush | هەموو جڕ و جانەوەر |
| ١٥-دی بمهر | Datosha | دادپەروەر = دروستکەر |
| ١٦- مهر | Mithra | ڕووناکی |
| ١٧-سروش | Sraosha | فەرمانبەرداری |
| ١٨- ڕۆشن | Rashana | دادپەرست |
| ١٩- فەروەردین | Frawashi | فروهەر = فریشتە |
| ٢٠- وەرهەرام | Weretraghna | پیرۆزی |
| ٢١- ڕام | Ramar | خۆشی، شادی |

| | | |
|---|---|---|
| ۲۲-باد | Vata | با = هەوا |
| ۲۳- دیبدین | Dat | دادپەروەر، درستکەر |
| ۲٤- دین | Daena | ئاین، ویژدان |
| ۲٥- ئارد | Ashi(Wanghoi) | بەتوانا، داخواز |
| ۲٦- ئاشتاد | Arshtata | ڕاستی |
| ۲۷- ئاسمان | Asmana | ئاسمان |
| ۲۸- زامیاد | Zema | زەوی |
| ۲۹- مانترە سپند | Manthra-Spenta | وشەی پیرۆز، گفتەی پیرۆزی<br>ئاسمان |
| ۳۰- ئانارم = ئانیران | Anaghra Raocha | ڕۆشنایی بێ پایان |

پێنج ڕۆژەکەی تری ناویان

| | |
|---|---|
| ۱- ئاهنود | گەورەیی |
| ۲- ئاشتود | خۆشبەختی |
| ۳- سپنتمد | هێزی گەورە |
| ٤- وهوخشتەر | باش، چاک |
| ٥- وهشتواش | باشترین ئارەزوو |

لەلایەکی تردا وا هاتووە( ۱٦):

مانگ خاوەنی چوار هەفتە نەبووە - لەکاتی هاتنی عەرەبدا ئەوە دانرا. بەو پێنج ڕۆژە کە خراوەتە سەر ۳٦۰ ڕۆژەکە و بووە بە ۳٦٥ ڕۆژ. ئەو پێنج ڕۆژە، ئەم ناوانەی هەبووە، بەواتە بە هەمووی واووتراوە: ئەندەرگا، یهیزک، وهیزک و پێنج دزدراو.

**رۆژمێری زەرتەشتی -**

که بەناوی شەش ئەشاسپندان و شەش لە ئیزدانەکانەوە(١٧) ناونراوە.

ناوی مانگەکان

| مانگی پەهلەوی | فارسی کۆن | ئاڤێستایی | بەراوردکردنی لەگەڵ ڕۆژمێری مەسیحیدا | ئینگلیزی | فارسی نوێ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١- فەرورتین | فرورتی | فروشی | ٢١ مارس | مارت | فەروەردین |
| ٢- ئارتەوهیشت | ئارتەو هیشتە | ئاشەوهیشتە | ٢ ئاپریل | نیسان | ئاردی بەهەشت |
| ٣- هورودات | هروتات | هواورتات | ١٩ مای | مایس | خورداد |
| ٤- تیر | تیرا | تیشتریە | ١٩ ژوئن | حوزەیران | تیر |
| ٥- ئامرودات | ئامرتات | ئامرتات | ١٨ ئاوت | تەموز | ئامرداد |
| ٦- ست و نیر | خشترورية | خشترونیریە | ١٧ سێپتەمبەر | ئاب | شەهریوەز |
| ٧- میترد | میترا | میثرا | ١٧ ئوکتوبەر | ئەیلول | موهر |
| ٨- ئاوان | ئاپی | ئاپ(ابنان نبات ناهید | ١٦ نۆڤەمبەر | تشرینی یەکەم | ئابان |
| ٩- ئاترو | ئاتر | ئاتر | ١٦ دیسەببەر | تشرینی دووەم | ئازەر |
| ١٠- دین(دەی) | دئینا | دئنا | ١٥ ژانویە | کانونی‌یەکەم | دی |
| ١١- وهومن | وهومنش | وهومنە | ١٤ فەوریە | کانونی دووەم | بەهمەند |
| ١٢- ئاسپندار ست | ئاسندارمتی | سپنته ارمئیتی | | شبات | ئەسفەند |

**جەژن = جەشن** ( ١٨)

مانای وشەی جەژن، واژەی جەژن لە وشەی یەسنای ئاڤێستادا هاتووە، بەواتە ستایش و پەرستن.

جەژنەکانی ئێران لە کۆندا هەمووی بۆ خۆشی و شادی بووە. ستایشکردنی ئاهورامەزدا بە سروود ووتراوە. لە جەژندا سەردانی پیاوە ئاینیەکانیان کردووە، یارمەتی هەژاران و بێکەسانیان داوە.

جەژنەکان چۆن بووە:

١- جەژنی مانگەکان؛

٢- جەژنی سالانە؛

٣- جەژنی جۆراوجۆر.

جەژنی مانگەکان لە ئێرانی کۆندا بە پێی رۆژژمێر سالی خاوەنی دوانزە مانگ و ٣ رۆژ بووە، هەر رۆژێک لە مانگەکاندا ، کە ناوی وەک ناوی مانگەکە بوایە ئەبووە جەژن، بۆ نمونە نۆزدەیەمین رۆژ لە مانگی فەروەردیندائەبووە جەژن بەناوی فەروەردین.

هەروەها سێیەم رۆژ لە مانگی ئەردی بەهەشتدا ئەبووە جەژنی ئەردی بەهەشت، هەر دوانزە مانگ بەو شێوەیە بووە.

١- جەژنی نەورۆز (١٩):

لە یەکەم رۆژی سالدایە و یەکەم رۆژی فەروەردینە، هەروەها پێیئەوترێت هرمزد، کە ناوی پیرۆزی ئاهورامەزدایە، بەناوی جەمشید پادشای پێشدادی بەناوبانگە.

یەکێک لە تایبەتیە پیرۆزیەکانی نەورۆز ئەوەیە کە لە مانگی فەروەردیندا بووە؛ ئەو رۆژەیە کە مرۆڤی تیا دروستبووە. لەو رۆژەدا فریشتەکان بۆ دیدەنی پیاوچاکان ئەچن. پێش جەژن بە چەند رۆژێک خەلکی خۆیان ئامادەئەکەن، لەبەرئەوەی فریشتەکان لە شەوی نەورۆزدا دێن بۆ میوانداری، سفرە ئەرازێننەوە و ئاگر لە هەموو جێگایەکدا ئەکەنەوە.

٢- جەژنی شەشەمینی فەروەردین:

رۆژی شەشەمی فەروەردینەو رۆژی خۆردادی ناوە، ئەو رۆژەیە کە زەرتەشت لەدایکبووە. تا ئێستاش زەرتەشتیەکان لەو رۆژەدا جەژندەکەن و زۆر لەلایان پیرۆزە.

٣- گەهبار:

جەژنێکی گەورەیە، لەو ڕۆژەدا گفتە ( = کردن) هاتۆتەدی.

٤- تیر:

جەژنی ئاوپژانی ناوە، لەم ڕۆژەدا کە تیری ناوە لە مانگی تیردا، زەرتەشتیەکان ئاو بەیەکتردا ئەکەن ( = ئەپرژێن). بەو ڕۆژە ناسراوە ئێرانیەکان بەسەر تۆرانیەکاندا سەرکەوتن.

٥- مهر:

ئەم جەژنە لە ڕۆژی مهر ئیزدە، کە لە مهر مانگدایە. ئەو ڕۆژەیە ئێرانیەکان بە سەرۆکایەتی کاوەی ئاسنگەر بەسەر زوحاکدا سەرکەوتوون و فەرەیدوونی کوڕی ئابتین، کە لە بنەماڵەی جەمشید بووە کراوەتە پادشا.

٦- جەژنی سەدە:

جەژنی سەدە (٢٠) یەکێکە لە گەورەترین جەژنەکانی کۆنی ئێران. بە پێی لێکۆڵینەوەی کۆن لە دەیەمی مانگی بەهمەندایە، پێی ئەوترێت ئابان ڕۆژ پەنجاوپێنج ڕۆژ پێش جەژنی نەورۆزە، لە ڕۆژەدا بووە هۆشەنگ، پادشای ئێران ئاگری دۆزیوەتەوە.

جۆرە جەژنەکانی تر (٢٠):

لەبەرئەوەی کردگاری گەورە، ئاهورامەزدا زەوی و ئاسمانی بە شەش جار دروستکردووە، ناوی جەژنەکانیش هەروا شەشە، هەر جەژنەش پێنج ڕۆژ بووە. یەکەم جەژن: ناوی میدیوزرم بووە، کە لە چلوپێنجەمین ڕۆژی سەری ساڵەوە و پانزەیەمینی ئاردی بەهەشت دەستپێئەکات.

دووەم جەژن ناوی (میدیوشم)ە و لە سەدوپێنجەمین ڕۆژی ساڵدایە و لە پانزەیەمینی تیردا دەستپێئەکات.

جەژنی سێیەم ناوی (پتیەشهیم)ە و لە سەدوهەشتایەمین ڕۆژی ساڵدایە و لە سێیەمی شەهریوەردا دەستپێئەکات.

چوارەم جەژن (ئایاسرم)ە و لە دووسەدەمین ڕۆژی ساڵدایە و لە سێیەمی (مهر)دا دەستپێدەکات.

جەژنی پێنجەم ناوی (میدیارم)ە و لە دووسەدونەوەد ڕۆژی ساڵدایە و لە بیستەمی(دی)دا دەستپێدەکات.

جەژنی شەشەمیش ناوی ( همپستدم)ە و لە سێسەدوشەستوپێنجەمین ڕۆژی ساڵدایە و لە ڕۆژی پێنجەم، کە ناوی یهیزک یان پێنجەمی دزراودا دەستپێئەکات، و بەناوی گاتاوەیە.

ئاهورامەزدا یەکەم جار ئاسمان، دووەم جار ئاو، سێیەم جار زەوی چوارەم جار گیا، پێنجەم جار جانەوەران و لە شەشەمین جاردا مرۆڤی دروستکردووە.

**كراس و پشتوێن** (٢١):

كراس: نیشانەی دەرەوەی(= ڕووی) زەرتەشتیەكانە؛ كراێكی دەرەدامێنی سپی لە نۆ پارچە پێكهاتووە و بێ ئێخەیە، لە پەمۆ یان كەتانە، و پێی ئەوترێت پۆشینی بیری باشە.

پشتوێن: لە خوری دروستئەكرێت و# حەفتاودوو تاڵە و دەبێتە شەش بەش و هەریەكێك لەو بەشانە دوانزە تاڵە.

پشتوێن لەسەر كراسێك ئەبەسترێت و لە كاتی نوێژكردندا ئەیكەنەوەو ئەیبەستنەوە، بەمە ئەوترێت تازەكردنەوەی پشتوێن. لەكاتی بەستندا سێ پێچ ئەدرێت ـ هەر پێچێكی نیشانەی بیری باشە، گفتەی باشە و كردەوەی باشەیە.

پاشان چوار گرێی لێ ئەدرێت ؛ هەر یەكە لەو گرێیانە بریتین لە نیشانەی ئاگر، هەوا، خاك و ئاو، دوو گرێی لە پێشەوە و دوو گرێی لە دواوە لێ ئەدرێت.

هۆی لەبەركردنی كراس و بەستنی پشتوێن:

١- كراسی سپی نیشانەی پاكوخاوێنیە.

یەكەم پێچدانی پشتوێن : بیری باشە. دووەم پێچ نیشانەی گفتەی باشە. سێیەمین پێچ نیشانەی كردەوەی باشە.

چوارەمین جار بەیادهێنانەوەی چوار دەستوری گەورەی ئاینی زەرتەشتە، یەكەم گرێ یادكردنەوەی خوادیە، دووەم گرێ ئاینی مەزدیسنا پاك و بێگەردە. سێیەم گرێ ئاشو زەرتەشت لەلایەن ئاهورامەزداوە نێردراوە. چوارەم گرێ : باشبین و یارمەتیدەری هەمووان.

---

# حەفتاودوو نیشانەی یەسنایە كە حەفتاودوو بەشە.

**نوێژکردن:**

مەرج و کاتی نوێژکردن (٢٢) لە مەزدیسنادا بەم شێوەیەیە:

بۆ پەرستنی ئاهورامەزدا زەرتەشتییەکان، لە شەووڕۆژێکدا پێنج جار نوێژئەکەن؛ ئەوەش سوپاسکردنی خودا و یادکردنەوەی بیری باشە، گفتەی باشە و کردەوەی باشەیە. ئەو پێنج جارەش بەناوی پێنج فریشتەیە، واتە هەر نوێژەی ناوی فریشتەکەیەکی هەڵگرتووە:

نوێژی یەکەم ـ هاون:

لەکاتی دەرچوونی خۆرەوە هەتا نیوەڕۆیە.

نوێژی دووەم ـ ڕپیتون #:

کاتی ئەم لە نیوەڕۆیە هەتا کاتژمێری سێی پاش نیوەڕۆ.

نوێژی سێیەم ـ ئاوزین:

لە کاتژمێری سێی پاش نیوەڕۆوەیە تا خۆرئاوابوون و ئەستێرەبەدەرکەوتن.

نوێژی چوارەم ـ ئائیوی سروترم:

لە خۆرئاواوە هەتا نیوەشەو.

نوێژی پێنجەم ـ ئاشهەن:

لە نیوەشەوەوە تا خۆرهەڵاتن.

هاون، ڕپیتون، ئاوزیرن، ئائیوی سروترم و ئاشهەن پێنج فریشتەن کە ئاگاداری شەو و ڕۆژ دەکەن. هەر یەکێک لەوانە کۆمەڵێک ئیزدانی لەگەڵدایە...هتد.

**مەرجەکانی نوێژکردن:**

١- لەش لە کاتی نوێژدا لە هەموو جۆرە پیسیەک پاککرابێتەوە.

٢- جلوبەرگ لە هەموو پیسیەک وخوێن و شتی مردارەوەبوو پارێزراوبێت. نابێت نینۆک درێژ بێت.

٣- لەبەرکردنی کراس و پشتوێن.

٤- شۆردنی دەست و دەموچاو.

---

# ڕپیتون لە زستاندا ئەنجامنادرێت

٥- جێگای نوێژکردن و دەوروبەرەکەی لە هەموو جۆرە پیسیەک پاک بکرێتەوە ، تا چل هەنگاو بەلای کەمەوە تا ٣ هەنگاو پاک و خاوێن بێت.

٦- لەکاتی نوێژدا ڕوو لە جێگای پەرستن ( = قیبلە ) بکرێت.

نابێت جێگای نوێژکردن بەزۆر زەوتکرابێت ، یان بە پارەی دزی کڕابێت.

**دەستنوێژگرتن:**

دەست تا مەچەک (٢٣) و دەموچاو هەتا بناگوێ و ژێر چەناگە و ناوچاوان، قاچ هەتا قولەپێ سێ جار بە ئاوی پاک، زۆر باش بشۆررێت.

پاشان پاڕانەوەی دەست و دەموچاوشۆردن، کە ناوی (سروش)ە ئەخوێندرێت، بەتازەکردنەوەی پشتوێن و پاشان خوێندنی نوێژ، ئەگەر هاتوو لە جێگایەکدا ئاو نەبوو و کاتی نوێژکردن بێت: بە لەپی دەست سێ جار بە خۆڵێکی پاک لە زەوی لە بری ئاو بە دەموچاو و پشتی دەستدا ئەهێنرێت.

**جێگای پەرستن و ڕووتێکردن:**

لەبەرئەوەی خودا جێگای هەمیشەیی نییە، نوێژکردن و ڕووتێکردن ئەبێت ڕووە و هەموو ڕۆشناییەک ، وەک : خۆر، مانگ، ئاگر و چرا ..... هتد، بێت.

**نوێژی مەزدیسنا:**

( نوێژی یەکەم بە ئاڤێستایی)
خشنەترە ئاهورامەزدا
ئاشم و هو وە هیشتم ئاستی
ئاوشتا ئاستی ئاوستا ئاهمایی
هیت ئاشائی و هیشتائی ئیشم
(بە کوردیەکەی)
بەشادی ئاهورامەزدا و بەناوی خودای بەخشندەوە

بەخشندەی میهرەبان پاکی و ڕاستی باشترین چاکەیە و
مایەی کامەرانییە کامەرانی بۆ کەسێک کە ڕاست و خواستی
باشترین ڕاستییە

**نوێژی دووەم:**

( بە ئاڤێستایی)

خشنەترە ئاهورامەزدا یەتا ئاهو و ئی ریو
ئاتار توشی ئاشان چیت هچا و نگهو شی دزدا منگتهو
شیئون نیم ئا نگئوش مزدائی ـ خشترم چا ئاهورایی ئایم دریگو
بیو ددت واستارم

(بە کوردیی)

بەشادی ئاهورامەزدا، بەناوی خودای بەخشندە
بەخشندەی میهرەبان ـ کە ئەوە سەرداری جیهان (ئاهو) بەتوانا و لێهاتووە ـ هەر ئەوە سەرداری ئایین (ڕتورد).
بەهۆی پاکی و چاکی خۆی بەتوانایە دانەری بیری باشە (وهومن) نازناوی کەسێکە کە
بەرامبەر داخوازی مەزدا ڕەفتاربکات فەرمانڕەوای
ئاهورایی وێژەی کەسێکە کە دەروێشان و بێ نەوایان دەستگیرۆیی دەکات.

**نوێژی سێیەم:**

( بەئاڤێستایی)

ینگهە هاتم ئائیت یسن — بئیتی و نگهو فردا و ئاهورو
وئشا ئا شات هچایاونگ — همچا تسچا تاو سچا یزد مئید

( بەکوردیی)

مەزدا ئاهورا ئاگادارە لەو کەسەی ، چ پیاو چ ژن کە زیاتر و باشتر
بەشێوەی ڕاست ستایش ئەکات، ستایشی ئەو پیاو و ژنانە ئەکەین.

زەرتەشت پرسیار (٢٤) لە ئاهورامەزدا ئەکات:

ئایا بە چ جۆرێک ئەبێت گفتەی باش و بیروڕای باش و کردەوەی باش بەسەر ئەهریمەندا سەرکەوێت ؟ ئاگادارم کە مرۆڤ چۆن زیندووئەبێتەوە، ئایا ئەو سێ فریشتە گەورەیە کە گفتەی باش ، بیروڕای باش و کردەوەی باشن، بە چ جۆرێک ئەتوانن دادپەروەری لەسەر زەویدا بڵاوبکەنەوە؟

ئاهورامەزدا ئەڵێت: بە فەرمانی من و بە خواستی من گفتەی باش ، بیروڕای باش و کردەوەی باش بەسەر خراپەدا سەردەکەوێت.

زەرتەشت ئەڵێت: ئەی ئاهورامەزدای کردگار ! من ئەزانم کە تۆ بەتواناترینی هەمووانی، ئایا گفتەی باش ئەتوانێت ئەوانەی دژ بە منن و زیانم لێ ئەدەن لەناوبەرێت؟

ئاهورامەزدا، لە بەشی دوانزەدا وەڵام ئەداتەوە:

ڕزگارکەران کەسانێکن، کە گفتەی من بە باشی بەکاردێنن، دوای ئەوەی بەکردەوەی باش بەسەر دوژمنەکانیاندا سەردەکەون. لە ڕاستیدا ئەوەیە ژیانی مرۆڤ بەستراوە بە گفتەی باش، بیری باش و کردەوەی باش #

---

# لێرەدا دەردەکەوێت کە چۆن ئاهورامەزدا و زەرتەشت زۆرجار ئەو سێ شتە پیرۆزە دووپات دەکەنەوە، کە مرۆڤ لەسەری بڕوات و تەنیا بەوە سەرکەوتن، خۆشی و بەختەوەریی بەدی دێ

## ئاهەنگی ناونانی منداڵی تازەلەدایکبوو

زۆر گرنگیان بە ناونانی منداڵ، بەبێ جیاوازی کوڕ و کچ، داوە. پاش چەند ڕۆژێک لەدوای لەدایکبوون ـ کۆمەڵێک لە خزم و ناسیاوان لەگەڵ پیاوێکی ئاینیدا بۆ ماڵەکە ئەچن، لەوێ پیاوە ئاینیەکە بەم شێوەیە بانگ بەگوێی ساواکەدا ئەدات( لەزمانی ساواکەوە ئەڵێت) :
هەرچی کردەوەی باشی ئەم جیهانە لە ئاهورامەزدای خودای خۆم ئەزانم، ئەو دروستکەری هەموو شتە، هەموو باشی لەوەوەیە، ئەو پیرۆزە، ئەو ناوەندی ڕۆشناییە و لەوەوە ڕۆشنایی دەرئەچێت. ئەو ئاسایشی جیهانی بۆ ڕاگرتووین.

من ئەمەوێت فریشتەی سپەنتا و ئارمانی لە ماڵماندا بێت، من درووود بۆ هەموو زەرتەشتیەکان ئەنێرم.

من ڕێزی بیروڕای باش ئەگرم، من ڕێز لە گفتەی چاک ئەگرم، من ڕێز لە کردەوەی باش ئەگرم، من ڕێز لە ئاینی پاکی مەزدا ئەگرم.

بەمەدا دیارە لە ئاینی زەرتەشتدا زۆر بایەخ بە (٢٥) پەروەردەکردنی منداڵ دراوە. ئەوەی بەباشی پەروەردەبکرێت، ئەتوانێت هەموو کارێکی باشە بکات، لە ئاینی زەرتەشتدا ـ ئەم ئەرکە گرنگەی خستۆتە سەر باوک و دایک. ئەگەر کاری خراپ لە لایەن منداڵەوە کرا ، ئەوە بۆ نەزانین و کەم تێگەیشتنی دایک و باوک ئەگەڕێتەوە و ئەوان لەوە بەرپرسیارن.

***سپەنتا مینو ـ ئەنگرەمینۆ :***

ئەم دوو هێزە لەسەرەتای دروستبوونەوە دووهێزی دژ بەیەکترین:

یەکەمیان لەگەڵ بیری باش، گفتەی باش و کردەوەی باشدایە و دووەمیان دژیەتی.

مرۆڤی دانا لە نێوان باشەکاندایە.

سپەنتا مینو = سپەنتا + مینو

|| ||

پیرۆز و ڕۆشنی باش خوو دانای } خووی باش

ئەنگرە مینۆ = ئەنگرە + مینو

|| ||

خراپەی ناپاک خوو } خووی خراپ " گنا مینو"

ئەنگرە مینۆ == ئەنگرمن == ئەهریمەن

لەسەر ڕۆشنایی و زانینی ئاینی مەزدیسنا لە کاتی لەدایکبوونی هەموو مرۆڤێکدا، دوو هێزی دژ بەیەک دێتەکایەوە، کە لەسەر پلە و بنەڕەتی دروستبوونی کرداری مرۆڤ بڕیارئەدات.

ئەم دوو هێزەش : هێزی باشە و خراپە یان سپەنتا مینو و ئەنگرە مینۆیە. لەم ڕووەوە مرۆڤ خۆی توانی بەلای سپەنتە مینۆدا بگرێت، ئەوە بەختەوەر و کامەران ئەبێت.

خۆ ئەگەر بەلای بیری ئەنگرە مینۆدا ڕۆیشت، بە پێچەوانەوە بەرەو ناخۆشی و بەدبەختی ئەڕوات.

کاری هەموو مرۆڤێکی زەرتەشتی ئەوەیە بە بیری باشە، گفتەی باشە و کردەوەی باشە دژی ئەنگرە مینۆ بێت و هەوڵی لەناوبردنی بدات، لە ئاینی زەرتەشتدا هاتووە کە ئەمە لەسەر هەموو پێویستە.

مرۆڤێک وەک سەربازێکی خۆبەختکەر بۆ لەناوبردنی خراپە تێ بکۆشێت. لای هەندێک وایە زەرتەشتیەکان دوو خودا ئەپەرستن.

لە بەندەگی کردندا، زەرتەشتیەکان بۆ یەک خودا بەندەگی ئەکەن و بێزاری لە دژەکەی دەرئەبڕن ـ وەک خودای باشە سپەنتا مینۆ و خودای خراپە ـ ئەنگرە مینۆ. بەڵام لە خولقاندا بروایان بە دوو خودا هەیە. بە باوەڕی زەرتەشتیەکان هەموو شت لە لایەن ئاهورامەزداوە

دروستکراوە. ئەوانەش وائەزانن دوو خودا ئەپەرستن بە هەڵەداچوون.

ئاهورامەزدا ، کە خوڵقێنەری هەموو شتێکی چاک و بە بەرەکەت و خێروبێرە. ئەهریمەن خوڵقێنەری هەموو شتێکی خراپ و شەڕە.

پەرستنی دوو خدای دژ بەیەکتر ـ دوولاپەرستنی پێ ئەڵێن:

دوو خودای دژ بەیەک کێن؟:

خودایەکی بەتوانا و خودایەکی بێتوانا

خودایەکی دارایی و خودایەکی بێنەوایی

خودایەکی تەندروستی و خودایەکی نەخۆشی

خودایەکی ڕووناکی و خودایەکی تاریکی

بەشێوەیەکی گشتی خودای باشەـ و خودای خراپەکاری، خودایەکی چاکە و میهرەبان ستایشکردن و لێپاڕانەوە بۆ ئەوە.

ئایا نوێژ و ستایش بۆ ئەهریمەن ئەکرێت؟ هەرگیز نا.

ئاهورامەزدا دروستکەری هەموو جیهان و هەموو شتە.

توانای بیرکردنەوەی بە مرۆڤ داوە، کە بەو شێوەیە دەتوانێت ڕێگای ڕاستی و خۆشی بگرێت، نەک ڕێگای خراپەکاری.

ئاهورامەزدا دروستکەری هەموو شتە (٢٦)




مرۆڤ بەدەست خۆیەتی کام ڕێگا هەڵدەبژێرێت

لە ئاینی زەرتەشتدا ماف بە هەموو مرۆڤێک دراوە و خۆی ئەتوانێت بە ئازادی ڕێگای خۆی هەڵبژێرێت. لە گاتادا هاتووە کە مرۆڤ بە ئازادی لەدایک ئەبێت و خۆی ڕێگای خۆی

دەستنیشان ئەکات (٢٧)، تەنانەت ئەوانەش کە باوەڕیان بە درۆ هەیە.

لەم ڕووەوە هیرتسفلد، ئالتهیم، گیکر، زهنر، لومل، جاکسون و میە بە ووردی باسی ئەم ئازادییەیان کردووە و )٢٨) ئەڵێن: ئەو ئازادییەی لە ئاینی زەرتەشتدا هەیە لە هیچ ئاینێکی تردا نیە.

## پزیشکی لە ئاینی زەرتەشتدا:

لە ئاینی زەرتەشتدا پزیشکی کارێکی زۆر بایەخدار بووە، پزیشک لە ئەنجامی تاقیکردنەوەدا ئەو پلەیەی وەرئەگرت، واتە بە چاککردنەوەی نەخۆش ـ ئەوانەش جۆرێکیان بە دەرمان و جۆری دووەم لە ڕێگەی نەشتەرگەرییەوە بووە.

لەم ڕووەوە پرسیار لە ئاهورامەزدا ئەکات کە چۆن مرۆڤ ئەبێتە پزیشک و بە چ جۆرێک. ئەگەر هاتوو نەخۆشێک لەژێردەستی پزیشکێکدا دەرنەچوو، بۆ جاری دووەمیش هەروا بێت ـ ئەوە بە کەڵکی پزیشکی نایەت.

ئەو مرۆڤە نابێت پزیشکی و نەشتەرگەری بۆ مەزداپەرستان بکات، ئەگەر ئەو کارەی سێ بارە کردەوە. بابزانێت کە زیانی گەیاندووە، چونکە نەزان دەرچووە، ئەو زیانەی کە کردوویەتی زانیارانە نەبووە ـ پێویستە سزابدرێت.

ئەگەر پزیشکێک (دەرمانگەرێک) بۆ یەکەمجار نەشتەرگەری دێوپەرستێکی کرد و چاکی کردەوە. و جاری دووەمیش و سێیەمیش هەر بەو شێوەیە بوو ـ ئەوە بۆ هەمیشە لێزانە.

واتە ئەو کەسانە بەتوانای خۆیان ئەتوانن وەکو پزیشکێک کاربکەن و مرۆڤ چارەبکەن، ئەتوانن کاری پزیشکی و نەشتەرگەری بکەن.

ئەگەر پزیشکێک ئاتروپانێکی # چارەکرد. ئەوە چاکەیەکە کە تەنیا بەشی ئەوەیە کە کردەوەی باشەی کردووە.

ئەگەر کوێخای دێیەکی دەرمانکرد ـ بەهاکەی مامناوەندییە.

---

# ئاتروپان: پێشەوای ئاینی.

ئەگەر سەرۆکی شارێکی دەرمانکرد ـ بەهاکەی زۆرترە.
ئەگەر پادشای دەرمانکرد ـ بەهاکەی گەردونەیەکی چوار ئەسپییە.
ئەگەر کەیبانووی پێشەوایەکی ئاینی چارەکرد ـ بەهاکەی ماکەرێکە.
ئەگەر کەیبانووی کوێخایەکی چارەکرد ـ بەهاکەی مانگایەکە.
ئەگەر کەیبانووی شارەوانێکی چارەکرد ـ بەهاکەی ماینێکە.
ئەگەر کەیبانووی پادشای چارەکرد ـ بەهاکەی حوشترێکی مێیەیە.
سێ جۆر رێگەی چارەسەری لای پزیشکەکان هەبووە:
١- نەشتەرگەری؛
٢- بە دەرمان؛
٣- بە پاڕانەوە لە یەزدان.

**ژنهێنان:**

له بەشی چوارەم، بەندی ٤٧ ی وندیدادا، ئاهورامـەزدا بە سـپـیـتـمـان زەرتەشت ئەڵێت: ئەوانەی ژنیـان نییـە، من ژنییـان ئەدەمێ. ئەوانەی مێـردییـان نییـە ، من مێـردیان ئەدەمێ ـ هەموو کۆمەکی ئەوانە بکەن کە کەم دەسەڵاتن، بۆ ئەوەی لەکاتی گەورەبوونیاندا ژن بێنن.

مارەکردن:

مارەکردن پێنج جۆرە:

١- ژن پادشای: بەوە ئەڵێن کە کاتێک کوڕ و کچ و دایک و باوکی هەردوولا ڕازی بن.

٢- ئیـوک ژن: بەوە دەڵێن کـە کـچـێک برای نیـیـە و باوکی هەیە. پاش ئەوەی شوودەکـات، یەکەم کوڕی خۆی بە باوکی ئەدات، بۆ ئەوەی باوکی کچەکە بێ کوڕ (= وەجاخکوێر) نەبێت.

٣-چاکەرژن #: ئەمە بۆ ژن و پیاوە، یان بـۆ بێـوەپیـاوە ــ پیاوێک لە ژنی یەکەمی منداڵی نەبێت، بەڕەزامـەندی ژنەکـەی، ژنێکی تر بێنێت؛ ژنە نـوێکەی وەک کـارەکـەری ژنی یەکـەمی ئەبێت و پێی ئەڵێن چاکەرژن، لەبەر ئەوەی ژنی یەکەمی بە پادشا ناوبراوە.

٤- خـودسـەرژن ##: کـوڕ و کچ لە تەمـەنی بیـست و یەک سـاڵیـدابن . بە بێ ڕەزامـەندی دایک و باوکیان بەیەکئەگەن، بۆ ئەم مەبەستە موندان مارەیان دەبڕێت. ئەم دوانە لە هەموو شتی ماڵەباوکیان بێبەش ئەبن. کچ لە تەمەنی شانزە ساڵیدا و کوڕ لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا، بەڕەزامەندی دایک و باوکیان ئەتوانن خێزان دروستبکەن.

٥- سترەژن ###: بەوە ئەڵێن ژن و پیـاو منداڵیـان نەبێت، منداڵێک لە خزم و کەسوکاری خۆیان ، کـە هەژار بن، هەڵئەگرنەوە و ئەیکەن بە منداڵی خـۆیان. ئەم منداڵە خـاوەنی هەموو مـافێکی ئەو مـاڵەیە. کـە منداڵیش بوو بە نـەوەی ئەو دایک و باوکـە بە دایک و بـاوکی ئەوە دائەنرێن کە ئەو منداڵەیان بەخێوکردووە، واتە ئەبن بە باپیر و نەنکی نەوەی منداڵەکەیان.

---

# چاکەر: کارەکەر، نۆکەر.

## خود: سەربەخۆ.

### سترە: نەزۆک.

لە ئاینی زەرتەشتدا جیابوونەوەی ژن و پیاو بەئارەزوو نیە، بۆیە باسی مارەیی دەکرێت.

**شێوەی ژنهێنان و شوکردن لەناو خزمدا:**

١- بۆ ژن: کوڕی مام، خاڵ، پور؛ کوڕی باوەپیارە، کوڕی باوەژن کە لەمێردێکی تر بێت، کوڕێک کە لەوماڵەدا بەخێوکرابێت ـ ئەمانە هیچیان نابێت.

٢- بۆ پیاو: هەروەک سەرەوەیە.

٣- بۆ ژن و پیاو: نێر و مێ لەگەڵ هەرکەسێکدا شیریان خواردبێت بە برا و خوشک دائەنرێن.

**جیابوونەوە یان وازهێنان:**

١- ژن و پیاو: هەر یەکێک لەمانە شێت بێت، یا خود ئەگەر هەر لە سەرەتاوە شێت بووبێت و لە دواییدا پێی زانرابێت، ئەوی تر بۆی هەیە جیابێتەوە.

٢- هەر کاتێک پیاوەکە لە پیاوەتی کەوتبێت، ژن ئەتوانێت جیابێتەوە.

٣- هەر کاتێک پیاو لە ماوەی سێ ساڵدا یارمەتی ژیاندنی ژنەکە نەدات، ژن بۆی هەیە جیابێتەوە.

٤- هەر کاتێک سەلمێندرا کە ژنەکە یان پیاوەکە داوێنپیسی کردوە، ئەوی تریان بۆی هەیە جیابێتەوە.

٥- هەر کاتێک ژن بەدەست پیاوەکەوە ئازاربچێژێت، ئەتوانێت جیابێتەوە.

٦- هەر کاتێک ژن سەرەڕۆ بێت و ڕەفتاری خراپە بکات و بە گوێی پیاوەکە نەکات، ئەوا پیاوەکە بۆی هەیە جیابێتەوە.

٧- هەر کاتێک پیاو بەدزی ژنەکەیەوە ژنی تر بێنێت، ئەوا جیابوونەوە(= تەڵاق)ی لە ژنە نوێکەی ئەکەوێت. هەمان شتیش بۆ ژنەکە ئەبێت.

٨- هەر کاتێک پیاو یان ژن واز لە ئاینی زەرتەشت بێنێت، ئەوا تەڵاقی ئەکەوێت.

**مارەبڕین:**

کۆمەڵێک لە پیاوی ناسراو، خزم و ناسیاو لەگەڵ موبد دا ئامادەئەبن ولە لایەن موبدەوە

پرسیار له بوک و زاوا و باوک و دایک سەبارەت بە ڕازیبونیان ئەکرێت. پاشان بەم شێوەیە موبد ئەپارێتەوە و ئەڵێت:

هەردووکتان شادمان و بەختەوەر بن و بە خۆشی و کامەرانی بژین، بەکردەوەی باش بەناوبانگ بن، بە گفتەی باشە و بیری باوە زیاتر بن، لە گفتەی باشدا باشبن، لە کردەوەی باشدا سەرکەوتووبن، لە هەموو بیری خراپ بەدووربن، باوەڕی تەواوتان بە مەزدیسنا هەبێت. لەگەڵ مرۆڤدا یەک دڵ و یەک زمان بن. لەگەڵ مرۆڤدا هاوڕێیان و دۆستانتاندا نەرم و لەسرەخۆبن. خۆتان بە گەورە دامەنێن و فیزتان نەبێت. ماڵی هیچ کەس بە ناڕەوایی مەخۆن. خۆتان بۆ ژیانی خۆتان هەوڵبدەن. لە درۆزن و درۆکەران دوورەپەرێزبن. پەیوەندی بە خراپەکارانەوە مەکەن. دژی هەژاران مەبن. دڵی دایک و باوکتان ڕابگرن.

دوای ئەمانە دەستی یەکتر ئەگرن و بە چواردەوری ئاگردا ئەسوڕێنەوە.

## سەگ لە ئاینی زەرتەشتدا:

لە کـــۆندا، پێش دەرکـــەوتنی ئاینی زەرتەشت(٣٠)، لەلایەن ئاریە کـــۆچەر و دەوارنیشینەکانەوە زۆر ڕێز لە ئاگر و سەگ گیراوە و بە پیرۆز دانراون، ئەمە کاری لە ئاینی زەرتەشت کردووە.

هرتل سەبارەت بەمە نوسیویەتی و ئەڵێت: مەراسیم و ئاداب بۆ سەگ، کە لە ئاڤێستادا بەدی دەکرێت، پاشماوەی دەوارنشینە کۆچەرەکانی کۆنە ماوەتەوە. لە گاتادا نەنوسراوە و باسنەکراوە، لە وندیداد دا سەگ خاوەنی ویژدان و گیانە، بە پێچەوانەی ئاژەڵی تر.

ئەگەر کەسێک سەگی ئاوی # بکوژێت، وشک ساڵیەکی زۆر خراپ و گرانی ڕوودەدات - لەبەر ئەمە و بە مەبەستی ئەوەی کارەساتی خراپ ڕوو لە زەوی نەکات، ئەبێت سێ شەو و سێ ڕۆژ بەرامبەر بە ئاگر پاڕانەوەی تایبەتی بخوێندرێت.

لە وندیداد دا هاتووە: پێنج گوناهـ زۆر گەورەیە. دوان لەو گوناهانە: لێدانی سەگی ئاوس و دانی ئێسقانی گەورە و ووردنەکراو بە سەگ. هێندە ڕێزی سەگ گیراوە، تەنانەت بەرامبەر بە مرۆڤ دانراوە، وەک کۆمەڵ و چینی پیاوە ئاینیەکان، شەڕکەران و جوتیاران تەماشاکراون.

ناوی سەگی گورگی ##، سەگی پاسەوان و سەگی ڕاو زۆر بەڕێزەوە هاتووە. دووهەزار قامچی سزای یەکێکە کە ئەگەر ژیشکێکی کوشتبێت: هەزاریان بە توندی و هەزاریان بە هێواشی، تەنانەت ئەگەر هاتوو بمرێت، ئەوەی کە ماوە بە هێواشی لێی ئەدرێت.

ئەگەر یەکێک سەگی پاسەوانی بریندارکات، بریندارئەکرێتەوە، ئەگەر هاتوو سەگەکە مرد ، ئەوا هەشت سەد قامچی توند و هەشت سەدی هێواشی لێ ئەدرێت

سزای کوشتنی سەگی پاسەوانی ماڵ یان توتکەسەگ و سەگی ڕاوی دووجار حەوت سەد دووجار پێنج سەد قامچیە.

بەڵام کەسێک ئێسقانی گەورە بە سەگی پاسەوانی یا سەگگورگ بدات، سزای خنکاندنە.

---

# سەگی ئاوی = سەگئاوە.

## سەگی گورگی = دوورەگە لە سەگ و گورگ Wolf-dog

ئەگەر یەکێک سەگی ئاوی بکوژێت(٣١)، بەوە سزا ئەدرێت کە: دەهەزار جار خشۆک بەسەر سکیدا بڕوات، وەک مار، بۆق (= قورباق)، دەهەزار مێروولە و دەهەزار مێرولەی بۆن ناخۆش و دەهەزار کرم و دەهەزار مێش و مەگەز (بەواتە هەتا ئەمرێت).

کیسەڵ: دێوێکە ڕۆژی هەزاران زیندەوەر ئەکوژێت، هەر کەسێک بیکوژێت ، لە گوناه و کردەوە و گفتەی پاکدەبێتەوە.

لەسەر پردی چینوات دوو سەگ وەستاون و پاسەوانن، ئەوانەی گوناهکارن بەشیوەن و گریان و هاوار داوای یارمەتیان لێ ئەکەن.

کاتێک کە یەکێک ئەمرێت ، دوو سەگی چوار چاو ئەبەنە ژوورەکەیەوە بۆ ئەوەی شەیتان لە ترسیان لەو جێگەیە ڕابکات و نەچێتە لەشی مردووەکەوە.

هرتل باوەڕی وایە کە پاش خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی وندیداد دەرکەوت کە سەگ لەگەڵ مرۆڤدا وەک یەک سەیر کراون و گرنگیەکی زۆری هەبووە.

لە وندیداد دا هاتووە: مرۆڤ لە جێگایەکی بەرزدا دائەنرێت، بۆ ئەوەی گیانلەبەری گۆشتخۆر و هەروەها باڵداری گۆشتخۆر گۆشتەکەی بخوات، بەڵام سەر و پێی مردوەکە باش ئەبەستنەوە، بۆ ئەوەی ئێسقانەکە نەگاتە، یان نەبرێتە ناو گژوگیا یان ئاو بۆ ئەوەی پیس نەبن.

لە وندیداد دا ئەڵێت: دێو دەیەوێت بچێتە ناو گیانی مردوەکە، لەبەر ئەوە سەگێکی سپی لامل زەرد نزیک لاشەی مردووەکە دائەنێن. لەو کاتەدا دێوەکە بەشێوەی سەگێکی توڕەیە و لەسەر چۆکە و دەمی بۆ دواوەیە، هەر کە سەگە سپیەکە ئەبینێت ڕائەکات.

### ئەنجامی ئەم بەشە

بەپێی زانایان و شارەزایانی ئاینی پێغەمبەری گەورەی ئاریەکان، زەرتەشت لەناو خاکی ماد و بلێین دەوروبەری دەریاچەی ورمێ لەدایکبووە و هەر لەوێشدا لە تەمەنی سی ساڵیدا بوون بە پێغەمبەریتی ڕاگەیاندراوە. هەر لەوێشدا کەوتۆتە بڵاوکردنەوەی ئاینەکەی و پەرتوکی پیرۆزی ئاڤێستای لە لایەن ئاهورامەزداوە بۆ هاتۆتەخوارەوە. واتە ئاڤێستا هەرچەند بوویێت، بەڵام هەر لەوێدا پەیدابووە ـ بەڕای من ئاڤێستا لەسەرەتادا کەم بووە.... هەرچەندە هەندێک ئەڵێن کە بە پێچەوانەوە زۆر گەورە بووە.... لە دواییدا گەورەبووە. پاش ئەوەی هەر لەو ناوچەیەدا کەوتە بانگەواز، لە لایەن پیاوانی ئاینی سەر بە ئاینی پێشتر دووچاری دژایەتییەکی زۆر توند و تیژ بووە. لە ئەنجامی هێرشی ئەواندا ناچاربووە بەرەو ڕۆژهەڵات کۆچبکات و پەنا بۆ گوشتاسپی پادشا و فەرمانڕەوای بەڵخ بەرێت و لەئەنجامدا گوشتاسپ نەک هەر بە تەنیا بێتە سەر باوەڕی بەڵکو ببێتە پشتیوان و یاریدەدەری. لێرەدا مەبەستمان تەنیا ئەوەیە کە ئاڤێستا لە ناوچەی ماد، جێگای لەدایکبوونی زەرتەشتدا نووسراوە.

بە پێی ئەو بەڵگانەی لەسەر نووسینی سەر بەرد و ـ تەختی جەمشید و زۆر جێگای تر، فەرمانڕەوایانی هەخامەنشی لەسەر ئاینی زەرتەشت نەبوون، ئەگەرچی لە نووسینەکانی داریوشی یەکەمدا، لە بێستون، زۆر بەڕێزەوە ناوی ئاهورامەزدا ئەهێنێت. جگە لەوەش هەموو پادشایانی هەخامەنشی گۆڕیان هەبووە، تا ئێستاش بۆ نمونە ئاگردانێکی گەورە بەرامبەر بە گۆڕی داریوش هەر ماوە، بەڵام لە سەر هیچ کامیان ناوی زەرتەشت نییە.

گوایە لە کاتی هاتنی ئەسکەندەر بۆ سەر ئیمپراتۆری هەخامەنشی و داگیرکردنی لە ساڵی ٣٢٣پ. ز. دا، دانەیەک لە پەرتوکی ئاڤێستا، کە لە کۆشکی تەختی جەمشیددا بووە، سوتاوە. ئەمەش زۆر ڕێی تێ ناچێت: لە ساڵی ٥٥٢ پ. ز. ەوە تا هاتنی ئەسکەندەر نزیکی دووسەد ساڵ ئەکات، و ئەگەر ئاڤێستایان لەبەر دەستدا بوایە، ئەبوو لەناو ئەو هەموو نووسینانەدا کەم تا زۆر باسێک لەسەر ئاڤێستا و زەرتەشت بنوسرایە. لە کۆندا هەر پادشایەک ئاینێکی نوێی پەسەند و پەیڕەوبکردایە، ئیتر فەرمانڕەوایانی خوار پادشا نەیان ئەتوانی بەرهەڵستی بکەن، خەڵکەکەش ئەچوونە سەر ئەو ئاینە، بەتایبەتی بە خواست و ئارەزووی

پادشا بوو‌بێت، نەک بەشەڕ و زۆر و داگیرکردن.

لە فەرمانڕەوایی داریوشەوە، ساڵی ٥٢٢ پ. ز تا ساڵی ٧٨ و ٥١ پ. ز.، کاتی فەرمانڕەوایی ولکش، پادشای پارتی و هەوڵدانی بۆ بوژاندنەوەی ئاینی زەرتەشت، دەنگوباسی ئاڤێستا و بوژاندنەوەی زۆر کەم بووە.

لە کاتی فەرمانڕەوایی پارتەکان، بەتایبەتی ولکش(یان بلاش) و دوابەدوای ئەوان فەرمانڕەوایی ساسانیەکان ماوەی چوار سەدە خەریکی کۆکردنەوە و نوسین و شیکردنەوەی ئاڤێستا بوون. ڕەنگە لە ئاڤێستا بنەڕەتیەکەدا بەشێکی مابووبێتەوە. موبدان، زانایانی ئاینی زەرتەشت و پاڵپشتی فەرمانڕەوایان، کە ئاینەکە بوو بە ئاینی ئیمپراتۆرییەکەیان، زۆر هەوڵی نوسین و کۆکردنەوەی پەڕەی پەڕپوتی ئاڤێستایان داوە و ڕەنگە کەم تا زۆر ، لەملاولاوە شتی تریشیان خستبێتە سەر. دەستوری ئاڤێستا بەیەکجاری لە سەردەمی شاپوری دووەمدا لە ساڵی (٣١٠-٢٧٩ ز.) جێگای خۆی گرت و بۆ سەر زمانی فارسی ناوەندی گۆڕدرا.

بەهاتنی عەرەب بۆ سەر ئیمپراتۆری ساسانی و بوونی ئاینی ئیسلام، زۆر بە توندی دژایەتی ئاینی ئاهورامەزدا = زەرتەشت ئەکرا. ئەوەی ویستیان بیکەن کردیان ـ بە کوشتن، ئازاردان، ڕاونان و لەناوبردن و سوتاندنی ئاڤێستا و هەرچی پەڕتوکی تری ئاینی زەرتەشتی هەبوو.

ئەوەش کە مایەوە، تەنیا ئەوە بوو کە ئەوانەی لە ترسی کوشتن و لەناوبردن لە ئێرانەوە بەرەو هیندستان کۆچیان کرد، بەتایبەتی پیاوە ئاینیەکان لەگەڵ خۆیاندا بردیان.

بۆیە لە ساڵی ١٧٥٥ تا ١٧٦١ ز. دا ئەنکتیل دو پرۆن لە فەرەنساوە بەرەو هیندستان ڕۆیشت و بە کۆشش و توانای خۆی توانی ئەو نووسینانە کۆبکاتەوە و پەرتوکێک بەناوی زەند- ئاڤێستا – دانەری زەرتەشت، بە زمانی فەرەنسی بڵاوبکاتەوە.

دوای ئەوەی لە ساڵی ١٨٢٦ ز. دا زمانناسی دانیمارکی ڕاسوس کریستیان ڕاسک، هەروەها (بۆرنۆف)ی فەرەنسی ١٨١٠-١٨٢٥ ز.زۆر شتیان بۆ ئەنکتیل ڕاستکردەوە.لە ساڵی ١٨٣٣ ز. دا بۆرنۆف بەرگی یەکەمی لە ڕوونکردنەوەی یەسنا بڵاوکردەوە. دوابەدوای ئەوانە بەزمانەکانی تر و بە فارسیش بڵاوکرایەوە.

لە سەدەکانی حەوتەم و شەشەمی پ. ز. دا، لە سەر خاکی مادەکاندا باونەبووە مردوو لە

دەرەوە دابنرێت، تا جانەوەر و باڵداری گۆشتخۆر گۆشتەکەی بخوات و پاشان ئێسکەکانی بخەنە ناو گۆڕەوە. بە پێچەوانەوە گۆڕ هەبووە و مردوو خراوەتە ناو گۆڕەوە. ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت کە لەو دەمەدا ئاینی زەرتەشتی لە ناوچەی ماددا بڵاونەبۆتەوە.

لە هەموو نووسینەکاندا ڕوونە کە ئاهورامەزدا لە کەس نەبووە و کەسیشی لێ نەبووە؛ دروستکەری هەموو شتە. دەربارەی فریشتەکان، کە خاوەنی دەسەڵاتن، بە پێچەوانەی ئاینەکانی ترن. لە ئاینی زەرتەشتدا و لە ئاڤێستادا فریشتەکان کاربەدەستن و خۆیان ئیشەکانی خودی خۆیان ڕائەپەڕێنن، بە بێ وەرگرتنی فەرمان لە ئاهورامەزداوە: بۆ نمونە ئانا هیتا، چاودێر و پاسەوانی ئاوە. بەهرام یاریدەدەری جەنگاوەران و پاڵپشتیان ئەکات. مهر خاوەنی ڕووناکی و زۆر شتی ترە،، بەم شێوەیە هەموو فریشتەکانی تر دەسەڵاتدار بوون، بە بێ وەرگرتنی فەرمان لە ئاهورامەزداوە، بە ووردی کارەکانیان جێبەجێکردووە.

فروهەر لە زۆر وێنەی پادشاکانی هەخامەنشیدا دەرئەکەوێت. بە بڕوای من ، لە پێش ئاینی زەرتەشتدا بە خودایان داناوە، ئەگەرچی بە ووردی شیکراوەتەوە. هەرچەندە لە ئاڤێستادا لە لاپەڕە ٦٦ بەندی ٨٨ دا ئەڵێت: هەموو ئەو شتە باشانەی مەزدا دروستی کردووە، فروهەر بە ڕاستی زانیوە و لەسەری ڕۆیشتووە.

لە ئاینی زەرتەشتدا ئازادی زۆر هەبووە، خراپە و باشەی مرۆڤ بە دەست خۆیەتی، هیچ شتێکی نەخستۆتە سەر ئاهورامەزدا یان ئەهریمەن. مرۆڤ خۆی ئەتوانێت باشە بکات و باش بێت، هەروەها خراپەیش.

باشی مرۆڤ، کە ئەڵێت: گفتەی باش، بیروڕای باش و کردەوەی باش، دژایەتی خراپەکاران و درۆزنانە. واتە مرۆڤی زەر بە ئاینی زەرتەشت بە کردەوە ئەو شتە باشانە بچەسپێنێت، ڕاستی و سەرکەوتنی مرۆڤ دژی گفتەی خراپ، بیروڕای خراپ و کردەوەی خراپە.

لە ڕووی ئاینەکانی ترەوە ـ گوایە خودا بە شەش ڕۆژ ئاسمان ، زەوی ، ئەستێرە و هەموو شتی دروستکردووە، لە ئاینی زەرتەشتدا دەڵێت: ئاهورامەزدا بە شەش جار ئەوانەی دروستکردووە(لەوانەیە ساڵێک بێت).

پزیشکی تاقیکردنەوەی لەسەر بووە. ئەگەر دوو یان سێ جار نەخۆش لەژێر دەستی

پزیشکدا بمردایە، نەئەبوو هەتا هەتایە پزیشکی بکات. ئەمەش بۆ خۆی نیشانەی بایەخدانە بە زانین و زانیاری.

مافی ژن و پیاو لە ئاینی زەرتەشتدا وەک یەکە، بۆ شوکردن و جیابوونەوە هەردوو وەک یەکن. گوایە دەبێت تەنیا یەک ژن بێت.

بە باوەڕی من جیاوازییەک و چاوپۆشینێک هەبووە ـ دیارە بۆ هەژاران وابووە ـ بەڵام پادشاکانی ساسانی کە لەسەر ئاینی زەرتەشت بوون، هەر یەکەی پتر لە سەد ژن و سەدان کەنیزەکی هەبووە.

هەروەها میر و شازادە و ئەفسەرە گەورەکان هەر بەو شێوەیە بە سەدان ژن و کەنیزەکیان هەبووە... ئەبێت لەسەرەتای بڵاوبوونەوەی ئاینی زەرتەشتدا بەو شێوەیە بوو بێت و تەنیا یەک ژن بۆ هەژاران ـ کە بووە ئاینی دەوڵەت بە شێوەیەکی تر بووە و بەرژەوەندی دەسەڵاتدارانی تێدابووە.

## سەرچاوەکانی بەشی کۆتایی


١- اوستا نامئه مینوسی ایین زرتشت، ل ٢٦٠ - بەندی ٨٨

٢- هەمان سەرچاوە ، ل٢٥٩ - بەندی ٨٧

٣- هەمان سەرچاوە، ل ٢٣٨ - بەندی ١٠

٤- هەمان سەرچاوە، ل ٢٣٣ - بەندی ١٢

٥- بدانیم و سر بلند باشیم، ل ٥٣

٦- اصل و نسب و دینهای ایرانیان باستان، ل١٤٩

٧- هەمان سەرچاوە، ل١٥٣

٨- مزدیسنا و حکومت، تالیف جلال الدین اشتیبانی. نوبت چاپ سوم تابستان ١٣٦٧، ل٣٥٤.

٩- اوستا. جلیل دوستخوا، ل ٢٥٠، بەندی ٤٧

١٠- هەمان سەرچاوە، ل٣٤٣، بەندی ٤٨

١١- هەمان سەرچاوە، ل٣٤٢، بەندی ١٠

١٢- هەمان سەرچاوە، ل ٣٣٤، بەندی ٩

١٣- هەمان سەرچاوەی پێنجەم، ل٧٥

١٤- هەمان سەرچاوەی شەشەم، ل١٧٦

١٥- هەمان سەرچاوەی پێنجەم، ل٧٥

١٦- هەمان سەرچاوەی نۆیەم، ل ٣٣٤

١٧- هەمان سەرچاوە، ل٣٣٤

١٨- هەمان سەرچاوەی پێنجەم، ل٨١

١٩- هەمان سەرچاوەی شەشەم، ١٧٣

٢٠- هەمان سەرچاوەی نۆیەم، ل٣٣٥

٢١- هەمان سەرچاوەی پێنجەم، ل٤١

٢٢- هەمان سەرچاوەی شەشەم، ل١٥٥

٢٣- هەمان سەرچاوە، ل١٥٧

٢٤- ژان وارن ـ زرتشت چه مـيگويد، ترجـمـه عنايت الله شكيب پور. ليـسـانسـيـه زبان فرانسه - انتشارات سعيدی. یەسنای ٤٨، ل٢٢٥

٢٥- هەمان سەرچاوەی پێنجەم، ل٤٧

٢٦- هەمان سەرچاوەی نۆیەم، ل٣٣٦

٢٧- هەمان سەرچاوەی هەشتەم، ل ١٩٣

٢٨- هەمـــان ســـەرچاوەی نۆیەم، ل٣٢٠- بەندی ٣٦، بەندی ٣٧، بەندی ٣٨، بەندی ٣٩، بەندی ٤٠، بەندی ٤١، بەندی ٤٢، بەندی ٤٤

٢٩- هەمان سەرچاوەی شەشەم، ل١٧٨ -١٨٢

٣٠- هەمان سەرچاوەی هەشتەم، ل٣٥٥

٣١- هەمان سەرچاوە، ل٣٥٦.

## ئەو سەرچاوانەی بۆ نوسینی ئەم کتێبە بەکارهاتوون:

### به زمانی فارسی


١- تاریخ ایران، تالیف ژنرال سر پرسی سایکس. ترجمه محمد فخرداعی گیلانی - دنیای کتاب. تاریخ انتشار ١٣٦٦ ،چاپ سوم، جلد اول.

٢- کرد و پیویستگی نژادی و تاریخی او، رشید یاسمی. موسسه انتشارات امیر کبیر ، تهران ، ١٣٦٣.

٣- تاریخ اقوام و پادشاهان ایران پیش از اسلام- تالیف د. محمد جواد مشکور، استاد دانشگاه تهران.

٤- تاریخ باستان - حسن پیرنیا ، مشیر الدوله، سال انتشار ١٣٦٦ ، جلد اول.

٥- کرد و کردستان و توابع- ایه‌الله مردوخی، چاپ دوهم، جلد اول.

٦- اصل و نسب و دینهای ایرانیان باستان - تالیف عبدالعظیم رضائی. تاریخ انتشار زمستان ١٣٦٨.

٧-بدانیم و سر بلند باشیم، مژده‌ای از اموزش دین زرتشت - نوشته: د. منوچهر منوچهرپور. اسفندماه ١٣٥٧.

٨- بررسی از تاریخ ادیان کردان - پروفیسور توفیق وهبی. مترجم سیه جمال الدین حسین. سال ١٣٦١ ، چاپ اول.

٩- ایرانیان از زرتشت تا قیام های ایرانی - رضا اصفهانی. چاپ اول . سال ١٣٦٦.

١٠- اوستا ، نامه مینوسی ایین زرتشت - نگارش جلیل دوستخوا، از گزارش استاد ابراهیم پورداود، چاپ ششم ١٣٦٦.

١١- مقدمه فقه اللغه ایرانی - ای. م. ارانسکی. ترجمه: کریم کشاورزی ، چاپ اول ، ١٣٥٨.

١٢-کرمانشاهان کردستان - د. مسعود گلزاری، جلد اول.

١٤- ایران در عهد باستان تاریخ اقوام و پادشاهان پیش از اسلام - تالیف د. محمد جواد

مشکور، استاد دانشگاه تهران.
۱۵- ایران از اغاز تا اسلام - تالیف ر. گیرشمن، رئیس هیئه باستانشناس فرانسوی. ترجمه: د. معین، استاد ادبیات فارسی دانشگاه تهران. بنگا ترجمه و نشر کتاب تهران ۱۳٤٤.
۱٦- ازبکا تاریخ تا پزیرش اسلام - تالیف نادر بیاتی، باپیش گفتار د. محمد جواد مشکور، استاد دانشگاه تهران. چاپ اول، پایز سال ۱۳٦۷.
۱۷- زرتشت مزدیسنا و حکومت - نوشته مهندس جمال الدین اشتیبانی. تابستان ۱۳٦۷، چاپ سوم.
۱۸- کرد و کردستان - واسیلی نیکیتی. ترجمه محمد قاضی، بررسی از نظر جامعه‌شناسی و تاریخی.
۱۹- گزارش زادگاه زرتشت و تاریخ اساطیری ایران. چاپ اول، بهار ۱۳٦۹ - ۱۹۹۰، سوئد.
۲۰- زرتشت چه میگوید - ژان وارن. ترجمه عنایت الله شکیبانی پور، لیسانسه زبان فرانسه. انتشارات سعیدی.
۲۱-
۲۲- اخرینش نظر فیلسوفان اسلامی درباره ان ـ تالیف دکتر حسین خلیقی . انتشارات موسسه تاریخ و فرهنگ ایران ـ تبریز شهریورماه ۱۳٥٤.
۲۳- زن در ایین زرتشتی ـ کتایون مزداپور. چاپ اول دیماه - ۱۳۷۱ دیسمبر. ۱۹۹۲ المان.

**به زمانی کوردی**

۱- میدیا - ئی. م دیاکونوف، گۆڕینی له فارسیه‌وه بۆ کوردی ـ بورهان قانع. چاپی یه‌که‌م، ۱۹۷۸.
۲- لێکۆڵینه‌وه‌یه‌کی زمانه‌وانی ده‌رباره‌ی وڵاتی کورده‌واری - د. جه‌مال ڕه‌شید.

٣- کورد و کوردستان - محەمەد ئەمین زەکی. جلد ١- ٢-٣ سالی ١٣٥٠، ١٩٣١ز. انتشارات سیدیان مهاباد.
٤- نەژادی کەرد - ئو. ل. ڤیلچێڤسکی{ ڕەوتی مێژووی دروستبوونی میللەتی کورد، مۆسکۆ - لێنینگراد، ساڵی ١٩٦١}، ڕەشاد میران لە ڕووسیەوە کردویە بە کوردی ، ١٩٩٣، ستۆکهۆڵم.
٥- ئاڤێستا ، نامەی مەینەڤی ئایینی زەردەشت - بەشی یەکەم - نیگارکردنەوەی ئەنداز حەوێزی، ساڵی ١٩٩٢، چاپی یەکەم. سوید.

**بە زمانی عەرەبی**

١- دراسات الکردی فی بلاد سوبارتو - د. جمال رشید.
٢- العراق فی التاریخ - بغداد ١٩٨٣.

Kitêbxaneya Kurdî
Kurdiska Biblioteket/Kurdish Library
Stockholm/Sweden
7928

**ZARATHUSTRA**

(Zarathustras filosofi och lära)

av

**Abdulla Karadaghi**

På sydkurdiska

ISBN: 91-89014-08-1
Sweden 1997

**APEC**